ئیمام عبدالفتاح ئیمام

# ئەفلاتون و ئافرەت

لەعەرەبییەوە: ئەژین عبدالخالق

پێداچوونەوەی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

چاپی یەکەم
2007

## پێشکەشە بە مامۆستای یەکەمم ئازاد سوبحی

## پێشەکی:

ئەو پرسەی لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەخرێتە ڕوو بریتییە لەهەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە: ئایا ئەفلاتون بەڕاستی پالپشت و هاوکاری ئافرەت بووە؟ ئایا ئەفلاتون یەکەم فەلسەفەکار بووە بانگەشەی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بکات وەکو ئەوەی لەنێو زۆر کتێبی فەلسەفیدا باسکراوەو خۆاوەتە ڕوو؟ ئایا بەڕاستی پەیامبەری مافەکانی ژنان بووە لەنێو جیهانی کۆنداو پێش بزاڤەکانی ڕزگاری ژنان کەوتووە کاتێك بانگەشەی ئەوەیکردووە کە دەبێت لەنێو کونجیماڵدا بێتە دەر؟

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە هەندێك لێکۆڵەر بە مەتەڵێکی سەرسوڕهێنەری دەزانن، پێویستبوو لەسەرمان لێکۆڵینەوەکە بکەینە دوو پاژی گەورە: پاژی یەکەم لەبارەی ڕەوشی ژنانە لەنێو کۆمەڵگای یۆنانیداو لەدوو بەشدا باکگراوندی کولتووری ئەو جۆرە ژیانە دەخەینە ڕوو کە ئەفلاتون تێیدا ژیاوە، بۆیە لەبەشی یەکەمدا باسی سەردەمی قارەمانان دەکەین بەو میتۆلۆیایانەی کە تێیاندایەو ڕەوشی ژیان و گوزەرانی ئافرەت لەنێو ئەو میتۆلۆژیایانە کە خەونی مرۆڤن و زۆریش لەگەڵ ژیانی سەر زەویدا جیاوازی نییە.

کەچی لەبەشی دووەمدا باسی سەردەمی کلاسیکی دەکەین لەمیانەی ڕەوشی ژیانی ئافرەت لە ئەسینا کە ئەفلاتون تێیدا لەدایکبووەو گەورە بووەو پەروەردە بووەو قوتابخانەی تێدا داناوە. دواتریش دێینە سەر ژیانی ئافرەتانی ئەسبرتە کە دەگووترێت گوایە ئەفلاتون زۆر پێی سەرسام و کاریگەر بووە.

لەکۆتایی ئەو پاژەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕەوشی ژیانی ئافرەت لەنێو کۆمەڵگای یۆنانی بەگشتی خراپ بووە، چونکە لە ئەسینادا لەنێو کونجی ماڵ زیندانی بووەو بۆی نەبووە بێتە دەرەوە بەبێ پەچە کە نیشانەی موڵکدارێتی تایبەتی پیاو بووەو کەسێك بۆی نییە دەستی بۆ ببات.

لە ئەسبرتەشدا لەمێینەی داماڵراوەو بۆتە ئافرەتێکی پیاوانە کە گوێ بەهەست و سۆزەکانی خۆی ناداتن تەنانەت ئەگەر هەست و سۆزی دایکایەتیش بێت، ئەوەش تاوەکو ببێتە ئافرەتێکی بەهێز و منداڵی بەهێزی ببێت تاوەکو دواڕۆژ ببنە ئەسپ سواری بەهێزو بەتوانا.

لەپاژی دووەمدا قسە لەبارەی هزرو بۆچوونی ئەفلاتون دەکەین لەبارەی ئافرەتان، ئەوەش لەسێ بەشدا:

**لەبەشی یەکەمدا:**

باسی ئافرەت دەکەین لەنێو دیالۆگی کۆمارداو قسە لەبارەی ئەو کۆمەڵگا ئایدیالییە دەکەین کە ئەفلاتون گەرەکی بووە دایمەزرێنێت. قسە لەبارەی ئەو پۆلە پاسەوانە هەڵبژێردراوە دەکەین کە بۆ بڕیارو دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمار هەڵیبژاردوون و دەستنیشانی کردوون و موڵکداریێتی لێ قەدەغە کردوون، چونکە پێی وایە سەرچاوەی ناکۆکی و ناتەباییە. دواتریش خێزان ونبوو، لەگەڵ نەمانی خێزاندا ڕۆڵی کلاسیکی ئافرەتیش نەماو لەناو چوو، چونکە ئەفلاتون پێی وایە ئافرەت بەشێکە لەکەل و پەلەکانی خێزان، خۆ ئەگەر خێزان بسڕدرێتەوەو ئیلغا بکرێتەوەو نەمێنێت، ئەوە ئافرەت ئەو ڕۆڵە سروشتییەی نامێنێت و ئازاد دەبێت، باشە ئەی ڕۆڵی نوێی چی دەبێت؟

لێرەدا ئەفلاتون ئافرەت دەداتە دەست پیاوێك تاوەکو فێری ڕاهێنان و هونەری جەنگی بکات وەکو پیاوان، لەو حاڵەتەشدا هەر وەکو ئەوانیش دەبێت تەواو ڕووت بێت بەبێ ئەوەی هەست بەشەرم و شوورەیی بکات، بەشێوەیەك لەنێوان پیاواندا گوزەران بکات وەکو ئەوەی پیاو بێت، تەنانەت جیاوازی نێوانیان هەر ئەوەندە بێت کە لەنێوان پیاوی کەچەڵ و پیاوی بەپرچ هەیە.

**لە بەشی دووەمدا:**

توێژینەوەیە لەبارەی ئافرەت لەنێو کتێبی (یاساکان)داو جەخت دەکاتە سەر هەمان پرسی پێشوو و جێگیری دەکات. لەو دیالۆگەدا ئەفلاتون ڕێگا بەگەڕانەوەی موڵکداریێتی دەدات، بەو شێوەیەش جارێکی تر خێزان سەرهەڵدەداتەوە. لەگەڵ گەڕانەوەی خێزاندا، ئافرەت جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەر وەزیفە کۆنەکەی خۆی کە بریتییە لەخێزاندناری و ماڵ بەڕێوەبردن. لێرەدا جیاوازی نێوان ئافرەت و پیاو لەنێو وەرزش و ڕاهێنانەکاندا دەردەکەوێت، لەنێو کارو فرمانی دەوڵەتدا، لەفێر بوونی مۆسیقادا، لەبەشداریکردن لەژیانی گشتی وڵاتدا، بەتایبەتیش کاری سیاسی، تەنانەت ئەفلاتون باسی یەك وەزیفەش ناکات کە بکرێت ئافرەت بیگرێتە دەست، جگە لەوەزیفەی سەرپەرشتیکردنی زەواج کە لەکۆمەڵێك پیرەژن پێکدێت، ئەوەش وەزیفەیەکە بەڕاستی پیرەژنەکانی ئەو کاتی ئەسینا پێی هەڵدەستان.

لێرەدا جارێکی تر دەسەڵاتەکانی باوك سەرهەڵدەداتەوە کە پێویستە لەلایەن ژن و منداڵەکانییەوە ڕێزی لێبگیرێت، چونکە ئەو بەمانای ڕەسمی وشەکە خاوەنی خێزانەکەیە، چونکە بۆ نموونە دەتوانێت کوڕێکی خۆی ببەخشێتە هەر کەسێك کە حەز بکات بەخێوو پەروەردەی بکات. جگە لەوەش، ئافرەت لەنێو ئەو یاسایانەی ئەفلاتوندا بەقاسر دادەنرێت و بۆی نییە میرات وەربگرێت و دەبێت بەدوای پیاوێکدا بگەڕێت بۆ ئەوەی

میراتەکەی باوکی پێبدرێت، هەروەها بۆی نییە بەئارەزووی خۆی و بەهەڵبژاردنی خۆی شوو بەکەسێك بکات، بەڵکو دەبێت کەسێکی وەسی هەبێت بەسەریداو ئەو کەسە کارەکە جێبەجێ دەکات و پیاوێك دەدۆزێتەوە تاوەکو ئافرەتەکە شووی پێبکات.

## لەبەشی سێیەمدا:

ئەو بەشە تایبەتە بەخۆشەویستی ئەفلاتونی و پێوەندی بەئافرەت، چونکە کەسانێکی زۆر پێیان وابووە خۆشەویستی ئەفلاتونی تایبەت بووە بەخۆشەویستی نێوان ژن و پیاو، ئەوەش شتێکە هەرگیز ڕاست نییە، چونکە لەنێو یۆنانییەکاندا هاوڕەگەزبازی باو بووە، بۆیە سەرەڕای ئەوەی ئەفلاتون هێرشی کردۆتە سەر ئەو جۆرە خۆشەویستییەو وا وەسفی دەکات کە سوکایەتیکردنە بەمرۆڤ و تەنانەت ئاژەڵانیش، بەڵام ئەو هێرشە لەبەرژەوەندی ڕەگەزی بەرانبەردا نەبووە، یا لەپێناو بەرگری نەبووە لەپێوەندی نێوان ژن و پیاودا، بەڵکو لەپێناو باڵاتر کردنی پێوەندی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی نێوان پیاوان بووە بەرەو ئاستێکی باڵاتر، بۆیە ئەو بەشە بەوە دەگاتە کۆتایی کە خۆشەویستی ئەفلاتونی هیچ پێوەندییەکی بەخۆشەویستی نێوان ژن و پیاو نییە، بەڵکو باڵاتر کردنی پێوەندی نێربازییە لەنێوان پیاواندا.

لەڕاستیدا ئەفلاتون ڕقی لەهەموو جۆرە پێوەندییەکی سێکسی بۆتەوە، چونکە ئەو بۆچوونەی لەگەڵ بنەما میتافیزکگییەکەی خۆی بۆ ڕق لێبوونەوە لەمادە یەکدەگرێتەوە، بۆیە ڕقی لەجەستە بۆتەوەو بەزیندانی ڕۆحی داناوە، بۆیە پێی وابووە پێوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاو هەر تەنیا دەبێت بۆ منداڵ بوون و نەوە خستنەوە بێت نەوەکو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کۆتایی بێت.

لەهەموو ئەو بۆچوونانەدا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە ئەفلاتون نەیتوانیوە لەنێو میراتی کولتووری یۆنانی دەرباز بێت و لەناخەوە دژایەتی زۆری ئافرەتی کردووە، بۆیە هەرگیز ڕاست نییە کە دەگووترێت گوایە یەکەم کەس بووە بانگەشەی ئازادی ئافرەتی کردووە، یا بانگەشەی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزی کردووە، چونکە قسەکانی لەبارەی یەکسانی لەنێو دیالۆگی کۆماردا خەڵەتێنەرن. ئەو قسانە بەسروشتی نەهاتوون، بەڵکو ئەنجامی ئیلغاکردنەوەی بوونی ئافرەت و گۆڕینی بۆ پیاو بووە لەئەنجامی ئیلغاکردنەوەی موڵکدارێتی و سڕینەوەو هەڵوەشاندنەوەی خێزاندا، بۆیە ڕۆڵی تەقلیدییانەی ئافرەتیش وەکو خێزانداری کۆتایی هاتووەو لەنەمادا شتێك نەماوە ناوی ماڵ و خێزان بێت. بەڵام کاتێك ماڵ و خێزان دەگەڕێنەوە، دەبینین ئافرەتیش دەگەڕێتەوە سەر هەمان ڕۆڵی تەقلیدیی جارانی خۆی.

بەو جۆرە دەینە ئەنجامێکی گرنگ، ئەویش ئەوەیە کە فەلسەفەی ئەفلاتون ڕەنگدانەوەی کولتووری دژایەتیکرن و ڕق لێبوونەوەیە لەئافرەت و بەڕوونی گوزارشت لەو مەسەلەیە دەکات لەسەردەمی خۆیداو بەتەواوی ئەو قسەیەی هێگل پێڕەو دەکات کە دەڵێت:" فەلسەفە کورتکراوەی سەردەمێکە لەنێو هزردا، چۆن

گەمژەییە پێمان وابێت تاك دەتوانێت سەردەمەكەی خۆی ببەزێنێت، ئاواش گەمژەییە پێمان وابێت دەشێت زەمانی تایبەتی فەلسەفە ببەزێنرێت".

ئیمام عبدالفتاح ئیمام
1995/2/28 كوێت

## پاژی یەكەم
## ئافرەت لەنێو كۆمەڵگای یۆنانیدا

**دەسپێك:**

ویل دیۆرانت سەرسوڕمانییەكی زۆر پیشاندەدات لەوەی كە چۆن شارستانییەتی یۆنانی بەو شێوەیە گەشەی كردووە، بەبێ ئەوەی ئافرەت پشكی تێدا هەبێت:" ئافرەتە شوكردووەكان لە شەوو ڕۆژێكدا لەنێو مێژووی یۆنانیدا ون بوون، وەكو ئەوەی چارەنووس ویستبێتی پاساوی ئەو كەسانە پووچ بكاتەوە كە دەڵێن پێوەندی لەنێوان ئاستی باڵای شارستانییەت و پلەو پایەی ئافرەتدا هەیە".

ژنان و كۆیلەكان، لەنێو كۆمەڵگای یۆنانیدا گرنگترین ئەو توێژانە بوون كە خرابوونە نێو هەندێك كەرتی تایبەتەوە، چونكە شوێنەكانی گوتاری سیاسی گشتی تەنیا بۆ ئەو كەسانە بوو هامووشۆی بكەن كە هاوڵاتی بوون و پیاویش بوون، بۆیە نەدەكرا ژنان و كۆیلەكان بچنە ناویەوەو ڕوویان تێبكەن، لەبەرئەوەی دەبووایە ئەو دوو توێژە لەبەرانبەر بڕیارو كاری ڕۆژانەدا بێدەنگی هەڵبژێرن. ئەو حاڵەتە بەیەكەوە لەهەردوو شاری ئەسیناو ئەسبرتەدا هەر وەكو یەك بوو، سەرەڕای ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەنێوان ئەو دوو شارەدا هەبوو.

بەڵام هەموو ئەوانە مانای وا نییە كە ئافرەت هەرگیز پشك و بەشی نەبووە لەژیانی یۆنانیدا، لەئەسینادا ڕۆڵێكی گەورەی هەبووە لەئیش و كاری نێوماڵدا، ئەو ماڵە پەراوێز خراوەی ناونرابوو ماڵی ژنان، كاری ئەو پەروەردەكردنی منداڵ و چنینی خوری و پاك كردنەوەو دروستكردنی جل و بەرگ بۆ خۆی و منداڵ و مێردەكەی. بەوەش بواری ئەوە بەپیاوە ئازادەكان درابوو ژیانێكی عەقڵی و كولتووری بەرز بۆ خۆی بژیێت.

ئەو هەموو کاتەی دەست بەتاڵی وای لێکردبوو توانای بەرهەمهێنانی ئەدەبی و فەلسەفی و کاری سیاسی هەبێت، پیاوی یۆنانی وا تەماشای ماڵی دەکرد وەکو ئەوەی شوێنێکی تایبەتە بەژنان، ئەو شوێنە شوێنی نا ئازادییە، ئەگەرچی ئەو ماڵە شوێنی بەرهەمهێنان و زۆربوونی منداڵیشە بەیەکەوە.

ئەوە زیندانێکی بەرهەمهێنەرەو تێیدا ڕێگا بەئافرەتان دراوە کار بکات و بەرهەمی هەبێت، بەڵام ڕێگای پێنادرێت لێی بێتە دەرەوە وەکو ئەوەی توکیدیدز دەڵێت:" دەبێت ناوی خانمی بێگەردی تێدا زیندانی بێت وەکو ئەوەی جەستەشی تێیدا زیندانییە".

زینۆفۆنیش پێشنیاری ئەوە دەکات قوفڵ و کلیلی تایبەت بخرێتە سەر دەرگای ئەو ژوورانەی تایبەتن بەژنان لەماڵەوە. ئەرستۆفانیش دەڵێت:" ئەوان سەگی دڕیان ڕادەگرت کە تایبەت بوون بەڕاوو شکار بۆ ئەوەی پارێزگاری لەئافرەتانی ماڵەوە بکات و پیاوە عاشقەکانیان بترسێنێت".

ئەو ڕەوشە نامۆیە بڕیاری خواوەندەکانەو مرۆڤیش جێبەجێی دەکەن، بۆیە زینۆفۆن دەڵێت:" پیاو بەپێچەوانەی دڕندەکانی دەشت و چۆڵ پێویستییان بەشوێنێك هەیە تێیدا پشوو بدەن و بەحەسێنەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێویستییان بەهەوای پاك و خاوێن هەیە. کەچی ئافرەت بەسروشتی خۆیان تەنیا بۆ کاروباری ناو ماڵ باشن، پیاو توانای بەرگەگرتنی ساردی و گەرمی و سەفەری دوورو درێژو خزمەتی سەربازی و کاری دەرەوەی ماڵیان هەیە. ئەوە بڕیاری خواوەندەکانەو یاساکانی مرۆڤیش جێبەجێیان کردووە، وا باشترە بۆ ژنان لەنێو ماڵەکانی خۆیاندا بن لەوەی لێی بێنەدەرەوەو پێچەوانەکەشی بۆ پیاو باشترو ڕاسترە. خۆ ئەگەر پیاو شتێك بکات لەژیانیدا پێچەوانەی قسەو فرمانی خواوەندەکان بێت، ئەوە سزای دەدەن لەبەرئەوەی فرمانەکانی بەجێ نەگەیاندووە و هەرگیز لێی خۆش نابن".

بەڵام ئافرەتی ئەسبرتەیی وەکو ئەوەی دواتر دەبینین، هاوشانی پیاو بەشدار بووە لەدروستکردنی منداڵ و پەروەردەکردنیان بۆ ئەوەی ببنە سوارچاك و بیان نێرنە بەرەکانی جەنگ. بگرە لەنێو ماڵیشدا کچەکانی خۆیان وا پەروەردە کردووە کە ڕەفتاری ڕەق و (پیاوانە) نوێنن و زەحمەتی زۆر ببینن تاوەکو بتوانن ببنە ئەو دایکە ئازایەی دەتوانێت منداڵی قارەمان بەرهەم بێنێت. ئەوەش مانای وایە کە ئافرەتی یۆنانی ئازاد بووەو بەشێوەیەك لەشێوەکان ڕۆڵی هەبووە لەبونیادنانی شارستانییەتی یۆنانی کاتێك لەشاری ئەسینا کاری ناوماڵی جێبەجێ کردبێت، یا لە ئەسبرتەدا ئەو کارانەی جێبەجێ کردبێت کە دەوڵەت بەسەریدا سەپاندووە، بەبێ ئەوەی لێرەو لەوێدا هیچ مافێکی هاوڵاتیبوونی هەبێت، بەتایبەتیش مافە سیاسییەکان، بەوەش لەشوێنگەیەکدا بووە لەنێوان کۆیلەو پیاوە ئازادەکاندا، نەکۆیلە بووەن نە ئازادیش.

بۆیە بیرو بۆچوونەکانی ئەفلاتون لەبارەی شوێنگەی ئافرەت، بەتایبەتیش لەنێو دیالۆگی کۆمارداو ئەو داوایەی بۆ بەیەکەوە ڕاهێنان و مەشق پێکردنی ژنان و پیاوان لەڕیزی پاسەوانان و بەشداری پێکردنی ژنان لەتەك پیاواندا لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، بانگەشەیەکی ئازایانەیە لەنێو سەردەمێکی تاریکدا، بەشێوەیەك گووتراوە کە

ئەفلاتون یەکەم فەلسەفەکار بووە داوای یەکسانی نێوان ژن و پیاوی کردووەو گرۆبیش وا وەسفی دەکات کە پەیامبەری مافەکانی ئافرەت بووەو بێزار بووە لەو جۆرە مامەڵەیەی ئەو کاتەی حکومەتی ئەسینا لەگەڵ ئافرەتاندا کردوویەتی، بۆیە دیۆرانتیش وەکو زۆر کەسی تر گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەفلاتون لایەنگرێکی بەهێزی مافەکانی ئافرەت بووە.

بەڕاستیش بابەتی ئەفلاتون و ئافرەت یەکێکە لەبابەتانەی بەگشتی لێکۆڵەرو توێژەران لەبارەیەوە ناکۆك و نا تەبا بوون، ئەوەش توێژەرێکی وەکو سۆزان ئۆکینی وا لێکرد وا وەسفی کێشەکە بکات کە مەتەڵێکی سەرسوڕهێنەرەو چارەسەر ناکرێت.

کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە چۆن فەلسەفەکارێکی وەکو ئەفلاتون توانیویەتی لەیەك کاتدا دوو ڕای ناکۆك و دژ یەك بدات، ڕایەکی پارێزگارانەو دژ بە ئافرەت کە ئاوەژووکراوەی ڕەوشی ئەو کاتەی کۆمەڵگای یۆنانی بووە کە ڕقی لەئافرەت بووەو بگرە دژایەتیشی کردووە، لەپاڵ ڕایەکی شۆڕشگێڕانەو ڕادیکالی کە دەگاتە ئەوەی ئافرەتان بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی دەسەلاتدارە فەلسەفەکارەکانی نێو دەوڵەتە ئایدیالییەکەی خۆی.

لەنێو ئەو لێکۆڵینەیەشماندا هەولدەدەت ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەو کێشەیەو هیوادارین بتوانین ئەو مەتەڵە چارەسەر بکەین کە سۆزان ئۆکین ئاماژەی بۆ دەکات. بۆیە لەسەرتادا دەبێت لەو باکگراوندە کولتوورییە بکۆڵینەوە کە ئەو کاتە کۆمەڵگای یۆنانی سەردەمی ئەفلاتون تێیدا ژیاوە تاوەکو بتوانین باشتر لەشوێنگەی ئافرەت تێبگەین و لەخۆشمان بپرسین کە ئەفلاتون توانیویەتی شتێکی تازە بخاتە ڕوو.

مەبەستیشمان لەباکگراوندی گولتووری، ئەو میراتە یۆنانییە مێژووییەیە جیاوازانەیە، مادام مێژوو نووسانیش ناکۆکن لەبارەی ئەو مێژووەو سەردەمانەو دەیکەن بەدوو سەردەمی جیاواز لەڕووی کولتوورییەوە، هەردوو سەردەمیش لەیەکتری نزیکن لەتێڕوانین و بۆچوونیان لەبارەی ئافرەتەوە، ئەو دوو سەردەمەش سەردەمی قارەمانان و سەردەمی کلاسیکییە، بۆیەش هەر ئاوا بەو شێوە لەدوای یەك دەیانخەینە ڕوو.

## بەشی یەکەم

## سەردەمی قارەمانێتی

ئەو سەردەمە زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سالانی نێوان (1000 ـ 1200)ی پێش زایینی، واتا ئەو سەردەمەی کە جەنگی تەڕوادە تێیدا ڕوویداوەو میتۆلۆژیا یۆنانییەکانی هۆمیرۆس و هزیۆد کۆنترۆڵی بیرو کولتووری یۆنانیان کردووە. باشە لەو سەردەم و کاتانەدا ڕەوش و پێگەی ئافرەت دەبێت چۆن بووبێت؟ دیارە لەو کاتانەدا ڕەوشی ژیانی ئافرەت زۆر سەخت و دژوار بووە.

ئەگەر تەماشای ڕەوشی ژیانی دەرەوەی ئافرەت بکەین، دەبینین سەردەمی هۆمیرۆس نزمترین ئاستی هەیە لەڕووی شارستانییەوە لەنێو شارستانییەتی یۆنانیدا، چونکە ژنان هیچ مافێکیان نەبووە، بەڵکو بەتەواوی لەژێر

کۆنترۆڵی پیاواندا بوون و بەردەوام لەنێو دڵەڕاوکێدا دەژیان و چارەنووسیان نادیار بووە. ڕەنگە ئافرەت هەبووبێت لەخێزانێکی دەوڵەمەندو خاوەن پێگەش بووبێت، یا تەنانەت شازادەش بووبێت، لەکاتێکدا دەیزانی کە ڕۆژێك پیاوێکی نەناسراو دێت و دەیباتە نێوماڵەکەی خۆی و وەکو کەنیزەك خزمەتکار مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

لەنێو ئەو سەردەمەدا پیاو بەتەواوی کۆنترۆڵی ڕەوشی ژیانی ئافرەتی کردبوو، نموونەی پیاوی سەرکەوتووش ئەوانە بوون کە ئازاو بەتوانا بوون و دەیانتوانی بەرەنگاری دوژمنان ببنەوەو بەرگری لەماڵ و خێزانی خۆی بکات لەبەرانبەر هێرشی پیاوەکانی تردا، بۆیە باشترین سیفەتی چاکەکاری بریتی بوو لەزیرەکی ئاوێتە بوو بەئازایەتی و تواناو دلێرەقی، تەنانەت خودی وشەی چاکەکاریش لەنێو زمانی یۆنانیدا لەوشەی پیاوەتی و خواوەندی جەنگەوە هەڵهێنجراوو وەرگیراوە.

پیاوی چاکەکاری ئەو سەردەمە ئەو کەسە نەبووە کە خاوەن لێبووردەو دەسپاك و خاوەن کەسایەتی بووە، بەڵکو ئەو پیاوانە بوون کە دەیانتوانی بجەنگێن و ڕوو بەڕووی دوژمن بووەستنەوە. هەروەها پیاوی خراپیش ئەو کەسانە نەبوون کە درۆزن و مەشروب خۆرو پیاو کوژ نەبووە، بەڵکو پیاوی ئاشتیخوازو ترسنۆك و لاواز بووە کە توانای جەنگ و کوشتاری نەبووە.

لێرەوە لەنێو ڕەوشێکی ئاوادا بێگومان ئافرەت لەنێو ژیانێکی سەخت و دژواردا دەبێت، چونکە هێز مانای مافەو باسکی بەهێزیش دەتوانێت ماف بەدەست بێنێت و بەرگری لێبکات، بۆیە پێویستە لەسەر جەنگاوەری ئازا لەبەرانبەر هێرشی داگیر کەرو تاڵانچیاندا بەرگری لەسەرو ماڵو سامانی خۆی بکات، لەکاتێکدا ئەو خۆیشی لەبەرانبەر گەل و نەتەوەی تردا هێرشبەرو تاڵانچی بووە.

بۆیە ڕەنگە ڕۆژێك شارەکەی دووچاری تاڵان و برین بێتەوە، کاتێکیش ژنەکەی بەتاڵان دەبرێت، پێویستە لەسەری ئەگەر نەیتوانی بەرگری لێبکات و زانی خێزانەکەی کەوتۆتە دەست بێگانەکان و لەوێدا دەبێتە کەنیزەك و خزمەتکاری دوژمنان، بەشمشێرەکەی کۆتایی بەژیانی خۆی بێنێت و ڕێگا نەدات لەنێو زەلیلیدا بژی.

ئەوکاتەش مادام ئافرەتان بەگشتی چەکدارو جەنگاوەر نەبوون و توانای بەرگریان نەبووە، ئەوە ناچار بوون بەتەواوی پشت بەهێزو بازوو و توانای پیاوان ببەستن بۆ پاراستنیان، ئەنجامی ئەو ڕەوشەش ئەوەیە ئافرەت دەبێتە ملکەچی پیاو.

لەواقیعدا هەر کۆمەڵگایەك بڕوای بەبیرۆکەی قارەمانێتی هەبێت، بەگشتی بەشێوەیەکی خراپ مامەڵە لەگەڵ ئافرەت دەکات و ڕێگا نادات ئافرەت بێتە پێشەوەن تەنیا ئەو کاتانە نەبێت کە هەڵوێستەکانی لەگەڵ پیاودا گونجاوەو دەچێتە نێو مەترسی و جەنگ و کوشتارەوە، دواتر ئەو ڕەوشەش لەنێو کۆمەڵگای ئەسبرتەییدا بەدی دەکەین.

جگە لەوانەش، پیاو هەر خۆی دروستکەرو بەرهەمهێنەری سامانی خێزان بوو، ڕاستە کۆیلەکان کاریان لەنێو کێڵگەو باخەکاندا دەکردن، بەڵام ئەو کۆیلانەش هەر بەشێك بوون لەموڵك و ماڵی پیاو، بۆیە زەوی و کۆیلەکانیش هەر هەمووی موڵکی پیاوان بووە، کەواتە هەر تەنیا پیاو سەرچاوەی داهات و سامانی خێزان بووەو هەمووشی هەر بەدەستی خۆیەوە بووە، مادام ئافرەتیش بەشێکە لەموڵك و ماڵی پیاو ئەوە بۆیە هەر وەکو هەموو شتەکانی تر پیاو خاوەندارێتی ئەویش دەکات. لێرەوە ڕەوشی ژیانی ئافرەت لەنێو کۆمەڵگای یۆنانیدا خراپتر دەبێتن چونکە لەسەردەمی قارەمانێتیدا ئافرەت وەکو موڵکی پیاو تەماشاکراوەو کاری ئەو تەنیا بەخێوکردنی منداڵ و پەروەردەکردنیان بووە.

پێش کەمێك گوتمان سەردەمی قارەمانێتی یۆنانی بریتی بوو لەسەردەمی میتۆلۆژیا یۆنانییەکان، ڕەوشی ئافرەتیش لەو سەردەمەدا بەو شێوەیە بوو کە خواوەندەکان بڕیاریان لەسەردابوو وەکو ئەوەی زینۆفۆن باسی لێوە دەکات، بۆیە پێویستە کەمێك لەسەر ڕەوشی ئافرەت بووەستین لەنێو خودی میتۆلۆژیاکاندا، بەتایبەتیش ئەگەر ئەوە بخەینە زەینی خۆمان کە یۆنانییەکان جۆرێك لەتێڕوانینی یەکانگیریان هەبوو لەبارەی دەسەڵات و سێکس و خوا، نێرو مێ لەنێو یەك ناسنامەدا، یا دەتوانین بڵێین ئەو بابەتانە زۆر بەتووندی پەیوەستی یەکترن. لێرەوەیە کاتێك فینیلی پێی وایە هۆمیرۆس بەتەواوی گوزارشت لەجیهانی کۆن دەکات لەتێڕوانیندا، کەواتە مادام کاری ئافرەت بە بەراورد لەگەڵ کاری پیاو لەئاستێکی نزمتردایەن ئەوە دیارە خودی پلەو پایەی ئافرەتیش لەنێو کۆمەڵگادا دەبێت لەئاستێکی نزمتر دابێت، چونکە کاری ئافرەت هەر تەنیا سێکس و منداڵ بوون و کاری ناوماڵە، کەچی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت بۆ پیاوان جێبهێڵرێت.

کەواتە باشە وێنەی ئافرەت لەنێو میتۆلۆژیا یۆنانییەکاندا کە هۆمیرۆس و هزیۆد گێڕاویانەتەوە چۆن بووە؟ بەڕاستی میتۆلۆژیا یۆنانییەکان وێنەی ئافرەتیان لەنێو ئاسمانیشدا هەر بەو شێوەیە وێناکردووە کە لەسەر زەویدا هەیە، کەواتە گوزارشتێکی ڕاست بووە لەخەونەکانی مرۆڤی ئەو کاتە.

خێزانی خواوەندی لەسەر چیاکانی ئۆلۆمپ بریتی بوو لەزیۆس و پێنج براکەی و شەش کوڕەکەی، دواتریش کوڕێکی تری هێرا کە بەتەنیا بووەو ناوی هیفاستۆس بووەو خواوەندێکی گۆج و ناتەواو بووە پێش تەواو بوونی کاتی سروشتی خۆی بەناتەواوی لەدایکبووەو خواوەندی گڕکانەکانە.

سەیر لەوەدایە کە زیۆس وەکو گەورەو سەروەری ئەو خێزانە خاوەنی هەموو ئەو ماف و ئیمتیازاتانە بوو کە پیاوی یۆنانی هەیبوو، چونکە زیۆس سەرەتا هێرای خواستوو کردیە خێزانی خۆی و ئاهەنگکەش لەسەر خاکی پیرۆزدا گێڕدراوەو هێرا بۆتە خانمی نێو ماڵی زیۆس و یارمەتی ئافرەتەکانی تری داوە تاوەکو بتوانن شوو بکەن و لەکاتی دووگیانی و منداڵ بوونیشدا هاوکاری و یارمەتی داون و پاڵپشتیان بووە.

لەکاتێکدا هێرا خۆی وەکو هەر ئافرەتێکی تری یۆنانی کۆمەڵێك کێشەی ڕۆژانەی هەبوو لەگەڵ زیۆسی گەورەی خواوەندەکان و خاوەنی خێزاندا، چونکە زیۆس سەرەڕای ئەوەی پێگەیەکی گەورەو ناوداریشی هەبووە، بەڵام

دڵسۆز نەبووە بۆ خێزانەکەی خۆی و شەرمی لەبەستنی پێوەندی نەدەکردەوە لەگەڵ ئافرەتانی تردا، بگرە کۆمەڵێك فرۆفێڵیشی بەکاردەهێنا تاوەکو ئەو کارانەی ئاشکرا نەبێت و زۆریش گوێی بەوە نەدەدا کە پێوەندییەکی لەگەڵ ئافرەتە خواوەندەکانەوەیە یا ئافرەت مرۆڤەکان، ئەوەی لەلای ئەو گرنگ بوو حەزەکانی خۆی تێر بکات.

بۆیە دەبینین هێرا لەنێو ڕەوش و ژیانێکی ئاوادا گرفتار دەبێت و زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان دەکات فرو فێڵ و گەمەکانی زیۆس ئاشکرا بکات و لەگەڵ ئافرەتاندا بیگرێت و تۆڵە لەو ئافرەتانە بکاتەوە کە پێوەندی لەگەڵیاندا هەیە، بەبێ گوێدانە پاساوەکانی ئەو جۆرە پێوەندییانە.

ئەوەی زۆرتر کاری هێرای سەخت و ناخۆشتر کردبوون توانای لەڕادەبەدەری زیۆس بوو بۆ خۆ گۆڕین و چوونە سەر شێوەی تر، تەنانەت زیۆس دەیتوانی بچێتە سەر شێوەی ئاژەڵانیش تاوەکو درێژە بەو پێوەندییانەی بدات بەبێ ئەوەی لەلای هێرا ئاشکرا بێت و دەسگیر بکرێت، بۆیە ئەستەم بوو هێرا بتوانێت دەسگیری بکات و کارەکانی ئاشکرا بکات.

بەڕاستیش زیۆس هەر تەنیا بەو جۆرە پێوەندییانە نەوەستان، بەڵکو پیاوێکی ژنخوازیش بوو و بەردەوام خەریکی ژنهێنان بوو، بەوەش یەکجاری هێرا گڕی گرتوو لێی زویر بوو و وای لێهات کاتێکی زۆرتر بۆ لەناوبردنی خێزان و منداڵەکانی تری تەرخان بکات، بۆیە دەبینین زیۆس دێت بەبێ پێوەندی سێکسی و لەڕێگای سەری خۆیەوە ڕاستەوخۆ کچێکی دەبێت کە ناودەنرێت ئەسینا، بۆیە خێزانە شەرعییەکەی زۆر لەوکارە تووڕە دەبێت، چونکە بەتەنیا بەبێ ئەنجامدانی کرداری جوتبوون و بەبێ بەکارهێنانی ئەو زیۆس چووە منداڵێکی بووە، بۆیە ئەویش هەوڵدەدات بەبێ ئەوەی پێویستی بەزیۆس بێت منداڵی ببێت.

لێرەدا لەنێو ئەو میتۆلۆژیایانەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە هێرا هەرگیز خیانەتی لەزیۆس نەکردووە، چونکە ئافرەتێکی زۆر دڵسۆز بووە بۆ ماڵ و مێردەکەی، مادام هێرا خواوەندی زەواجە، ئەوە بۆی نییە سەرجێگای مێردەکەی پیس بکات و کرداری جوتبوون لەگەڵ خەڵکانی تر ئەنجام بدات هەرچەندە مێردەکەی نا پاکیش بوو لەگەڵی، ئەوەش نموونەی باڵای ئافرەتی یۆنانییە.

بۆیە دەبینین هێرا لەنێو کۆڕو کۆبونەوەی خواوەندە نەمرەکاندا وەکو هەر ئافرەتێکی تر کە بەدەست خیانەتی بەردەوامی مێردەکەیەوە دەناڵێنێت، بەدەنگێکی بەرز هاوار دەکات:" ئەی خواوەندەکان گوێم لێبگرن، تەماشاکەن چۆن زیۆس شەرمەزارم دەکات و ئابڕووم دەبات، ئەوە یەکەم کەسە ئەو کارە ئابڕوو بەرانە ئەنجام بدات پاش ئەوەی من بوومەتە خێزانی و شووم پێکردووە. زیۆس، ئەی دڕندەی فریودەر، چۆن ئازایەتی ئەوەت کرد ئەسینا بێنیتە بوون؟ باشە من توانای منداڵ بوونم نییە؟! من منداڵم بۆ بەرهەم نەهێناوی؟! باشە ئەی من خێزانی تۆ نیم؟ من لەئێستاوە کار بۆ ئەوە دەکەم کوڕێکم ببێت لەنێو خواوەندەکاندا بدرەوشێتەوە،

ئەو کارە دەکەم بەبێ ئەوەی سەرجێگای ژن و مێردایەتی خۆم پیس بکەم. زیۆس، من لەمڕۆ بەدواوە لەگەڵت جووت نابم، بەڵام جێت دەهێڵم".

مۆتۆلۆژیا یۆنانییەکان باسی ئەوەش دەکەن کە زیۆس یەکەم خواوەند بووە هاوڕەگەزبازی و نێربازی هێناوەتە نێو یۆنان، چونکە زیۆس کچێکی زۆر جوانی هەبووە ناوی هێبە بووەو خواوەندی گەنجێتی بووە و لەلای زیۆس هەڵگری پێك و پەرداخی شەراب بووە، کاتێك هەرقەل دێت هێبە دەخوازێت و دەیکاتە هاوسەری خۆی زیۆس دڵگران دەبێت و بەدوای کەسێکی تردا دەگەڕێت تێی ڕابمێنێت و خۆشی بوێت، بۆیە دەچێتە سەر شێوەی بازێك و بەنێو یۆناندا دەگەڕێت تاوەکو کەسێکی تر بدۆزێتەوە بیکاتە هاودەمی خۆی.

لەو گەڕان و سووڕانەیدا، زیۆس شوانێکی گەنجی زۆر جوان دەبینێت کە ناوی جانمیدەو کوڕی پاشای تەروادەیەو لەچۆڵیدا خەوتووەو ڕوومەتەکانی نوری جوانیان لێ هەڵدەستێت، زیۆس بەئاگای دێنێت و لەگەڵ خۆیدا دەیفڕێنێت بەرەو چیای ئۆلۆمپ و لەوێدا دەیکاتە هاودەمی خۆی، لەبری ئەوەش کۆمەڵێك ئەسپی ڕەسەن و نایاب دەبەخشێتە باوکی کوڕەکە. لەڕاستیدا ئەفلاتون ئەگەرچی خۆیشی لەنێو هەردوو دیالۆگی یاساکان و فیدرۆس دا باسی ئەو چیرۆکەی زیۆس دەکات، بەڵام پێی وایە ئەوە چیرۆکێکە کریتییەکان دروستیان کردووە تاوەکو زۆیسی پێ شەرمەزار بکەن و بۆ خۆیشیان پاساوێکیان هەبێت تاوەکو نێربازی بکەن.

بەکورتی، زیۆس کۆمەڵێك خۆشەویستی هەبوو کە وەکو خێزانی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکردنن ئەوە لەپاڵ هێرای خێزانیدا. بەڵام پیاوێکی ناپاك بووە بۆ بەڵێنەکانی زەواج و کەسیش ئومێدی بەوە نەبووە ڕاستە ڕێ ببێتەوە، بۆیە لەکۆتاییدا هێرا ناچار بوو بەو ڕەوشەی ژیانی زیۆس ڕازی بێت.

ئەو ڕەوشە لەئاسماندا چۆن بووە لەلای خواوەندەکان، لەسەر زەویشدا بەهەمان شێوە بووەو یۆنانییەکان ئەگەرچی یەکێك بوون لەو گەلانەی بڕوایان بەتاك زەواجی هەبووە، واتا بڕوایان وابووە پیاو یا ژن دەبێت یەك هاوسەریان هەبێت، بەڵام زۆر گوێیان بەهاوسەرێتی نەدەداو چاوپۆشیان لەپێوەندییەکانی دەرەوەی زەواج کردووە کە پیاوان ئەنجامیانداوە. چونکە لەو ڕوانگەیەوە باوك خاوەنی هەموو شتێك بووەو بۆی هەبووە هەموو کارێکیش بکات، تەنانەت ئەگەر بیویستبووایە بۆی هەبوو منداڵەکانی خۆی لەسەر چیای ئۆلۆمپ بکاتە قوربانی، یا سەریان ببڕێت و بەقوربانی خوایان بکات.

ئەوەی لەبارەی زیۆسەوە خرایە ڕوون خواوەندەکانی تریش هەر بەهەمان شێوە بوون. بۆ نموونە، بۆزیدۆن کە خواوەندی دەریا بوو، ئەویش وەکو زیۆسی برای کۆمەڵێك ژنی هێناوەو کۆمەڵێکیش خۆشەویستی هەبووەو زۆر زەواجی لەگەڵ بووکەکانی دەریاو حۆرییەکان کردووەو کۆمەڵێك منداڵیشی لێیان بووە کە دواتر لەنێو میتۆلۆژیاکاندا ڕۆڵی گەورەیان هەبووە. هەروەها تریتۆنی کوڕیشی یەکێك بووە لەو خواوەندانەی کە بەزۆر دەستدرێژی کردۆتە سەر ئافرەت و کوڕان.

کەواتە لەنێو میتۆلۆژیای یۆنانیدا ئافرەت بێ دەسەڵات و لاواز بووەو هیچ مافێکیشی نەبووە، تەنانەت ئەگەر خواوەندیش بووبێت، ئەوەش ڕێك وەکو ڕەوشی ئافرەتی شارستانییەتی یۆنانی بووە، ئەگەرچی ئەو کولتوورە میۆتۆلۆژیاییە دوو جۆرە خواوەندی ئافرەتمان بۆ باس دەکات:

یەکەم: ئەو ئافرەتانەن کە ئەوەندە لاوازو بێهێز نین و خاوەنی ڕێزی تایبەتی خۆیانن، ئەوانەش سێ خواوەندی ژنن کە بریتی بوون لە ئەسینا و هستیاو ئارتمیس. ئەو سێ خواوەندە کچ بوون و شوویان نەکردووەو هەموو پیاوە داخوازیکەرکەکانی خۆیان ڕەت کردۆتەوە، بۆیە ئەسینا بۆتە خواوەندی پیشەی نێو ماڵ لەچنین و دوورین و کارەکانی ژنان بەگشتی لەنێو ماڵدا.

هستیا بۆتە خواوەندی ئاگردان کە دەتوانێت هەموو ئەو کەسانە بپارێزێت کە پەنا بۆ ئاگردانی پیرۆز دەبەن لەنێو ماڵدا، هەر بۆیەش ئافرەتانی یۆنانی دوای پێنج ڕۆژ لەمنداڵ بوونیاندا منداڵەکەیان بەدەوری ئاگردانی نێو ماڵدا دەسووڕاندەوە تاوەکو ئەندامێکی نوێی ئەو خێزانە بناسێنرێت و هستیا بیپارێزێت.

ئارتمیش دەبێتە خواوەندی ئاژەڵە بچووکەکانی کە منداڵان لەهەموو قەزاو بەڵایەك دەپارێزێك، بۆیە ناونراوە بەخواوەندی دایك، چونکە زۆر میهرەبانانە تەماشاکراوە. کەواتە ئەو سێ خواووەندە کچە خێزانی خوایی بوون و جێگای ڕێزی کۆمەڵگای خواوەندەکان بوون.

تێبینییەکی تریش هەیەو دەبێت ڕەچاوی بکەینن ئەویش ئەوەیە کە وشەی خواوەند لەنێو میتۆلۆژیا یۆنانییەکاندا بەتەواوی مانای سیفاتە مێینەیەکانی مرۆڤی نەدەبەخشی، چونکە مەزنترین خواوەندی ئافرەتی یۆنانی کە ئەسینا بوو، بۆیە ڕێزی لێدەگیرا چونکە خاوەنی کۆمەڵێك سیفەت و خاسیەتی پیاوانە بووە، ئەوەش بەڕوونی لەنێو هزرو بۆچوونی ئەفلاتوندا ڕەنگیداوەتەوەو دواتریش لەشوێنی تردا دەگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتە.

ئێستاش ڕەنگە هەر ئەوەندە بەس بێت چیرۆکی لەدایکبوونی ئەسینا لەنێو کەللە سەری زیۆس بخەینە ڕوو کاتێك کە زیۆس هەست بەسەر یەشەیەکی توند دەکات وەکو ئەوەی کەللە سەری خەریك بێت بتەقێت، دەبینین هیفاستۆسی خواوەند بەتەورێك لەناوەندی سەری دەدات و شەقی دەکات و ئەسینای خواوەندی لێ دێتە دەرەوە. ئەسینا لەکاتی یەکەم دەرکەوتنیدا وەکو کەسێکی ئاسایی نییەن چونکە هەر کە دەردەکەوێت جل و زرێپۆشی سەربازی لەبەردایەو دەستەکانی پڕ لەچەکن و هاواری جەنگی دەکات بەجۆرێك ئاسمان و زەوی دێنێتە لەرزین و هەموو خواوەندەکان دەترسێنێت و چیای ئۆلۆمپ دەهەژێنێت و دەریاش شەپۆڵ دەدات. کەواتە ئەسینا نموونەی ئافرەتی جوان و ناسك نییە، بەڵکو ئەسپ سوارو جەنگاوەرو قارەمانێکە بۆتە نموونەی پیاوی ئەو کات.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو سەریەشە توندەی کە زیۆس دادەگرێت بەرلەوەی ئەسینا لەدایك بێت، دەبینین میتۆلۆژیای یۆنانی بۆمان دەگێڕێتەوە کە زیۆس زۆر حەزی بەمیتس بووە کە یەکێك بووە لەخواوەندە ئافرەتە

توندو تیژەکانی ئەو کاتەو چەندین جار ئەو ئافرەتە خۆی لەدەست فرت و فێڵەکانی زیۆس دەرباز کردووە، بەڵام زیۆس کە خواوەندێکی زۆر فێڵباز بوون لەکۆتاییدا توانی لەدەرفەتێکدا دەستی بۆ ببات و میتس دووگیان بکات.

دوای ئەوەی میتس دوو گیان دەبێت، پڕوپاگەندەیەك بڵاو دەبێتەوە گوایە ئەو منداڵەی لەنێو سکیدایە کوڕ دەبێت و تەختی پاشای باوکی داگیر دەکات و باوکی خۆیشی دەکوژێت وەکو چۆن پێشتر زیۆس لەگەڵ باوکی خۆیدا کرۆنۆس وای کردبوو، بۆیە زیۆس بەو قسانە شڵەژاو ویستی بەهەر شێوەیەك بێت نەهێڵێت میتس ئەو منداڵەی ببێت، بۆیە بەقسەی خۆش خۆی لێ نزیك کردەوەو خەڵەتاندی، لەناکاو کاتێك میتس ئاگای لەخۆی نابێت، زیۆس دەوەگەورەکانی خۆی دەکاتەوەو قووتی دەدات و دەیخوات.

ڕۆژگار تێدەپەڕێت و زیۆس ئەو ڕووداوەی بیر دەچێت تاوەکو لەناکاو ئەو سەریەشە توندە دایدەگرێت کاتێك لەسەر لێواری دەریاچەی تریتۆن پیاسە دەکات و لەناکاو هەست دەکات خەریکە سەری بتەقێت و وەکو شێت هاتو هاواری بووەو نەیزانیوە ڕوو لەکوێ بکاتن ئەوە بوو هیفاستۆس دێت بەتەور سەری شەق دەکات و دەربازی دەبێت.

کەواتە شوێنگەی ئافرەت لەنێو میتۆلۆژیای یۆنانیدا شوێنگەیەکی پیاوانەیە، تەنانەت سیفەت و خاسیەتەکانیشیان زیاتر پیاوانەیە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی کولتووری کۆمەڵگای یۆنانی ئەوکاتەیە، بۆیە دەبینین هەندێك کەس بەهەڵەدا دەچن کاتێك باسی ڕەوشی ژیانی ئافرەتی یۆنانی دەکەن گوایە هەر کەسێك وێنە نەخشێنراوەکانی پاتنۆن بکات هەست بەبوونی توخمی مێینە دەکات، ئەوە لەکاتێکدا کە یۆنانییەکان ئەسینای خواوەندیان کردبووە پارێزەری شارەکەیان، بۆیە ناکرێت وا تەماشای ئافرەتی یۆنانی بکرێت گوایە لەپەراوێزدا بووە، لەکاتێکدا ئەو بۆچوونە تەواو هەڵەیە.

جۆری دووەمی ئافرەتان خواوەندی نێو کۆمەڵگای خواوەندە نەمرەکان بریتییە لە ئەفرۆدێت کە هەم کچ و هەم خۆشەویستی زیۆس بووەو لەهەمان کاتیشدا خواوەندی ئافرەتە سۆزانییەکانی ئەسینا بووە، تەنانەت ئەو خواوەندە لەدایك بوونیشی هەر بەشێوەیەکی سێکسی بووە لەنێوان دەریاو ئامرازی نێرینەی ئۆرانۆس کە خواوەندی ئاسمان بووە هاتۆتە بوون، بۆیە ئەفرۆدێت بەڕووتی لەنێو دەریادا دێتە دەرو زۆر ناسك و جوان و سێکسی دەبێت.

پێدەچێت کەسایەتی ئەفرۆدێتی یۆنانی هەر هەمان کەسایەتی عەشتاری خۆرهەڵاتی بووبێت کە خواوەندی بەپیتی ئافرەت و زەوی بووە بەیەکەوەو ڕەمزی خوولی سروشت بووە لەنێو ڕووەك و زەوی و سێکس لەلای ئافرەت و بەردەوام بوونی ژیان بووە لەڕێگای کاری سێکسییەوە. ئەفرۆدێت خواوەندێکی میزاجی بووەو خۆشەویستیشی زۆر بووەو پێوەندیشی زۆر بووە، ئەگەرچی ئەفلاتون پێی وایە دوو ئەفرۆدێت هەیە، یەکێکیان

ئەفرۆدێتی سەرزەوییەو ئەویتریشیان ئاسمانییەو ئەو خۆیشی لایەنگیری یەکەمیانەو دژی دوومیشەو دواتر دێینە سەری بەوردی ئەو باسە دەیخەینە ڕوو.

ئەفرۆدێتی ئاسمان خواوەندێکی وازیکەر بوون بۆیە کرابووە خواوەندی سێکس و سۆزانی پیرۆزو چیرۆکەکانیشی کۆتاییان نایەت. بەڵام لەسەر زەویدا، شاری ئەسینا دانی پێدانابوو بۆیە کاری سۆزانی لەو وڵاتەدا کرابووە کارێکی ڕەسمی و باج خرابووە سەر ئافرەتە سۆزانییەکان کە زۆربەیان ئافرەتانی بێگانە بوون و ئەو کارەیان بۆ دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەو پێوەندی بەگەورە پیاوانی شارەوە بکەن ئەنجام دەدا، بۆیە لەشفرۆشی لەئەسیناو زۆربەی شارە یۆنانییەکاندا کارێکی باش بوو خەڵکێکی زۆریش ڕوویان تێدەکرد.

لەو بەشەدا ماوەتەوە لەئاسمان دابەزینە خوارەوە بێینە سەر ژیانی مرۆڤەکان و بزانین پێوەندی نێوانیا چۆن بووەو خواوەندەکان چۆن مرۆڤیان دروستکردووە؟ هزیۆد لەنێو میتۆلۆژیای (کردارو ڕۆژگار) و (ڕەگەزی خواوەندەکان) دا دەگێڕێتەوە کە پۆمیتۆس یەکەمجار پیاوی دروستکردووە" کۆمەڵێك پیاوی دروستکردو لەسەر بەرزاییەکەوە سەرپەرشتی پیاوە چاکەکانی خۆی دەکرد، بۆیە بیری کردەوە نیعمەتێکیان پێ ببەخشێت، هات ئاگری پیرۆزی لەزیۆس دزی، ئەویش لێی تورە بوو و بڕیاریدا بەزنجیر بیبەستنەوەو زیندانیکرد". دیارە بەپێی میتۆلۆژیاکان پێشتر زیۆس لەپرۆمیتۆس تووڕە بووە، چونکە لەکاتی سوور کردنەوەی گۆشتی قوربانیدا کە پێشکەشی خواوەندەکان دەکرا، پرۆمیتۆس فێڵی لەزیۆس کردووەو لەبری ئەوەی گۆشتی پێبدات، بەزی پێداوە، ئەویش لەو کارەی پرۆمیتۆس تووڕە دەبێت و ئاگری لەمرۆڤ شاردۆتەوە.

مادام پرۆمیتۆس سزا درا، ئەوە دەبووایە ئەو پیاوانەش سزا بدرێن کە ئافرێدەکراوی ئەون، بۆیە ئافرەتی دروستکردو ئەفرۆدێتیش بەشێك لەجوانی خۆی پێداو ئەسیناش هات فێری کاری ناوماڵی کرد، ئەو ئافرەتەی کە ئافرێدەکرا ناوی پاندۆرا بوو.

میتۆلۆژیاکان دەگێڕنەوە کە هرمزی پەیامبەری خواوەندەکان پاندۆرای هەڵگرت و بردییە لای پرۆمیتۆس، بەڵام ئەو وەری نەگرت و ڕەتی کردەوە، بۆیە بردییە لای ئەپیتمۆسی برای، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە قبووڵی کرد. لێرەدا دەبێت ئەوەش بزانین کە ناوی پرۆمیتۆس بەمانای کەسێکی وردبین و زیرەك و دوور بین دێت، بۆیە ئەو پاندۆرا قبووڵ ناکات گوایە دەزانێت ئافرەت دووچاری ناخۆشی دەکات، بەڵام ناوی ئەپیتمۆس بەمانای کەسێکی عەجول و سەرکێش دێت، هەر بۆیەش ئەو قبووڵی کرد.

بەو شێوەیە دەبینین هزیۆد پرۆمیتۆسی عاقڵ وا پیشاندەدات گوایە ئەو پیاوی دروستکردووەن لەکاتێکدا وا پیشانی دەدات کە هیفاستۆس، ئەو خواوەندەی گووتمان سەقەت و ناتەواوو گۆجەن ئەو ئافرەت دروست دەکات. لێرە لەنێو ئەو میتۆلۆژیایەدا بەڕوونی دیارە کە دژایەتی و ڕق لێبوونەوە لەئافرەت چەندە ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی هەیە، چونکە تەنانەت لەکاتی ئافرێدەکردنیشدا خواوەندێکی گۆج و سەقەت ئافرێدەی

دەکات، خواوەندێك کاتێك هاتۆتە دونیاوە کە هێرا لەزیۆس تووڕە بووەو پێش تەواو بوونی وادەی خۆی لەدایك بووە.

جگە لەوەش، هزیۆد باسی ئەوە دەکات کە پیاو بەرلەوەی ئافرەت ئافرێدە بکرێت، لەنێو بەهەشتێکی خۆشدا دەژیاو کاری نەدەکردو نەخۆش نەدەکەوت، ئەوەش ڕۆژگاری زێڕینی پیاوەو زۆر لەوکاتانەی ئادەم دەچێت بەرلەوەی حەوا بناسێت. دوای دزینی ئاگر، زیۆس هات هەر چوار وەرزەکەی ستالّی دروستکرد، بۆیە چیتر دونیا بەردەوام بەهار نەماو پیاویش چووە نێو سەردەمی زیوییەوە.

بەهاتنی پاندۆرای ئافرەت بۆ سەر زەوی سەردەمی پاقڕی پیاوی دەست پێدەکات بەهۆی ئەو هەموو تارماییەی کە پاندۆرا لەگەلّ خۆیدا هێنای، نەخۆشی و هەژاری کە لەنێو سندوقەکەیدا هاتنە دەرەوە. ئەو سندوقەش بریتییە لەو دیارییەی زیۆس بۆ پاندۆرای ناردووە بەبۆنەی زەواجییەوەو هەموو شەڕانگێزیو ناخۆشییەکانی سەر دونیای تێدا بووە. بۆیە لەگەلّ کردنەوەی سندوقەکەدا سەر زەوی پڕ بووە لەشەڕانگێزی و ناخۆشی و کارەسات، بۆیە مرۆڤ دەچێتە نێو قۆناغی ئاسنین کە قۆناغی پەرەسەندنی هەلّەیە لەنێو دەروونی مرۆڤداو دەستیان دەچێتە خوێنی یەکتری و یەکتری دەکوژن.

هزیۆد لەبارەی ئافرەتەوە دەلّێت:" ڕەگەزی ناسکی ئافرەتان لەپەندۆراوە هاتووە، ئەو ڕەگەزە خراپ و شەڕانگێزییەی کە پڕە لەخراپەکاری و پیاو دادەپۆشێت، ئافرەت هاوسەری ژیان نییەو هاوبەشی پیاوەکەی بێت لەهەژاری و ئێش و ئازاردان بەلّکو داوای خواردن و جل و بەرگ دەکات و داواکانیشی کۆتاییان نایەت، بەو شێوەیە زیۆس ئافرەتی دروستکردووە بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی شەڕانگێزی و گەندەلّی".

## بەشی دووەم

## سەردەمی کلاسیکی

مەبەستمان لەسەردەمی کلاسیکی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا ژیان لەئەسیناو ئەسبرتەدا گەشەی کردووەو ئەسبرتە تێیدا لەڕووی هێزی سەربازییەوە گەیشتۆتە لووتکەو ئەسیناش لەڕووی گولتوورو ڕۆشنبیری و هونەرو ئەدەبەوە گەیشتۆتە لووتکەو جەنگی گەورەی نێوان هەردوو ولاّت دەستیپێکردووە. وەکو دیارە یۆنانییەکان بڕوایان بەبوونی یەك دەستووری سیاسی نەبووە کە بتوانێت بچێتە دەرەوەی چوارچێوەی دەولّەتە شارەکان، بۆیە هەر شارێك دەستوورێکی تایبەتی خۆی هەبووە کە ژیانی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابووری پێوەندی بەولاّتەکانی دراوسیّ ڕێکدەخات.

ئەوەی لێرەدا لەلای ئێمە بەتایبەتی گرنگە نمایشکردنی ڕەوشی ئافرەتە لەئەسینا کە ئەفلاتون تێیدا لەدایك بووەو ژیاوەو قوتابخانەیەکی دامەزراندووەو بیرو بۆچوونی خۆی تێدا بلاّوکردۆتەوەز هەروەها باسی پێگەو

ڕۆڵی ئافرەتیش دەکەین لەئەسبرتەدا، چونکە ئەفلاتون زۆر سەرسام بووە بەو شارە، تەنانەت دەگووترێت گوایە زۆربەی هەرە زۆری بیرو بۆچوونە ئازاکانی لەبارەی ئافرەت لەو شارە وەرگیراوە.

## یەکەم: ئافرەت لە ئەسینا

ڕشەوشی ژیانی ئافرەت لەسەردەمی کلاسیکیدا زۆر نەگۆڕاوە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی قارمانێتیدا، تەنانەت لەئەسیناشدا کە خاوەنی شارستانییەتێکی پێشکەوتوو بوو، ڕۆڵی سەرەکی ئافرەتی ئازاد ئیدارەی ماڵو بەخێو کردنی منداڵ بوو. مەبەستمان لێرە لەئافرەتی ئازاد، هاوڵاتی ڕەسەنی ئەسینایيە، چونکە دوو جۆرە ئافرەت هەبوون لەگەڵ کەنیزەکەکاندان، جۆرێکیان زۆر کەم بۆی هەبووە بێتە دەرەوە لەماڵ، چونکە بەهەموو شێوەیەك دەورە درابوو بەکۆت و پێوەندی خێزانییەوە، ئەوانەش ئافرەتی ئازادن. جۆری دووەمیش ئافرەتی بێگانە بوون کە هیچ کۆت و پێوەندێکیان لەسەر نەبووە و دەیانتوانی هەر کاتێك مەبەستیان بووبێت و بۆ هەر کارێکیش بووبێت، بەئارەزووی خۆیان بێنە دەرەوە. بۆیە ئافرەتە ئازادەکان بەردەوام ئیرەییان بە ئافرەتە بێگانەکان دەبرد بۆ ئەو هەموو ئازادییەی هەیان بووە! ئێستاش بەکورتی ڕەوشی ژیانی هەردوو جۆر دەخەینە ڕوو.

### 1) هاوڵاتی ئەسینایی

ئەسینا گەورەترین شاری یۆنانی بوون ئەگەرچی سەرژمێرییەکەی نەدەگەیشتە (30) هەزار هاوڵاتی و بیرۆکەی سەرەکی وا بوو کە هەموو ئەسینایيە ئەسڵییەکان یەك خوێن و ڕەگەزیان هەیەو لەیەك خواوەندەوە هاتوونەتە بوون و خاوەنی کۆمەڵێك مافی سیاسی و کۆمەلایەتین و موڵکی تایبەتییان هەیە و .. تاد. بۆیە گرنگە تاوەکو ئەو ڕەوشە ئەو ها بەردەوام بێت، دەبێت پاکی ڕەگەزو خوێن بپارێزرێت تاوەکو ئەو هەموو ماف و ئیمتیازاتە نەچێتە دەست کەسانێکی تر.

بنەمای گشتی وابوو کەسێك نابێتە هاوڵاتی ئەگەر دایك و باوکی بەیەکەوە ئەسینایی نەبنن وەکو ئەوەی ئەوە مافێکی مەعنەوی بێت و باوك بیەوێت لەدوای خۆیدا بۆ منداڵەکانی جێبێڵێت لەپاڵ موڵکو سامانەکانیدا. بۆیە کۆمەڵگای باوکسالاری بایەخێکی تایبەتی بەمەسەلەی خیانەتی ئافرەتداوە تاوەکو ڕێگا نەدات کەسانی بێگانە ببنە هاوڵاتی ئەسینایی و مافی ئەوان بەدەست بێنن. هەروەها دەسەڵاتێکی فراوانیشی بەخشیبووە باوك وەکو سەرۆکی خێزان و بۆی هەبوو بەئارەزووی خۆی خێزان بەڕێوە ببات و منداڵەکانی خۆی بفرۆشێت بۆ ئەوەی قەرزەکانی خۆی پێبداتەوە.

ئەگەرچی یاساکانی سۆلۆن ئەو مافەی لەباوکان سەندبۆوە، بەڵام نەیتوانیبوو لەنێو کولتووری یۆنانیدا بیسرێتەوەو یەکجاری لەناوی ببات. دواتریش ئەوە دەبینین کە چۆن ئەو موڵکدارێتییە کاری کردۆتە سەر

تێگەیشتنی ئەفلاتون بۆ خێزان و چۆن لەنێو دیالۆگی یاساکاندا ڕێگای بەباوك داوە دەسبەرداری کوڕەکانی خۆی بێت بۆ کەسانی تر! مادام بڕواو متمانەش بە ئافرەت نەبووە لەبەرئەوەی بەسروشتی خۆی لاوازە، ئەوە پێویست دەکات شوێنی ئافرەتان قایم و پتەو بێت لەشێوەی قەڵاکان و زۆرجاریش لەسەرەوەی خانووەکان بووە تاوەکو لەچاوی پیاوان بەدوور بن.

ئافرەتی ئەسینایی هیچ جۆرە پێوەندییەکی لەگەڵ پیاودا نەبوو، چونکە شوێنە گشتییەکان هەر تەنیا بۆ پیاوان بوو، بازاڕو گۆڕەپانی وەرزش و هەموو شوێنەکان هەر تەنیا پیاوی تێدا بوو، لەواقیعدا شاری یۆنانی شاری پیاوان بووە.

ئافرەتی یۆنانی بۆی نەبووە هاوسەرو مێردی خۆی هەڵبژێرێت، ئەو حاڵەتە لەنێو کۆمارەکەی ئەفلاتونیشدا هەر بەردەوام بوو، چونکە ئافرەتە پاسەوانەکانی نێو کۆمار بۆیان نەبوو هاوسەر هەڵبژێرن، بەڵکو تەنیا بەشێوەی کاتی و بەتیرو پشك ئەوەیان بۆ دەدرەچوو.

مەلەی زەواجیش کە باوك دەیسەپاند و زۆرتریش پیرەژنەکان بەو کارە هەڵدەستان و ڕێکیان دەخست، چونکە تەنیا ئەو پیرە ژنانە بۆیان هەبوو بچنە ماڵان و هاتوو چۆ بکەن. ئەو کاتەش کچ لەتەمەنی پانزە یا شانزە ساڵی بەشوو دەدرایە کوڕێك کە لەتەمەنی سی ساڵ کەمتر نەبووبێت، بەمەنای تەمەنی کوڕەکە دوو ئەوەندەی تەمەنی کچەکە بووە، چونکە ئەفلاتون و ئەرستۆ پێیان وابووە ئەو تەمەنانە باش و گونجاون بۆ زەواج، بەوەش کەلێنێکی گەورە دەکەوتە نێو ژیانیان، چونکە نە لەڕووی تەمەنەوە لەیەکتری نزیك بوونن نە لەڕووی پێگەیشتنی عەقڵییەوە و نەلەڕووی بایەخدانیش بەئیش و کاری کۆمەڵگا بەگشتی.

یەکێ: لەو شتە سەیرانەی زەواج ئەوەبوو کە مەرج نەبوو کچەکە هیچ جۆرە ڕۆشنبیرییەکی هەبێتن تەنانەت ئەگەر لەچینێکی باڵاتریش بووایە. چونکە ئافرەت دوای ئەوەی شووی کرد، کۆمەڵێك بەرپرسیارێتی تری تازەی دەکەوێتە ئەستۆ بەتایبەتیش مەسەلەی بایەخدان بەماڵ و کاری ناوماڵی وەکو ئەوەی زینۆفۆن دەڵێت:" وەکو چۆن شاژنی هەنگ لەنێو شانەدا دەمێنێتەوەو سەرپەرشتی هەنگەکانی تر دەکات لەکاتی کارکردندا، ئاواش ئافرەتی نێو ماڵ سەرپەرشتی ناوماڵەکەی خۆی دەکات و چاودێری خەرجییاتی ماڵ دەکات و نابێت لەماوەی مانگێکدا پارەی یەك ساڵ خەرج بکات و کچە نا شارەزاکان فێر دەکات و کاری کەنیزەکاکنیش بەڕێوە دەبات و چاودێری نەخۆشەکانیش دەکات".

لەو حاڵەتەدا کاتێك ئافرەتی یۆنانی دەهاتە سەر شەقام دەبووایە خۆی دابپۆشێت و حیجاب بکات، ئەوەش تەنیا بەسەر ئافرەتە ئازادەکاندا سەپێنراو بوون چونکە کەنیزەك و ئافرەتە بێگانەکانی نەدەگرتەوەو ڕاگەیاندنێك بۆ ئەوەی خەڵك بزانن کە ئەوە ئافرەتێکی یۆنانییەو موڵکی تایبەتەو خاوەنی هەیەو کەس بۆی نییە دەستی بۆ ببات! لەکاتێکدا کەنیزە کو ئافرەتە بێگانەکان موڵکی گشتی بوون! لارۆس لەوبارەیەوە

دەڵێت:" ئافرەتانی یۆنانی وەکو ئافرەتانی خۆرهەڵات حیجابیان دەکرد کاتێك لەماڵ دەهاتنە دەر، وەکو چۆن لەسەدە ناوەندییەکانیشدا ئافرەتان حیجابیان کردووە".

یەکێك لەئەرکەکانی ئافرەتانی یۆنانی ئەوە بوو کەدەبێت لەبەرانبەر هاوسەرەکەیدا دڵسۆز بێت، بۆیە ئافرەتی خیانەتکار زۆر بەتووندی سزا دەدرا، چونکە دوای ئەوەی شووی کردن هەرگیز بۆی نییە بەدوای کەسێکی تردا بگەڕێت بۆ تێرکردنی ئارەزووی سێکسی خۆی و دەبێت بەتەواوی پشت بەهاوسەرەکەی ببەستێت، لەکاتێکدا پیاو خۆی کۆمەڵێك ئەلتەرناتیڤی لەبەردەستدا بووە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆی و کەنیزەك و هاوڕەگەزبازی و ئافرەتی بێگانەی سۆزانی زۆر بوون.

میدیا لەنێو شانۆگەری یۆربیدس دا گلەیی لەو ڕەوشە دەکات و دەڵێت:" ئەگەر پیاو لەهاوسەری ژیانی خۆی بێزار بوو، لەماڵ دێتە دەرەوەو کۆتایی بەو حاڵەتە دێنێت و دەچێتە لای هاوڕێیەکی یا دۆستێکی نزیك لەتەمەنی خۆی، بەڵام ئێمەی ئافرەتان ناچارین تەنیا چاومان لەیەك پیاو بێت و پشت بەیەك پیاو ببەستین".

تەنانەت لەکاتی مردنی هاوسەرەکەشیدا، ئافرەت دەبووایە بچێتە ماڵە باوانی و چاوەڕوان بکات تاوەکو جارێکی تر سەرپەرشتیارەکەی یا باوکی بەئارەزووی خۆیان بەشووی بدەنەوە. بگرە لەوەش زیاتر، پیاوان بۆیان هەبوو خوشك و کچەکانی خۆیان بەدیاری بدەنە پیاوانی تر تاوەکو لەگەڵیان ڕابوێرن لەبری ئەوەی شوویان پێبکەن، چونکە دەیانتوانی بیان نێرنە خانەی سۆزانییەکان بەبێ ئەوەی هیچ شوورەیەکیش بێت بۆیان.

ئافرەت مافی ئەوەی نەبووە چاروەڕوان بێت بەیەکجاری لەدەست هاوسەرەکەی دەرازی بێت و سۆفۆکلیس لەسەر زمانی دیانێرا دەڵێت:" من ئەگەر گلەیی لەپیاوەکەی خۆم بکەم لەبەرئەوەی دووچاری خۆشەویستی کەسێکی تر بووە، ئەوە دیارە گەمژەم". دیارە ئەو جۆرە سەبرو بەرگەگرتنە هەر تەنیا قسەی شاعیر و نووسەران نەبووەن بەڵکو بەشێك بووە لەکولتووری یۆنانی و کچانی لەسەر پەروەردە کراوە وەکو بەشێك لەئەرکی ناوماڵ و خێزان، بۆیە دەبینین ئافرەتێکی فیتاگۆرسی دەڵێت:" پێویستە لەسەر ئافرەت بەرگەی هەموو ناخۆشییەکانی پیاوەکەی بگرێتن جا ئەگەر بێ بەخت بێت، یا هەڵە بکات و نەخۆش بکەوێت، یا مەشروب خۆر بێت و لەگەڵ ئافرەتانی تر ڕابویرێت، چونکە ئەو جۆرە هەڵانە بۆ پیاوان ئاساییەو ڕێگا پێدراون، بەڵام بۆ ئافرەتان قەدەغەیەو هەر ئافرەتێکیش کارێکی وا بکات دەبێت چاوەڕوانی سزای توند بێت".

هۆیەکەش ڕوون و ئاشکرایە، چونکە کاتێك ئافرەت کاری سێکسی لەگەڵ کەسێکی تردا دەکات دەبێتە هۆی ئەوەی نەوەیەك بخاتەوە کە نەوەی شارەکە نییەو خوێنی بێگانە تێکەل بەخوێنی پاکی هاوڵاتیانی شار دەکات، بەوەش خەڵکانێك لەداهاتوودا میرات وەردەگرن کە شایانی ئەوە نین، بەڵام کرداری سێکسی پیاو ئەو ئەنجامەی لێ ناکەوێتەوە.

دمۆستین ئەو جیاکارییە بەو شێوەیە ڕوون دەکاتەوە کە:" هەر کەسێك کاتێك ژن دێنێت، مەبەستییەتی منداڵی ببێت و نەوە بخاتەوە و منداڵەکانیشی ئەندامی ئەو عەشیرەتە گەورەیە بن کە خۆی تێیدا ئەندامە، ئێمە

بۆ خۆشی و ڕابواردن هاوڕێیەتی ئافرەتە سۆزانییەکان دەکەین، هاوڕێیە کچەکانیشمان لەپێناو تەندروستی ڕۆژانەمانە. کەچی خێزانەکانمان بۆ ئەوەیە منداڵی شەرعیمان لێیان ببێت و ئاگاداری ماڵ و خێزانمان بن و دڵسۆز بن بۆمان".

بەو جۆرە دەبینین بەهای ئەو ژنانەی لەتەمەنی زەواج دا لەسەردەمی ئەفلاتوندا لەوەدایە کە ئەوان پاکیزەو بێگەردو کابانی باشن. بەڵگەی زۆریش هەیە لەسەر ئەوەی ڕەوشی ئافرەت لەئەسینادا لەنێو هەموو چین و توێژەکاندا وەکو یەك بووە، تەنانەت کچانی چینە باڵاکانیش تەنیا کاریان ئەوە بووە ببنە خێزانی باش و کابانی دڵسۆز و هەرگیز بایەخیان بەو بوارانە نەداوە کە لەچاوی پیاواندا گرنگ بووەن ئەوان تەنیا کاریان ئەوە بووە نەوەو منداڵی شەرعی بەرهەم بێنن.

بۆیە دەبینین پیاوان بەهیچ شێوەیەك هاوڕییەتیەکی عەقڵیان لەخێزانەکانی خۆیاندا نەدەبینی، چونکە نەبوونی خوێندن و فێرکاری لەنێو ژنان و جیاوازی گەورەی تەمەنی نێوان ژن و پیاو لەکاتی زەواجدا و داخرانی ئافرەت و دابڕانی لەنێو ماڵ، بووە هۆی ئەوەی دابڕانی گەورە لەنێوانیاندا دروست بێت، بۆیە پیاوان ناچار بوون بۆ خۆشی و ڕابواردنی خۆیان لەدەرەوەی ماڵدا لەو شتانە بگەڕێن کە لەنێو ماڵدا دەسگیریان نەدەکرد. بۆیە ماڵ بۆ پیاوی ئەسینایی قەڵاو خانە نەبوو، بەڵکو هەر تەنیا شوێنی نووسشتن و حەوانەی کاتی بووە.

زینۆفۆن دەڵێت:" چوونە دەرەوەی ئافرەت شتێك نییە گەورەی بکات، هەروەها مانەوەی پیاویش لەنێو ماڵدا ماوەیەکی زۆرتر لەوەی لەدەرەوە دەبێت کارێك نییە گەورەی بکات". چونکە پیاو لەزۆر کاتدا هەر لەبەیانییەوە تاوەکو ئێوارە هەر لەدەرەوەی ماڵەوە بووە، ئەویٚ ماڵی ڕاستەقینەیەتی، کەچی ئافرەت دەبێت لەنێو ماڵدا دڵسۆزو کابانێکی باش بێت.

ئەوانەی باسمان کردن تایبەت بوون بەمافەکانی ئافرەت، بەتایبەتیش مافە سیاسییەکانی کە بەهیچ شێوەیەك شتێك نەبووە بەو ناوە، چونکە هیچ شێوەیەك بەشداری بواری سیاسی و ژیانی گشتی نەکردووەو هیچ پێوەندییەکی بەدەب و هونەرو ڕۆشنبیرییەوە نەبووە، هەروەها شوێنگەی یاساییشی لەپیاو نزمتر بووە، بگرە هەر خاوەنی ئەهلییەتی یاسایی نەبووەو نەیتوانیوە بەخۆی ئیش و کارەکانی خۆی بەڕێوە ببات، یا لەبەردەم داگادا شایەدی بدات یا لایەنێك بێت لەگرێبەستێکی یاساییدا.

ئافرەت بەردەوام تاوەکو مردنی هەر لەژێر ویسایەتی باوك دواتریش مێردەکەی بووە، یا ئەگەر ئەوانەی نەبوو لەژێر ویسایەتی خزمە نزیکەکانی خۆی بووە. باوکیش بۆی هەبوو لەکاتیٚ ئەگەر کوڕێکی نەبووایە ببێتە میراتگری بەئارەزووی خۆی کچەکەو موڵکەکانی بداتە هەر پیاوێك کە خۆی گەرەکیەتی، ئەو پیاوەش دەیتوانی ئەو کچە بخوازێت ئەگەر دوای ماوەیەکیش تەڵاقی بدابووایە !

ئەگەر باوك بمردبووایە بەبیٚ ئەوەی وەسیەتێك بەجێبێڵێت ئەوە نزیکترین خزمەکانی دەیانتوانی داوای دەستی کچە میراتگرەکە بکەن خۆ ئەگەر کچەکە شووی کردبووایەن ئەوە دەبووایە بەزووترین کات دەست لەمێردەکەی

بەربدات و شوو بەو خزمە نزیکە بکات، لێرەشدا دەبێت ئەوەمان بیر بێت کە ئافرەتی ئەسینایی لە ڕەوشێکی خراپی ژیاندا بووە، چونکە ئێمە دەبینین ئەو ڕەوشە سەختە جارێکی تر دەگەڕێتەوە کاتێك دەچینە سەر شرۆڤە کردنی دیالۆگی (یاساکان) ی ئەفلاتون، چونکە کاتێك مولْکداریتی دەگەڕێتەوە ئەوە ئەو ڕەوشە سەختە دیسان دەردەکەوێتەوە.

چاکەکاری ئافرەت ئەو کاتە ئەوە بووە کە پارێزگاری لەناوو ناوبانگی خۆی بکات و ڕێگا نەدات خەلْك قسەی سووکی لەبارەیەوە بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو قسانە باش و پیاهەلْدانیش بوون وەکو ئەوەی برکلیزی ناودارترین سیاسەتمەداری ئەسینا وا دەلْێت لەگوتارێکی ناوداریدا، ئەگەرچی برکلیز خۆیشی عاشق و سەرمەست بووەو بەهۆی عەشقەوە خێزانەکەی خۆی تەلاقداوە.

## 2) ئافرەتی بێگانە:

لەچینی ئافرەتی ئازادەوە دەچینە سەر چینێکی تر کە ئافرەتە بیانییەکانن. ئافرەتە بیانییەکان هیچ مافێکیان نەبوو لەنێو هیچ شارێکی یۆنانیدا، هەر ئیمتیازاتێکیش کە بەدەستیان دەهێنا لەلایەن هاوڕێ پیاوە ئازادەکانییانەوە پێیان دەدرا. ئەگەر پیاوی بیانی هیچ مافێکی نەبێت، ئەوە بێگومان ئافرەتی بیانیش بەهەمان شێوە هیچ مافێکیان نابێتو شایانی ئەوە نین شار بیانپارێزێتو هیچ یاسایەکیش لەبەرژەوەندییاندا دانانرێت، بەلْکو دەبووایە بەڕێگاو شێوازی تایبەتی خۆیان بایەخ بەخۆیان بدەنو بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن، یا پیاوێکی ئازاد بدۆزنەوە تاوەکو کارە ڕەسمییەکانیان بۆ ئەنجام بدات.

دەولْەت لەو مامەلْە تایبەتەی لەگەلْ ئافرەتی بیانی مەبەستی ئەوە بوو پاکیو بێگەردی خوێنی هاولاتییە ئازادەکانی خۆی بپارێزێت لەخوێنی بیانی، تاوەکو مافۆ ئیمتیازاتو مولْکیان بەر نەکەوێتو بۆیان نەمێنێتەوە بەمیرات.

پیاوانی سیاسەت بەهەموو زیرەکی خۆیانەوە پێیان وابوو کۆمەلْێك مەترسی هەیە هەڕەشە لەشارەکەیان دەکات ئەگەر ڕێگا بەو بیانییانە بدرێت بەشداری لەئیشو کاری سیاسی شارەکەیاندا بکەن، چونکە دابونەریتی بێگانەی خۆیان دێننە نێو شار، ئەوەش ڕەنگە خواوەندەکان تووڕە بکاتو هەست بەسوکایەتی پێکردن بکەنو تۆلْەیەکی توندیان لێبکەنەوە.

بۆیە ئەسبرتەییەکان ڕێگایان بەخەلْکی بیانی نەدەدا، نێر بن یا مێینە لەشارەکەیان دابنیشن، ئەگەر کەسێکیش هاتبووایە دەبووایە هەر تەنیا بۆ چەند ڕۆژێكو بۆ ئامادەبوونی ئاهەنگەکان بێتو دواتر شارەکە بەجێبێلێتو بۆی نەبوو لەو شارەدا جێنشین بێت. بەلام ئەسینا شارێکی بازرگانی بوون جگە لەوەش پڕ بوو لەشتی سەرنج ڕاکێش بۆ خەلْکی بیانی، شانۆو کاری درامیو هونەری، ئاهەنگی ئایینی، قوتابخانەی فەلسەفی، ژیانی

سیاسی، ..تاد. بۆیە ئاسان نەبوو ئەسینا بتوانێت خەڵکی بیانی دەربکاتە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبووایە ئاگاداری خۆیان بن لەو مرۆڤە بێگانانە بۆ ئەوەی تێکەڵاوییان نەبێتە هۆی پیس بوونی خوێنی پاکی ئەسینایی.

بۆیە کۆمەڵێك یاسا دانران تاوەکو ڕێگا لەهاوڵاتییانی ئەسینا بگرێت ژنی بێگانە نەخوازن‌و ئافرەتانیشیان شوو بەبێگانە نەکەن. ئەگەر تاوانێکی ئاوا خراپیش ڕووی بدابووایە، ئەوە هەموو هاوڵاتییەك مافی ئەوەی هەبوو شکایەت لەو کەسانە بکات کە یاسایان پێشێلکردووە، ئەوکاتەش تۆمەتباران دەسگیر دەکران‌و دەست بەسەر موڵك‌و سامانیاندا دەگیراو کەسە بیانییەکەش لەبازاڕی کۆیلەکاندا دەفرۆشرایەوە، هاوڵاتییەکەش توندترین سزای بەسەردا دەسەپێنرا.

کەواتە ئافرەتی بیانی ناتوانێت شوو بکات، چونکە شوو کردن تاکە هەڵەیە لەچاوی پیاوانی سیاسەتدا کە دەشێت ئافرەتی بیانی ئەنجامی بدات، لەوە بترازێت بۆی هەبوو هەموو شتێکیتر بکات. ناکرێت چینی ئافرەتی بیانی هەر بەکچێتیش بمێننەوەو بژین، عەقڵی گریکی خۆی لەو شتانە بەدوور دەگرێت‌و ڕێگای پێنادات، بۆیە ئافرەتانی بیانی لەئەسینا بوونە بەشێك لەچێژ بەخشین بەپیاوی ئەسینایی، چونکە پیاوی ئەسینایی لەو ئافرەتە بیانییانەدا ئەو شتانەی ىدەست دەکەوت کە لەماڵ دەسگیری نەدەکرد.

ئەو چینە لەئافرەتانی بیانی هێدی هێدی سەریان هەڵداو لەسۆزانییەکەوە هەبوو تاوەکو دەگاتە خاوەنی سالۆنەکان، لێرەوە سۆزو خۆشەویستی‌و چێژو ڕۆشنبیری‌و پێگەیشتنی عەقڵی ئاوێتەی یەکتری بوون. بەو جۆرەش ئەو چینە ئافرەتە بیانییە چوونە نێو پێوەندی جۆراوجۆر لەگەڵ پیاوانی ئەسیناییدا کە هەستی بەشەرم دەکرد لەبەردەم ژنەکەی خۆیدا هەست‌و سۆزی خۆی دەربخات، کەچی لەبەردەم ئافرەتانی بیانیدا هەموو شتێك ڕێگا پێدراو بوو، تەنیا زەواج نەبێت، ئەوەش بەهۆی کێشەی میراتەوە بوو، بۆیە گریکەکان ئەوەیان بەخەوش‌و عەیبە نەدەزانی کە لەبەردەم ئافرەتە بیانییەکاندا هەست‌و نەست‌و سۆزی خۆیان هەڵڕێژن، چونکە لەڕوانگەی ئەوانەوە ژنەکانیان زیندانی دڵسۆزو داوێن پاکی نێو ماڵەکانیان‌و ئیش‌و کاری ماڵ بەڕێوە دەبەن‌و ڕێگایان پێنەدەدرا تێکەڵاوی خەڵکانیتر بن.

لەکاتێکدا پیاوی ئەسینایی پێی وابوو ئافرەت تۆخمێکی ناتەواوەو نابێت بەشداری لەخوان‌و سفرەی نانخواردن‌و شەراب خواردنەوەی پیاوان بکات، بۆیە ڕێگایان نەدەدا لەکاتی هەڵمەتی سەربازیشدا لەگەڵ مێردەکانیاندا بڕۆن، لەکاتێکدا ئەو جۆر کۆت‌و پێوەندانەیان لەسەر ئافرەتە بیانییەکان دانەدەنا.

گرنگیش نەبوو خوێن‌و منداڵی ئافرەتە بیانییەکان بەپاکی‌و بێگەردی بمێنێتەوە، چونکە ئەوە شتێك نەبوو جێگای بایەخی شار بێت‌و خواوەندەکانیش زۆر گوێی پێنادەن. بۆیە پیاوانی ئەسینا بۆ خۆیان هەڵسان بەهەڵبژاردنی ئافرەتە بیانییەکان وەکو هاوڕێی ڕۆشنبیرو دۆست‌و خۆشەویست، لەبەرئەوەی ئافرەتە بیانییەکان لەنێو ژنانی ئەسینادا لەهەمووان ڕۆشنبیرترو عاقڵتر بوون‌و وانەیان هونەریان دەگووتەوەو ڕەوتە فەلسەفییە تازەکانیان دەناسی‌و بایەخی جۆراوجۆریان بەسیاسەت دەدا.

دیاره ئافرەتی وا ڕۆشنبیرو زیرەك دەبێت جێگای ڕێزو ستایشو تێڕامانی باشترینو پایەدارترین پیاوانی یۆنان بن، بگره هەموو پیاوێکی مەزن هاوڕێیەکی ئافرەتی هەبوو لێی نزیکبوو و بەشداری تێڕامانە عەقڵییەکانی دەکرد. سوقرات دەگێڕێتەوە کە یەکێك لەو ئافرەتانە ناوی دیۆتیما بووەو خەڵکی مانتینیا بووەو فێری هونەری خۆشەویستی کردووە، ئەوەش تاکە ئافرەت نییە کەسوقرات بۆمانی باس بکات، بۆیە ڕەنگە وەستان لەسەر ئەو جۆرە پێوەندییانە لایەنێکی شاراوەی ڕاو بۆچوونی فەلسەفەکارانی ئەو سەردەمەمان بۆ دەربخات لەبارەی ئافرەتەوە.

سوقرات کە خۆی خێزانەکەی لەماڵەوە بەند دەکردو گاڵتەی بەعەقڵو بیرکردنەوەی دەکرد، هەوڵیدەدا چاوی بەئافرەتە ڕۆشنبیرەکان بکەوێتو هانیان بدات بۆ ئەوەی لەپێوەندی لەگەڵ پیاواندا ڕێگایەکی ڕاستتر بگرنە بەر.

زینۆفۆن دەگێڕێتەوە کە "کاتێك سوقرات گوێی لێبوو ئافرەتێکی زۆر جوان لەو شارەدا هەیەو پێشوازی لەهاوڕێیان دەکاتو جوانی ئەو ئافرەتە وەسف ناکرێت، بۆیە وێنەکێشو پەیکەرتاشانیش ڕووی تێدەکەن تاوەکو وێنەو پەیکەری بۆ بکێشن، بەهاوڕێیانی خۆی گوتووە: پێویستە بچین بیبینین، چونکە ناتوانین بەپشت بەستن بەقسەی خەڵکی شارەزای بین. بۆیە چووە ماڵی تیۆدۆتاو بینی خەریکی وێنەکێشانەو سەرسام بوو بەو جوانییەیو هەستیکرد دەبێت سوپاسی ئەو ئافرەتە بکات، چونکە جوانترین جلی لەبەردابوو و جوانییەکەی خۆیشی پیشاندابوو، بۆیە سوقرات لێی دەپرسێت: ئەو پارەیەت لەکوێ دەست دەکەوێ کە سەرفیان دەکەیت؟ ئایا موڵكو سامانت هەیە؟ خانووت هەیەو پارەکەی وەردەگریت؟ یا کۆیلەو کەنیزەك کە کاری دەستی دەکەن؟ کاتێکیش تیۆدۆتا وەڵامی دەداتەوە کە ئەو پارەیەی لەهاوڕێیە دڵنەرمەکانی دەست دەکەوێت. دیسانەوە پرسیاری لێکرد: سوقرات لێی پرسی بەچ شێوەیەك ئەو هاوڕێیانە بۆ خۆت کێش دەکەیتو چۆن وەکو جاڵجاڵۆکە بەداوی خۆشەویستی خۆی پیاوان دەسگیر دەکاتو پێی دەڵێت: ڕاوکردنو دەسگیر کردنی پیاوان هونەرێکە دەبێت خۆتیان فێر بکەیت، نازانی چەند ڕێگاو شێواز هەیە ڕاوچییان بۆ گرتنو ڕاوکردنی کەروێشك بەکاری دێنن، ئەگەرچی ئاژەڵی بچووکو کەم بەهاشن؟ ئەوان دەزانن کەروێشکەکان بەشەو دێنە دەرەوە بۆ نانخواردن، بۆیە بەشەو سەگ دێننو ڕاویان دەکەن. بەڵام ئەگەر بەڕۆژ ویستییان ڕاویان بکەن، کەروێشکیش بەڕۆژ خۆیان دەشارنەوە، ئەوان دەچن جۆرە سەگێکی تر دێنن پشت بەبۆنکردن دەبەستن بۆ دۆزینەوەی کەروێشکەکان. وەکو دەزانین کەروێشك خێران لەڕاکردندا، بۆیە ئەوانیش جۆرە سەگێك بەکار دێنن کەخێرایە لەڕاکردندا، جگە لەوەی تۆڕو داویش لەسەر ڕێگای کەروێشکەکان دادەنێنەوە تاوەکو بکەونە داویەوە.

سوقرات بەردەوام دەبێتو دەڵێت: لەبری سەگ دەتوانیت کەسێکی گونجاو هەڵبژێریت تاوەکو بەدوای دەوڵەمەندەکاندا بگەڕێتو کێشیان بکاتە نێو داوی تۆوە. ئینجا باسی جۆرەها داوو تۆڕی بۆ دەکات، هەر

لەبەکارهێنانی عەقڵەوە تاوەکو دەگاتە قسەی شیرینو ئینجا پیشاندانی هەستو سۆزو دڵ نەرمیو نیگای چاوو .. تاد. هەروەها ئامۆژگاری دەکات کە نابێت لەکاتێکدا کە هاورِێ پیاوەکانی تێرن، ئەو بێت خۆیانی پێشکەش بکات، بەڵکو دەبێت چاوەڕوان بێت تاوەکو حەزیان بۆی دەچێتو ئارەزووی دەکەن. سوقرات بەردەوام دەبێتو کۆمەڵێك ئامۆژگاری گرنگ دەداتە ئەو ئافرەتە کە لەبەشی (11) یەمی کتێبی یادگارییەکانی زینۆفۆندا هاتووە لەبارەی سوقراتەوە.

بگرە ئەفلاتون خۆی نموونەیەکی ترمان پێشکەش دەکات کاتێك لە سوکراتەوە دەگێڕێتەوە لەدیالۆگی مینکسینسدا کاتێك دەڵێت:" مامۆستایەکی زۆر نایابم هەیە لەهونەری بەیان, شتی زۆریش لەوتارخوێنی باش فێر بووم, لەسەرووی هەمووشیانەوە باشترین وتاربێژی یۆنان کە بریکلسە, دوێنێش بیستم وتارێکی مەرگئامێزی لەبارەی مردووەکانمان داناوە"، دواتریش مینکسینس داوای لێدەکات ئەو شتانەی بۆ بگێڕێتەوە کە گوێی لێبووە، سوکراتیش لەسەر زاری ئەسپازیای خۆشەویستی برکلیس وتارێکی زۆر جوان دەگێڕێتەوەو دیالۆگەکەی پێ کۆتایی دێت، کە تێیدا ئافرەتی بێگانە مەناقبەکانی ئەسینا دەژمێرێت و دەڵێت:" هەر تەنیا ئێمە شانازی پێوە ناکەین، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی شانازی پێوە دەکەن، بگرە لەلای خواوەندەکانیش خۆشەویستە، ئەو وەکو دایکێکی بەسۆزە بۆ منداڵەکانی، وەکو چۆن دایك بەوە دایکایەتی خۆی دەسەلمێنێت کە شیر دەداتە منداڵەکانی، بەو شێوەیەش وڵاتەکەمان دایکایەتی خۆی دەسەلمێنێت بەوە گەنمو جۆ بۆ منداڵەکانی بەرهەم دێنێت، ئەو خۆراکانەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی، ئەوەش ئاماژەیەکە لەسەر دایکایەتی لەدایکایەتی ژن ڕاستگۆیانەترە، چونکە ژن لەکاتی دووگیان بوونو منداڵبووندا لاسایی خاك دەکاتەوە، نەوەکو خاك لاسایی ئافرەت بکاتەوە".

ئەسپازیا ـ Aspasia ئەو ژنەی سوکرات ئاماژەی بۆ دەکات، ئافرەتێکی بیانییە لەملتییەوە هاتبوو لە ئەسینا جێگیر ببوو، دواییش بووە دڵداری گەورەترین سیاسەتمەداری مێژوویی ئەسینا کە برکلیس بوو، دڵی داگیر کردوو وڵاتەکەیشی داگیر کرد، ئەگەرچی خاوەنی ژنیش بوو, بۆیە بریکلس لەگەڵ خێزانەکەی خۆی ڕێك کەوت کە لەیەکتری جیا ببنەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەسپازیا وەکو ژنو مێردێك بژین تاوەکو کۆتایی ژیانیان، بەبێ ئەوەی بتوانن بەڕەسمی زەواج بکەن، چونکە یاسای ئەسینا ئەو جۆرە زەواجەی قەدەغە کردبوو.

مێژوونووسان پێیان وایە کە ماڵەکەی ئەسپازیا کۆڕ بەندو شوێنگەی کەسایەتییە گەورەکانی ئەسینا بووە:" سوکرات بەشێوەیەکی بەردەوام هەر لەوێ بووە، هەروەها فیدیاسو ئەنکساگۆراسیش لەهاوڕێیە نزیکەکانی بوون، تەنانەت ڕەنگە سۆفۆکلیسو یۆرپیدسیش هەر لەوێ بوو بن، لەڕاستیدا لەنێو هەموو مێژوودا ئافرەتێکی وا نادۆزییەوە خاوەنی سالۆنێکی ئەدەبی ئەوەندە ئاست بەرز بێت". تەنانەت شاعیرانی کۆمیدیاش ناویان

نابوو (هیرا) یا خواوەندی شاژن، خێزانی خوای خواوەندەکان، بەو پێیەی کە بـریکلس بریتـی بـووە لـەزیۆس، خوای خواوەندەکان.
لەهەموو ئەوانەدا دەگەینە دوو تێبینی سەرەکی:
**یەکەم:**
کۆمـەڵگای ئەسـینی کۆمەڵگایـەکی باوکسـالاری بـووەو پیـاو تێیـدا ڕێـزدارو خـاوەنی هـەموو مافـە مـەدەنیو سیاسییەکان بووە، پیاو خاوەنی زەویو زار بووە، خاوەنی خێزانیش بووە، واتا خاوەندارێتی ژنو منداڵەکانی خۆی کردووە، واتا مافی هەبوو هەر منداڵێك لەکاتی لەدایکبوونیدا لەنێو خێزانەکەی خـۆی قبـووڵ نـەکات، جا فرێیبدات یا بەرلەوەی لەدایك بێت لەباری ببات. هەر خۆی ئەو یاسایانەی دادەڕشت کە پێی وابوو پێویستن بۆ پاڵپشتیکردن لەو مافانەی خۆی، تەنانەت ئەگەر ئەو یاسایەی دایدەنێت سەیریش بێت، وەکو ئەو یاسایەی کـە ڕێگا بەباوك دەدات بتوانێت منداڵی ژنەکەی خۆی لەبار ببات. بەڵام ئەگەر ژن خۆی بەشێوەیەکی شەخسی ئەو بڕیارەی بدابووایە، تووشی سزا دەبوو، تەنانەت سزاکە ئەو کەسانەشی دەگرتەوە کە یارمەتیان داوە.
ئەوەش جیاوازییەکی زۆر بەڵگەدارە، چونکە لێرەدا وا تەماشـای لـەبار بـردن ناکرێـت کـە بریتییـە لەکوشـتنی بوونـەوەرێکی زینـدوو، بـەڵکو ئـەوە پێشـێلکردنی دەسـەڵاتی باوکـەو دەسـتدرێژیکردنە سـەر موڵکـدارێتی خاوەندارێکی شەرعییە.

**دووەم:**
ئەو باسە پەیوەسـتە بەخاوەنـدارێتی, مـادی یـا مەعنـەوی, هـەروەها مـیرات. ئـەو خاوەندارێتییـەی کـە بـاوك دەیەوێت دوای مردنی بۆ ئەو منداڵانەی جێبێڵێت کە لـەخوێنی خـۆین، هـەر ئەوەشـە وا لـەباوك دەکـات وەکـو بەشێك لەشتەکانی خۆی تەماشای ژنەکەشی بکات، هەر ئەو جۆرە گوزارشتەش لەلای ئەفلاتون بەدی دەکـەین کاتێك قسە لەبارەی (خاوەندارێتیکردنی ژن) یا (هەڵبژاردنی ئافرەتێکی تایبەت) دەکات. واتا ژنێکی تایبەت کە ئەرکی ئەوەیە منداڵ لەخوێنی پیاوەکە بەرهەم بێنێتو لێی دڵنیابێت تاوەکو میراتەکانی خۆی بۆ جێبێڵێت.
کەچی ژنی بیانی تەنیا ڕۆڵی دڵداری هەبوو، کاری ئەوە بوو ئەو کاتانەی بێکار بوو چێژی پێ ببەخشێت، بەبێ ئەوەی مافی زەواجو منداڵبوونی هەبوو بێت لەو پیاوە, تاوەکو خوێنی بیانیو نامۆ نەیەتە نێو کۆمـەڵگا. بـەم شێوەیە ژن لەهەردوو حاڵەتدا لەخزمەتی پیاودابوو کە خـاوەنی هـەموو شـتێك بـوو، بـەڵام ژن ئاسـتی نـزمترە لەپیاو, چونکە لەقوڕێکی تر دروستکراوەو جیاوازە, وەکو ئەوەی هزیـود پێشـتر باسـی لێـوە کـردووەو دواتـر ئەفلاتونیش هەمان قسە دەکاتەوە.
بەڵام باشە ئەسبرتە نموونەیـەکی کۆمەڵایـەتی جیاوازمـان پێشـکەش ناکـات کەتێیـدا ژن شـوێنگەیەکی بـەرزی هەیە، یا وەکو ئەوەی دەڵێن لەلایەنی مافەوە یەکسانە لەگەڵ پیاودا؟ باشە ئەو وێنەیەی ئافرەتی ئەسـبرتەیی

کاری نەکردۆتە سەر زەینی زۆر کەس لە ئەسینا؟ لەپێش هەمووشیاندا ئەفلاتون خۆی؟ ئێستا باسی ئەو مەسەلەیە دەکەین.

## دووەم: ئافرەت لە ئەسبرتە:

ئەسبرتە بەدرێژایی سەردەمی کلاسیکی بایەخی تایبەتی هەبووە لەلای یۆنانییەکان, تەنانەت لەلای ئەسینایییەکانیشدا, لەکۆتایی سەدەی حەفتەمەوە تاوەکو سەدەی چوارەم، تەنیا چەند ماوەیەکی کەم نەبێت, ئەگینا وا تەماشا دەکرا کە بەهێزترین شاری یۆنانییە, بەتایبەتیش دوای ئەوەی دەستی بەسەر هەرێمی میسینیادا گرتو بووە خاوەنی ڕووبەرێکی فراوانی زەوی، بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی تردا. بەکورتی یۆنانییەکان بۆ ماوەی سێ سەدە وا تەماشای ئەو شارەیان دەکرد وەکو ئەوەی پێشڕەوی کاروبارو شتە جەنگییەکانە. بۆیە سروشتی بوو بۆ هەریەکێك کە کاری سیاسی دەکات گرنگییەکی تایبەت بە ئەسبرتە بدات کە بەسەرکەوتنە سەربازییەکەی توانی سیستەمی جیای خۆی بسەلمێنێت.

ئەفلاتون گرنگییەکی ئاشکرای بە ئەسبرتە دەدا لەبەر چەند هۆکارێك، لەوانە چینە ئەرستۆکراتییەکەی، هەروەها هەندێك لەهاوڕێو نزیکەکانی لەئەسینا مەیلی ئەسبرتەییان هەبوو، ڕەنگە ئەوانەش کاریان کردبێتە سەر هەڵوێستی ئەفلاتونی گەنج.

دواتر سەرسامی ئەفلاتون بە سیستەمی ئەسبرتە زۆرتر بوو کاتێك توانی لەئەسینا بباتەوە لەجەنگی بلبۆنیزدا لەساڵی (404) ی پێش زایینیدا، ئەوەش بە ئاشکرا لەو سیستەمەی پەروەردەدا دەردەکەوێت کە ئەفلاتون دەیخاتە ڕوو کاتێك قسە لەبارەی (کۆمار)ەکەی دەکات، ئەو دیالۆگەی ڕاستەوخۆ دوای دۆڕان و شکستی ئەسینا نووسراوەتەوە.

جگە لەوانەش، چەند فاکتەرێکی تر هەبوون کاریان کردۆتە سەر ئەفلاتونی گەنج, زیاتریش پێدەچێت خزمەتی لەنێو ڕیزەکانی سوارچاکاندا کردبێت، ئەوەش چەکێك بوو تەنیا منداڵی دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی بچنە ڕیزەکەی چونکە مەسرەفی زۆر بوو، لەبەرئەوەی ئەوکاتە دەوڵەت پارەی لەسوپاو چەکی سەربازی نێو مەیدانی جەنگ خەرج نەدەکرد، بۆیە هەر تەنیا دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی پارە لەپێداویستی سەربازی خۆیان سەرف بکەن، بەڵگەی زۆریش هەن لەسەر ئەوەی کە ئەو سوپایەی ئەسینا زۆر لەژێر کاریگەری شێوازەکانی ڕاهێنانی سەربازی ئەسبرتەدا بووە.

ئەگەر گلین مۆرۆ پێی وایە هەڵوێستی ئەفلاتون لەبەرانبەر ئەسبرتە تێکەڵەیەك بووە لەسەرسامیو ڕەخنە، ئەوە پێویستە لەسەرمان یەکەمجار نمایشی سیستەمی ئەسبرتە بکەین لەو لایەنانەی فەیلەسوفەکەمان پێی سەرسام بووە، دواتریش ئەو شتانە بخەینە بەرچاو کە ڕەخنەی ئاراستە کردووە.

ئێمە ئەگەر بمانەوێت وێنەیەکی ڕاستگۆیانە لەبارەی دەوڵەتی ئەسبرتە دروستبکەین، دەبێت دوو مەسەلە بخەینە نێو زەینی خۆمان.

**یەکەم:**

عەقڵییەتی گریکی پێی وابووە شار گەورەترین ڕێکخستنی سیاسییەو لەگەڵ وەزیفەی دەوڵەت دەگونجێ وەکو ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد, لەلایەکی تریشەوە بەتووندی لەژێر کاریگەری بیرۆکەی فەنا بوونو لەناوچوونی تاکو بەردەوامی ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا بوو, مەبەستم بەردەوامبوونی شارە لەمیانەی بەدوا یەکدا هاتنی نەوەکاندا.

بۆیە بیرۆکەی سەرەکی ئاراستەکاری داڕشتنی یاساکان لەلای ئەوان بریتی بووە لە بەردەوام بوونی شارو بەردەوامی پەرستنی خواوەندەکان بەبێ گوێدانە ئارەزووەکانی تاك، چونکە لەبنەچەدا بوونی تاك لەپێناو دەوڵەتدایە، نەوەکو بوونی دەوڵەت لەپێناو تاکدا بێت، بۆیە پێویستە قوربانی بەهەموو شتە تاکە کەسییەکان بدرێت تاوەکو دەوڵەت بتوانێت بەردەوام بێت، ئەو بیرۆکەیەش لەنێو ئەسبرتەدا بایەخێکی تایبەتی هەبووە.

**دووەم:**

ئەسبرتاییەکان بارودۆخێکی تایبەتییان هەبوو، وڵاتەکەیان فراوان بوو و ڕووبەرێکی زۆری خاکیان داگیر کردبوو. کۆیلەی زۆریان دەسکەوتبوو کە دەبووایە پارێزگارییان لێبکەن تاوەکو بتوانن پێداویستییە گرنگەکانی هاوڵاتییان دابین بکەن. بگرە ئەسبرتەییەکان جەنگێکی زۆریان بەرپاکردبوو دژی شارو ناوچە جیا جیاکان، بۆیە هەندێکجار گەلێکی تەواویان کۆیلەکردووە هەموو دانیشتوانی شارەکانیان بەکۆیلە کردووە، وەکو ئەوەی لەگەڵ دانیشتووانی هیلۆس کردییانو گەلێکی تەواو کە ژمارەکەیان شەش هێندەی دانیشتوانی ئەسبارتە بوو بوونە کۆیلەو ناونران هلیتوتین، دواتر هەر ئەو وشەیە جێگیر بوو و بەمانای کۆیلە بەکار هات. بۆیە وەکو ئەوەی ئەرستۆ دەڵێت پێویست بوو لەسەر ئەسبرتاییەکان بەردەوام لەئامادە باشیدا بن، چونکە هلیتوتینە دوژمنەکانیان بەردەوام بۆیان لەکەمیندا بوون.

هەڵسو کەوتو ڕەفتاری ئەسبرتییەکان لەگەڵ ئەو جۆرە کۆیلانە زۆرجار توند تیژانەبوو، ئەگەرچی گرێبەستیان لەگەڵدا دەکردن لەکاتی خۆبەدەستەوە دانیان بەوەی ئەگەر خۆیان بەدەستەوە بدەن توندو تیژیان لەبەرانبەردا نانوێنن. توندو تیژییەکە گەیشتبووە ڕادەیەك ماوە ماوە هەندێکیان لێ قڕ دەکردن لەڕێگای ڕاهێنانی گەنجانی ئەسبرتەوە لەسەر چۆنییەتی لەناوبردنی مرۆڤدا، لەلایەك گەنجەکانی خۆیان فێری شەڕو کوشتار دەکرد، لەلایەکی تریشەوە نەیاندەهێشت ڕێژەی کۆیلەکان زۆرتر بێت، بۆیە ڕێگایان بەگەنجانی خۆیان دەدا هێرش بکەنە سەر جووتیارەکان، جوتیارەکانیش ئەو کۆیلانە بوون، بۆیە لەکاتی هێرشەکاندا هەر جووتیارێکیان ببینیبووایە دەیان کوشت.

لێرەوە تێدەگەین بۆچی ئەسبرتە بەردەوام لەحاڵەتی بەرەنگاربوونەوەو شەڕدا بووە بۆئـەوەی دژی دوژمنـانی ناوەوەو دەرەوەیان بووەستن، لەبەرئەوە دەوڵـەت بـەردەوام لەسـەربازگەیەکی گـەورەو زەبـەلاح دەچـوو بـۆ کوشـتن‌و بـڕین, هـەموو سیسـتەمی پـەروەردەو ئـابووری‌و کۆمەڵایـەتی بـەپێی ڕەوش‌و پێداویسـتی جـەنگ دادەڕێژرا.

لیکجۆرسی گـەورە یاسادانەری ئەسـبرتە لەپەرستگەی دلفی فرمانـەکانی پێدەگەیشـت‌و کردبوویـە بنچینـەی یاساکانی خۆی، دەیگووت پاراستنی دەوڵەت بەدروستکردنی شووڕای بـەرز نابێـت لەدەوروپشـتییەوە، بـەڵکو بەدروستکردنی شوورایەك دەکرێت لەکۆمەڵێك پیاوی ئازا.

ئەفلاتون پێی وابوو یاسای ئەسبرتە کە لیکجۆرس داینابوو بەسروش لەئـەپۆلۆ وەری گرتـووە، ئـەو یاسـایەی بەدرێـژایی چـوار سـەدە بـەبێ گۆڕانکـاری مایـەوە، ئـەوەش ماوەیـەکی زۆر بـووەو جێگـای ڕێـزو سەرسـامی ئەفلاتون‌و هاوسەردەمانی بووە، ئەوانەی خاوەنی نەزعەی پارێزگارانە بوون.

لێرەدا بایەخی ئەسبرتە بە ئافرەت دێت، چونکە ئەرکی یەکەمی دەوڵەت پارێزگـاریکردن بـوو لـەو ژمـارە زۆرە لەکۆیلـە, پارێزگاریکردنـە لـەموڵك‌و سـامانی هاوڵاتیـان دژی دوژمـن‌و هێرشـبەران, ئـەوەش ناکرێـت بـەبێ ئامادەکردنی سەربازو سوارچاکی ئازا. مادام ئافرەت ئامرازی سـەرەکی بەرهـەمهێنانی ئـەو پیـاوە ئازایانەیـە، ئەوە دەبێت بایەخی پێبدرێت، بەڵام بایەخێکە بۆ نموونە زیاتر لەبایەخی خـاوەن مانگـا دەچـێت بـەمانگاکانی تاوەکو تواناکانیان باشتر بکات.

ئەوە نە یەکسانییەو نە دادپەروەرییەو نە بەرزکردنەوەی پێگەکەیەتی، تەنانەت بەخشینی سادەترین مـافیش نییـە، مـافی وەکـو هەڵبـژاردنی هاوسـەر، بـەڵکو مەسـەلەکە هـەر ئـەوە بـوو ئەسـبرتییەکان پێویسـتیان بـە بەرهەمهێنانی پیاوی زۆر ئازاو بەجەرگ بوو. لەبەرئەوە پێویستە دایکەکانیش بایی ئەوەندە ئازا بـن، دەوڵـەت کەسایەتییەکی بەرزو بوێری دەوێت، بۆیە دەبێت دایك هەموو ئەو سیفەتانە هەڵبگرێت تاوەکو بیگوازێتەوە بـۆ منداڵەکانی‌و بـەبۆماوە بۆیـان جێبێڵێـت. ئـەوان جەسـتەیەکی بـەهێزیان دەویسـت، ماسـولکەیەکی پتـەو دوور لەهەموو نەخۆشییەك، ئەوە بۆ جوانی‌و ڕێکـو پێکـی نـەبو، بـەڵکو بـۆ توانـای بەرەنگاربوونـەوەی دوژمـن بـوو لەکاتی جەنگدا، بۆیە ژنیش دەبێت وابێت. بەو شێوەیە ژنـە بـەپیاو بووەکـان دەرکـەوتن، ئـەو ژنانـەی وەکـو پیاوان ڕەفتاریان دەکردو سیفەتی پیاوانەیان هەڵگرتبوو و تەواو خاڵی بوون لەنـەرم‌و نیـانی‌و ناسـکی‌و سـۆزو هەستی ژنانە, ئەو جۆرە ژنانەش لەنێو دیالۆگی (کۆمار)ی ئەفلاتوندا دەبینرێت.

بێگومان یەکێك لەو هۆکارە گرنگانەی سەرسامی ئەفلاتون بە ئەسـبرتە بریتـی بـوو لـە سیسـتەمی پـەروەردە، تەنانەت لەسەرەتادا بیرکردنەوەی زیـاتر ڕووەو ئـەو سـیما سـەرەکییەی ژیـانی ئەسـبرتە دەچـوو. لیکجـۆرس سیستەمێکی دانابوو بۆ ئامادەکردنی جەنگاوەران لەزۆر لایەنەوە بەدابونەریتی ئامادەکردنی جـەنگاوەر لـەلای هـۆزە سـەرەتاییەکان دەچـوو. بۆیـە هەریـەك لەئەرسـتۆو ئـەفلاتون پێیـان وایـە دەسـتووری ئەسـبرتە سـیما

بنچینەییەکانی خۆی لەدەستووری کریت وەرگرتووە. ئەگەرچی زۆرتر پێدەچێت یەك سەرچاوەی بەراییانەیان هەبوو بێت.

پەروەردە مەسەلەی سەرەکی دەوڵەت بوو، ئەو گرنگیدانەش لەلای زۆربەی شارە یۆنانییەکاندا لەسەردەمی ئەفلاتون شتێکی سەیرو نامۆ بوو, چونکە باوك بەتەنیا بەرپرسیار بوو لەپەروەردەکردنی منداڵەکانی. کەچی لە ئەسبرتە کاتێك منداڵێك لەدایك دەبوو، ڕاستەوخۆ پیشانی گرووپێك چاودێر دەدرا کە دەیانپشکنی تاوەکو بزانن چ کەمو کورییەکی هەیە، ئەگەر نەخۆش بووایەو کەمو کورییەکی جەستەیی هەبووایە، لەسەر شاخێکەوە فڕێدەدرایە خوارەوە بۆ ئەوەی بمرێت.

بەڵام ئەگەر سەلامەت بووایە، دەگێڕدرایەوە بۆ نێو ماڵو خێزانەکەی خۆی بۆ ماوەی (8) ساڵ تاوەکو لەنێو خێزاندا پەروەردە بێت، دواتریش دەدرایە دەوڵەت تاوەکو پەروەردەی بکاتو دەچووە نێو (مێگەل) ــ ئەوە ناوی ئەو جۆرە ژیانە بوو ــ لەژێر چاودێری ڕاهێنەراندا دەمایەوە، مەبەست لەو ڕاهێنانە ئەوە نەبوو ببنە خاوەنی جەستەیەکی ڕێكو پێكو گونجاو وەکو ئەوەی لەلای ئەسینایییەکان گرنگ بوو، بەڵکو بەدەستهێنانی ئازایەتیو ڕەقیو توانای کوشتارو جەنگ بوو، تەنانەت هەندێکجار ڕاهێنەران بە ئەنقەست شەڕیان لەنێو مێرد منداڵەکاندا دروست دەکرد بۆ ئەوەی بەتاكو بەگرووپ بەشەڕ بێن، ئەوەش تاوەکو لەشەڕو کوشتارو ململانێ ڕابێنو بەهێزتر بنو فێری شەڕو لێدان بن، هەر یەکێکیش بتسابووایەو هەوڵیبدابووایە بەشداری شەڕەکان نەکاتو خۆی دوور ڕابگرێت، لەلایەن ڕاهێنەرانییەوە بەتووندی سزا دەدرا.

لەتەمەنی (13)ساڵیدا مێرد منداڵەکان دەگوازرانەوە نێو کۆمەڵێكو مێگەلێکی ترەوەو بەڕووتی ڕاهێنانی جەستەییو سەربازی تایبەتییان وەردەگرتو پێویستبوو لەسەریان هەندێك تاقیکردنەوەی بەرگەی ئازار گرتن ئەنجام بدەنو ژیانێکی سەختو ناخۆش بگوزەرێنن، بۆیە لەسەر قەدی درەختو پەلکی دار خورما دەخەوتنو دەبووایە بەبێ بەکارهێنانی چەقۆ ئەو قەدو پەلکانە بەدەست ببڕنەوەو بەدرێژایی ساڵیش هەر یەك قەد جلو بەرگیان لەبەردابوو، هاوینو زستانیش هەر لەو گوڕە لەسەر زەوی دەخەوتنو خواردنێکی سادەیان پێدەدراو ڕێگایان پێنەدەدرا خۆیان بشۆن، چونکە خۆ شوشتن جەستەی مرۆڤ خاو دەکاتەوە، هەر کەسێکیش بیویستبووایە خۆی بشوات دەبووایە زستان لەکاتی سەرماو سۆڵەدا لەنێو ڕووباری یۆرۆتس خۆی بشوات.

ئەو هەرزەکارانە لەتەمەنی (20) ساڵیدا دەچنە ڕیزی هێزی چەکداری گشتی تاوەکو تەمەنیان دەگاتە (30) ساڵ، ئینجا ڕێگایان پێدەدرێت زەواج بکەنو بچنە ڕیزی کۆمەڵەی گشتیو دەبنە خاوەنی هەموو مافە مەدەنییەکان. بەڵام بەدرێژایی ئەو (10) ساڵە، تەنیا دەبێت لەگەڵ هاوڕێکانیاندا (ئەندامانی گرووپەکەیان) بژینو بۆیان نییە بچنە لای ژنو منداڵەکانیان تەنیا شەو بەدزییەوە نەبێت, بۆیە هیچ ئەرکێکی ماڵەوەیان لەسەر شان نابێت، یا وردتر بڵێین خێزانێکی ڕاستەقینەیان نییە.

ئـەوەی زۆر سـەیرو نامۆیـە لـەماوەی ئـەم مەشـقکردنە زۆرەی ئـەو تەمەنـەدا، هـیچ گرنگییـەکیان نـەدەدا بەخوێندنەوەو نووسینو مۆسیقا، بەڵکو تەنیا بایەخ بەو گۆرانیو سروودانە دەدرا کە باسی مەزنێتی ڕابردوویان دەکردو هانیانی دەدا بۆ جەنگو کوشتار، ئەوەش یەکێکە لەو خاڵانەی ئەفلاتون ڕەخنەی لێدەگرت لەنێو ئـەو سیستەمەدا.

لیکجۆرس پێی وابوو پێویستە لەسەر منداڵان لەڕێگای گوێگرتنو ئەزبەرکردنـەوە فـێری یاساو ڕێساکان بـبن، نـەوەکو لـەڕێگای نووسـینو خوێندنـەوەوە. هـەروەها ڕێگایـان دەدا زۆر شـێوازی سـەرەتاییانە بـەکاربێنن بـۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو ژەمە کەمەی خواردن کە بەسەریاندا دابەش دەکرا، ئەوەش لەڕێگای شکاندنو دزینـی کۆگا گشتییەکانەوە، بەمەرجێك هەر کەسێك لەو دزییەدا دەسگیر بکرابووایە بەر قامچـی دەدرا، لەبەرئـەوە نـا کە دزی کردووە، بەڵکو لەبەرئەوەی دزییەکەی ئاشکرا بـووەو شکسـتی هێنـاوە لـەوەی دزی بکـات. هـەروەها ڕێگایان پێدەدان هیلۆتینییەکان بکوژن تاوەکو لەسەر کوشتنو شەڕ ڕابێن، هەروەها هەندێکجاریش دەبردرانـە ساراو دەشتو چۆڵو داوایان لێدەکرا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خۆیان بژێنن، ئەگینا لەبرسان دەمردن.

لیکجۆرس سیستەمی خوانی هاوبەشی دامەزراند بەشێوەیەك پیاوەکان بەگرووپی بچووك بچـووك کـە لـە (15) کەس پێکدەهات نانیان دەخوارد، لەسەر هەر بەشداربووێکیش پێویستبوو بەشێك لەوەی بۆی دانراوە لەگەنمو شـەرابو هـەنجیرو پـەنیر بداتـە کۆگـا گشـتییەکان، هـەروەها بەشـدارییەکی ڕاسـتەوخۆو نەقـدیش بکـات لەئامادەکردنی ئەو خوانانـە، مەبەسـت لـەو کـارەش ئـەوە بـوو ڕێگـا بـەهیچ کـەس نـەدرێت بەتـەنیاو بـەدزی لەتاریکیدا خۆی قەڵەو بکات، وەکو ئەوەی ئاژەڵە چاوبرسییەکان دەیکەین.

تەنانەت پاشاکانیش لەو کارەدا بەشدار بوون، بۆ نموونە کاتێك پاشا ئـەگیس لەیـەکێك لەجەنگـەکانی لـەدژی ئەسینایییەکان بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە، نەیتوانی ڕوخسەتی ئەوە وەربگرێت ئێوارە لەگەڵ خێزانەکەیدا نـان بخـوات! تەنانـەت هـەر هاوڵاتییـەك بەشـدار نەبووایـە، یـا ئامـادە نەبووایـە، مافـەکانی خـۆی لەدەسـت دەداو ڕەگەزنامەی لێ دەسەنرایەوە. خوانە هاوبەشەکان تەنیا بۆ پیاوان بوو و ژنان بۆیان نەبوو بەشداری تێدا بکەن، ئەوەش یەکێکە لەو خاڵانەی ئەفلاتون بەخەوشی دادەنا لەنێو سیستەمەکەدا.

بەڵام کچ دەبووایە لەماڵ بمێنێتەوەو لەژێر چاودێریو کۆنترۆڵی دەوڵەتـدا. لەسـەر هـەموو کچـێك پێویسـتبوو بەشداری لەیارییە وەرزشییە توندو تیژەکاندا بکات وەکو ڕاکردنو زۆرانبازیو هاوێشتنی قورسی ئاسـنو تـیر هاوێژی، ئەوەش بۆ ئەوەی جەستەی بەهێزو تەندروست بێت، تاوەکو بتوانێت منداڵی ساغو سەلامەت بەرهـەم بێنێت، بۆیە دەبینین لەسەر کچان پێویستبوو لەهەندێك ئاهەنگو بۆنەی گشتیدا بەڕووتی بە بەردەمی کوڕانو گەنجاندا بـڕۆن، ئـەوەش تـاوەکو کچـان هـان بـدات بایـەخ بەلـەشو جـوانی جەسـتەی خۆیـان بـدەن، چـونکە نمایشکردنی خەوشو کەموو کوڕییەکانی جەستەی هـانی دەدات تـاوەکو چارەسـەرییان بکـات، ئـەو کاتانـەش

مەسەلەی ڕووتی جەستەی ئافرەت شتێك نەبوو مایەی عەیبو شەرمەزاری بێت، لەلای ئەفلاتونیش مەسـەلەکە هەر وایە ئەگەرچی ئەوە یەك لەسیماکانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانیشەو نزیکە لەئاژەڵ.
هەروها کچان دەبووایـە لـەکاتی سـەماکردن سـروودیان بگووتبووایـەو بـەو پیـاوە ئازایانـەیان هەڵدابووایـە کـە دەجەنگان، لەهەمان کاتیشدا گاڵتەیان بەپیاوە ترسـنۆکەکان دەکـرد، ئەوانـەی بەرگـەی گۆڕەپـانی جـەنگیان نەدەگرتو ڕایان دەکرد.
هەندێك لەمێژوونووسان پێیان وایە کچان لەگەڵ کوڕان بەشدارییان دەکـرد لەپێشـبرکێو ململانێکانـدا. ڕێگـاش بەکچە نەخۆشەکان نەدەدرا زەواج بکەنو خێزان دابمـەزرێنن، چـونکە دەبـووە هـۆی کەوتنـەوەی نەوەیـەکی نەخۆشو نا تەندروست، بۆیە دەبووایە خۆیان لەزەواج بەدوور بگرن.
دەوڵەت وشیاری گشتی بۆ پیاوانو ژنان بڵاودەکـردەوە لـەبارەی زەواجـەوە بـۆ وردبوونـەوەو چـاودێریکردنی تەندروستی ئەوانەی دەیانەوێ زەواج لەگەڵ یەکتریدا بکەن، چونکە دەوڵەت ڕێگا بەنەخۆشو بونیاد لاوازەکان نادات زەواج بکەن، هەر بۆیەش پاشا ئەرخیدامۆس سزای دارایی هاتە سەر کاتێك زەواجـی لەگـەڵ کچـێك کـرد کەمێك کورتو لاواز بوو.
ساڵی زەواجکردن وەکو ئەوەی دەوڵـەت دیـاریکردبوو (30) سـاڵ بـوو بـۆ پیـاوانو (20) سـاڵیش بـۆ کچـان، ئەوەش نزیکبوو لەتەمەنی زەواجکردن لە ئەسینا, بەڵام زگورتییاتیو ژن نەهێنان لە ئەسبرتە بەتاوان لەقەڵەم دەدراو ئەو کەسە مافی هەڵبژاردنو بینینی ئاهەنگە گشـتییەکانی نـەدەما کـە تێیـدا کـوڕانو کچـان بـەڕووتی سەمایان دەکرد. تەنانەت هەرکەسێکیش بەردەوام بووایە لەسـەر ئـەوەی زەواجـی نـەکردبا، ئـەو ژنـان بۆیـان هەبوو هێرشیان بکەنە سەرو ئازارێکی توندییان پێبگەیەنن.
لەڕاستیدا زەواج لە ئەسبرتە زۆر تایبەتمەندی هەبوو لە کۆمەڵە سەرەتاییەکان دەچوو, دایكو بـاوك زەواجیـان ڕێکدەخست، ئەگەر کورو کچە ڕایبوونایە، ئەوە دەبووایە زاوا بووکەکە بڕفێنێـت، یـا بـەتۆبزیو بـەزەبری هێـز لەماڵی باوکی بیباتە دەرەوە، لەبەرانبەریشدا چاوەڕوان دەکرا کچەکە بەرگری لـەخۆی بکـات، ئـەو زاراوەیـەی گوزارشتی لەو حاڵەتەش دەکرد لاقەکردن بوو.
ئەگەر هەندێك پیاوی بەتەمەن هەبووان هێشتا زەواجیان نەکردبێت، ئەوە لەژوورێکی تاریکدا لەگـەڵ کۆمـەڵێك کچ بەیەکەوە کۆ دەکرانەوەو هەریەکەو هاوسەری ژیـانی خـۆی لـەم تاریکییـە هەڵدەبـژارد. ئـەو سیتسـەمەش سیستەمی زەواجی پاسەوانمان لەلای ئەفلاتون بیر دەخاتەوە. بەهەرحاڵ ژن بەهیچ شێوەیەك ڕای خۆی نەبوو لە دەستنیشانکردنی هاوسەری ئایندەی ژیانیدا.
لەڕاستیدا شوێنگەی ژن لە ئەسبرتە لەشارەکانی تری یۆنان باشتر نـەبوو، بەپێچـەوانەی ئـەو ڕایانـەی هەنـدێك لەتوێژەران هەیانەو سەرسامن بەوەی کچان مەشقو ڕاهێنانیانکردووەو بەڕووتی لەبەردەم گەنجاندا تێپەڕیون، وەکو ئەوەی شتی وا لەنێو کۆمەڵگا بەراییەکاندا نـەبووبێت, وەکـو چـۆن هەنـدێك لـەهزرڤانان ئیلغاکردنـەوەی

خێزانو ئازادکردنی ئافرەت بەیەکەوە دەبەستنەوە، مادام خێزان بەو شێوەیە بوونی نەبووە لەئەسبرتەدا، ئەوە هەندێك کەس پێیان وابووە کە ئافرەت شوێنگەیەکی شیاوی هەبووە، ئەوەش خاڵێکی گرنگەو پێویستە لەسەری بووەستین، چونکە ئەوە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی تێکەڵاوی لەلایەن ئەو کەسانەوە دروست بێت کە ڕاڤەی کۆماری ئەفلاتونیان کردووە، بەداخەوە کە سیمۆن دی بۆڤواریش یەکێك بووە لەوانەو دەڵێت:" مادام چەوساندنەوەی ئافرەت بۆ ئارەزووی نەمری خێزان دەگەڕێتەوە لەگەڵ پاراستنی موڵکدارێتی تایبەتدا، ئەوە هەرچەندەی ئافرەت لەخێزان ڕزگار بێت، ئەوەندە لەپاشکۆیەتی ڕزگاری دەبێت. ئەگەر هەر کۆمەڵگایەك موڵکدارێتی تایبەت ڕەتبکاتەوە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی خێزاندا، ئەوە ڕەوشی ئافرەت بەشێوەیەکی گەورەو بەرچاو باشتر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین شاری ئەسبرتە کە خاوەنی سیستەمی موڵکدارێتی گشتی زەوی بوو، تاکە شار بوو لەیۆنان یەکسانانە هەڵسو کەوت لەگەڵ ژنو پیاو دەکراو کچەکانیش جلو بەرگی کوڕانیان لەبەردەکردو کاری ژن لەگەڵ مێردەکەی تەنیا لەماڵ نەبوو، چونکە ڕێگا نەدەرا مێردەکەی سەردانی ماڵەوە بکات تەنیا بەشەوو بەدزییەوە نەبێت، ژنیش بەتەنیا موڵکی تایبەتی یەك پیاو نەبوو، چونکە بۆ مەسەلەی چاکتر کردنی ڕەگەزی منداڵەکان ڕێگا دەدرا بەپیاوێکی تریش بێتو لەگەڵیدا بخەوێت. بۆیە دەبینین کاتێك مەسەلەی میرات نامێنێت، ئەوکاتە مەسەلەی زیناکردنی ژنانیش نامێنێت، چونکە هەموو منداڵەکان موڵکی دەوڵەتن، لێرەدا چیتر پیاوێك نەبوو ژن بەکۆیلە بکات بەهۆی غیرەوە، یابڵێین مادام هاوڵاتی خاوەنی هیچ موڵکێکی تایبەتیو نەوەیەکی دیاریکراو نییە، ئەوە خاوەنی ژنیش نییە، بۆیە پێویستبوو ئافرەتیش کاتی خۆی بۆ بەخێو کردنی منداڵ تەرخان بکات وەکو چۆن پیاو کاتی خۆی بۆ شەڕ تەرخان دەکات".

ئەو دەقە زۆر سەیرە لەلایەن خانمە نووسەرێکەوە نووسرابێت کە ڕەنگە بەتواناترین ئافرەت بووبێت توانیبێتی بەقووڵی ڕۆبچێتە نێو پرسی ئافرەت، دەڵێم سەیرە، چونکە ئەو خانمە هەر خۆی لەهەمان کتێبدا دەنووسێت:" ئیلغاکردنەوەو بەلاوەنانی خێزان مەرج نییە مانای ڕزگار بوونی ئافرەت بگەیەنێت. نموونەی بەرچاو هەن لەهەریەك لە ئەسبرتەو ڕژێمی نازی بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەو سیستەمانەش ئافرەتیان کەمتر لەپیاوان نەچەوساندۆتەوە بەهۆی ئەوەی بەتەواوی ملکەچو پاشکۆی دەوڵەت بووە".

سەیر لەوەدایە سیمۆن دی بۆڤوار ئاماژە بەوە دەدا کە "کچان جلی وەکو کوڕانیان لەبەردا بووە" گوایە ئەوە بەڵگەیە لەسەر یەکسانی، وەکو ئەوەی یەکسانی مانای ئەوە بێت شتە جیاوازەکانی ئافرەت لێبکرێتەو تاوەکو لەپیاو بچێت. لەڕاستیشدا هەر ئەوە لەئەسبرتەدا ڕوویدەدا، چونکە هەر تەنیا ئافرەتی بەپیاو بوو بوونیان هەبوو وەکو ئەوەی ئەرستۆو خەڵکانیتریش باسیان لێوە کردووە، لەبەرئەوەی ئافرەت لەئەسبرتەدا خاوەنی نەرمو نیانیو سیفاتەکانیتری مێینە نەبوو و زیاتر مۆرکێکی پیاوانەی هەبوو ڕێگای پێنەدەدرا هیچ هەستێكو سۆزێك یا لاوازیو ترسێك پیشان بدات لەکاتی لەدەستدانی مێردو کوڕەکانی لەکاتی جەنگدا.

بلوتارك دەڵێت:" ژنانی ئەسبرتە بەبوێریو پیاوەتیو ئازاییو خۆ بەگەورە زانین بەرانبەر مێردەکانیان ناسراونو بەئاشکراو ڕاشکاوانە قسەیان لەسەر هەموو شتێك دەکرد". بڕواشم وانییە ئافرەتی ئەسبرتەیی ئەرکی دایکایەتییان جێبەجێکردبێت وەکو ئەوەی سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێت، چونکە ئەگەر سیستەمی ئەسبرتەیی ویستبێتی خواستبێتی منداڵە نەخۆشو لاوازەکان لەناو ببات، ئەوە دایك خۆیشی لەڕێگای کۆمەڵێك شێوازو ڕێگای جیاجیاوە ئەو کارەی ئەنجامداوە، بەبێ ئەوەی هەست بەهیچ سۆزێکی دایکانە بکات لەبەرانبەر منداڵەکەی خۆیدا، چونکە دایك هەر لەگەڵ منداڵبوونیدا ڕاستەوخۆ " منداڵەکەی خۆی دەخستە نێو تەشتە شەرابێكو نقوومی دەکرد بۆ چەند چرکەیەك، ئەگەر منداڵەکە نەمردبووایە ئەوە مانای وابوو جەستەی بەهێزەو مافی ئەوەی هەیە پەروەردە بکرێت، ئەگەر مردیش مانای وایە جەستەیەکی لاوازی هەیەو دایکیش ئەرکی خۆی بەرانبەر بەکۆمەڵگا بەجێگەیاندووە بەوەی لەبوونەوەرێکی لاوازی ڕزگار کردووە کە مافی ژیانی نییە".

دوای ئەوەش منداڵەکە وەکو گووتمان پیشانی لێژنەیەك لەچاودێران دەدرا، ئەگەر بینیان باشە دەیانگێڕایەوە بۆ باوەشی دایکی تاوەکو تەمەنی دەگاتە (8)ساڵ پەروەردەی بکات، بەڵام دایك لەو ماوەیەی پەروەردەکردندا چی دەکرد؟

" دەبووایە بەپێی ئەو سیستەمە برۆن کە دەوڵەت بۆیانی دانا بوو لەپەروەردەکردنی منداڵداو نەدەبوو زۆری دابپۆشنو بەجلو بەرگی زۆر ڕێگای جووڵەو گەشەکردنی جەستەیی لێبگرن، هەروەها دەبێت لەمامەڵەدا نەختێك توندو تیژی بنوێنێتو ڕێگای پێنەدات بگرییێتو داواکانیشی جێبەجێ نەکاتو لەژووری تاریکیشدا بەتەنیا جێبێڵێت تاوەکو فێری ئازایەتیو دان بەخۆدانگرتن بێت".

لەهەموو حاڵەتێکدا ئێمە هەست ناکەین بەرانبەر دایکێکین بەمانای وردی وشەی دایکایەتی. لەم چیرۆکانەشدا کە باس دەکرێت لەبارەی ئازایەتی دایك، گوایە دایك بەدەستی خۆی سەری کوڕەکەی خۆی بڕیوە چونکە لەجەنگ هەڵاتووەو ڕایکردووە هیچ جۆرە دایکایەتییەك بەدی ناکەم، تەنانەت ئەگەرهاتوو ئەم هەڵاتنەی کوڕەکەی مایەی سزادانیش بێت لەلایەن دەوڵەتەوە. ئەوە دایکێکی درندەیە کە سەری کوڕەکەی دەبڕێت بەدەستی خۆی، ئەگەرچی هۆی سەربڕینەکەی هۆکارێکی نیشتمانیش بێت, چونکە هەستو سۆزی دایکایەتی بەرانبەر بەمنداڵ دەبێت هەزاران جار دوو دڵی بکات تا ئەوکارە نەکات.

ڕۆسۆ دەڵێت:" هاولاتی ئەسبرتی ناسنامەی خۆی ون کردبوو، بەشێوەیەك لەنێو دەروونی خۆیشیدا دووچاری هیچ کێشەیەك نەدەهاتەوە، بەرز ڕاگرتنی نیشتمانیش زۆر بەشێوەیەکی سروشتی بۆی دەهات".

دایکێکی ئەسبرتی کە پێنج کوڕی هەبوو لەڕیزی سوپادا بوونو بەدوای هەواڵیاندا وێڵ بوو، چاوی بەکۆیلەیەك کەوتو بەگیانێکی پڕ لە لەرزەوە لێی پرسی:" هەواڵ چییە؟" کۆیلەکەش ڕاستەوخۆ وەڵامی دەداتەوە:" هەر پێنج کوڕەکەت کوژراون" ئەویش بەتووڕەیی وەڵامی کۆیلەکە دەداتەوەو پێی دەڵێت:" هەی کۆیلەی هیچو پووچ من پرسیاری ئەوەم لێکردی؟"، کۆیلەکەش لەوەڵامدا پێی دەڵێت:" ئەگەر پرسیاری ئەنجامی جەنگەکە

دەکەیت، ئەوە ئێمە سەرکەوتین". ئەوکاتەش دایکەکە بەرەو پەرستگا ڕایکرد تاوەکو سوپاسی خواوەندەکان بکات، کاتێکیش سەرقاڵی شاردنەوەی لاشەی کوڕەکانی دەبێت، لەبەرخۆیدا دەڵێت:" بەڕاستی ئەوە چارەنووسێکی مەزنە، ئەوانە لەپێناوی ئەسبرتەدا کوژراون".

باشە ئەوە دایکایەتییەکی ڕاستەقینەیە؟ لەڕاستیدا ئێمە لێرە هیچ شتێك نابینین، تەنیا دڵڕەقییەکی زۆر سەرەتاییانە نەبێت کە هیچ شتێك هاوشانی نییە تەنیا دڵڕەقیو دڕندایەتی پیاوی ئەسبرتەیی نەبێت.

سەبارەت بەشێوازی زەواجیش ئێمە نازانین شێوازێکی دەستەجەمعی بووە یا تاك، ئەنگلس هەوڵیداوە شیبکاتەوەو دەڵێت:" لە ئەسبرتەدا جۆرێك لەزەواجی تاك هەبوو کە دەوڵەت سەپاندبوویو ڕێکی خستبوو تاوەکو لەگەڵ ڕەوشی ئەو کات بگونجێت، ئەوەش زەواجێك بوو زۆر سیماو تایبەتمەندی زەواجی کۆمەڵی تێدا بوو".

زۆر لەپیاوەکان ڕازیبوون بەوەی پیاوێکی تریش هەبێت بەشدار بێت لەگەڵیان لەژنەکانیاندا، بەتایبەتیش براکانیان، واتا بەدوو برا یەك ژنیان هەبوو. لیجۆرسیش گاڵتەی بەو کەسانە دەکرد کە ژنەکانیان تەنیا بۆ خۆیان بووەو دەڵێت:" کارێکی پووچانەیە خەڵك بایەخ بەسەگو ئەسپەکانیان بدەن بۆ ئەوەی نەوەی باشیان لێبکەوێتەوە، کەچی دەبینی ژنەکانیان تەنیا بۆخۆیان گلداوەتەوە بۆ ئەوەی منداڵیان لێ بەرهەم بێنن".

ئەسبرتەییەکان بەقسەی یاسادانەرەکەی خۆیان کردوو، بۆیە چەند برایەك بەیەکەوە تاکە ژنێکیان هەبووە، هەروەها هەموو کەسێك ئەگەر برادەرەکەی ڕازیبووایە دەیتوانی بەشداری خێزانەکەی بکات. بلوتارك قسەیەك دەگێڕێتەوە کە گوایە ژنی ئەسبرتەیی کاتێك حەزی لەیەکێکی تر بووایە داوای لێدەکرد بچێتە لای مێردەکەی بۆ ئەوەی ڕوخسەتی لێوەر بگرێتو ڕێگا بدات بۆ هەردووکیان بێت.

سەیر لەوە دایە ئەنگلس دواتر دەڵێت:" زینا بە مانای تەواو بوونی نەبووە, واتا ژنێك بەبێ ئاگاداری مێردەکەی سێکسی لەگەڵ پیاوێکی تر کردبووایە". دواتریش دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە" بەهۆی هەموو ئەو ڕەوشەوە، ئافرەت لەئەسبرتە بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتانیتری گریکی پێگەیەکی شایستەی هەبووە".

جیمس دونالدسۆن دەگێڕێتەوە کە پیاوێك هەوڵیداوە ئافرتێکی ئەسبرتەیی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت بۆئەوەی مەرامی خۆی لەگەڵدا جێبەجێ بکات, ئافرەتەکەش پێی دەڵێت:" کاتێك کە هێشتا کچ بووم، فێربووم گوێڕایەڵی باوکم بموو گوێڕایەڵیشی بووم. کاتێکیش شووم کرد، گوێڕایەڵی مێردەکەم بووم، بۆیە ئەگەر داوای کارێکی وام لێدەکەیت پێویستە پێشتر ڕەزامەندی مێردەکەم وەربگریت".

ئەو کەسانەی باسی ئەوە دەکەن کە لەشاری ئەسبرتەدا زیناو سێکسی نهێنی نەبووە، پێیان وایە هۆی ئەوەیە کە ئافرەت شوێنگەو پلەو پایەیەکی ڕێزداری هەبووە، ئەوەیان بیر چۆتەوە کە ژن لەڕەوشێکی زۆر خراپترو ئاست نزمتر لەحاڵەتی زینادابووە, چونکە ژن دەبووایە پێوەندی زایەندی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دروستبکات کە

مێردەکەی پێیان ڕازیبوو, یا ئەو هاوڕێیانەی خۆی, ئەوانەی کە گەنج بوونو دەیانتوانی منداڵی تەندروستو بەهێز بەرهەم بێنن.
لێرەدا ئافرەت وەکو مەڕو ماڵات مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت کاتێك خاوەنەکەی دەیەوێت ڕەگەزەکەی باشتر بکات, ئافرەتیش ناچار بوو لەنێو ئەم ڕەوشە خراپەدا خۆی بەدەستەوە بدات. جگە لەوەش, دەبێت ئەوەش لەبەرچاوی خۆمان دابنێین کە پێشکەشکردنی ژن بۆ میوانو هاوڕێ لەلایەن مێردەکەیەوە شتێکی باوو بڵاوبووە لەنێو کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا, بەتایبەتیش لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەی لەسەر ڕاووشکار یا شوانکارەیی دەژیان, هەر بەوشێوەیەش لەسەردەمی جاهیلەتدا شێوازی مارەیی بازرگانی لەلای عەرەب بڵاو بۆوە.
هەموو ئەوانە, لەلایەك بەڵگەن لەسەر دواکەوتوویی کۆمەڵگای ئەسبرتەیی، لەلایەکی تریشەوە بەڵگەن لەسەر خراپی ڕەوشی ژیانی ژنان لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا. بەپێچەوانەوە, ئێمە پێمانوایە ئەو حاڵەتە دەگمەنانەی خیانەتی خێزانی کە لەئەسینادا هەبوو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕەوشی ئافرەت پێشکەوتووترو پۆزەتیڤتر بووە, چونکە لێرەدا جۆرێك لەهەڵگەڕانەوە لەدژی مێرد بەدی دەکەین, هەوڵێك بۆ سەلماندنی خودو جەختکردنەوە لەسەر کەسایەتی ئافرەت لەدژی باڵا دەستیو زۆرداریو گوێ پێنەدانی مێرددا، یا وا مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەت وەکو ئەوەی شتێکی ناوماڵ بێت.
ئەدلەر دەڵێت:" بڕیاری ئافرەت بەوەی کە ناپاکی لەگەڵ مێردەکەی بکاتن زۆرتر بۆ بێزاری ئافرەت دەگەڕێتەوەو بەردەوام جۆرێکە لەتۆڵەسەندنەوە. وەکو ئەوەی بەرەنگاری مێردەکەی ببێتەوەو پێی بڵێت تۆ تاکە پیاو نیت لەجیهانداو ئەو دەتوانێت پیاوانی تر بدۆزێتەوەو ڕێزی جوانیو سەرنج ڕاکێشییەکەی بگرن، وەکو ئەوە وایە ژن بیەوێت بەمێردەکەی بڵێت: من خزمەتکارو کەنیزەکی تۆ نیم، تۆ خۆت بەزیرەك دەزانیت، بەڵام من دەتوانم وەکو گەمژەیەك پیشانت بدەم".
کەچی ژنی ئەسبرتەیی ببوو بەئاژەڵ, ئاژەڵێکی وشکانی تەنیا کاری ئەوە بوو منداڵ بەرهەم بێنێتو ڕەگەزەکەیان باشتر بکات, چونکە دەکرێت هەر پیاوێکی بەهێز دوای ئەوەی ڕەزامەندی مێردەکەی وەردەگرێت لەگەڵیدا بخەوێت تاوەکو منداڵی بەهێزی بۆ بەرهەم بێنێت. ئەو ئافرەتێکی وشکانییە، بەمانای ئەوەی هەموو ئەو سیفەتانەی لەدەستداوە کە مێینەیەك هەیەتی, تەنانەت لیکجۆرس بەڕاشکاوی ئامۆژگاری کچانی دەکرد کە دەسبەرداری هەموو سیفەتە مێینەییەکانیان بن، سیفەتە بەدەستهێنراوەکانی مێینەیی وەکو شەرمو حەیا, بۆ ئەوەی بتوانن بەڕووتی لەبەردەم پیاوەکاندا سەما بکەن.
وەکو پێشتریش باسمانکرد، سۆزی دایکایەتیشی لەدەست دابوو, باشە چیبڵێین لەئاست ئافرەتێکدا کە دەسبەرداری لێدانی پیاوە گەنجەکان نابێت بۆ ئەوەی توندترین ئازاریان پێ ببەخشێت وەکو ئەوەی دیورانت باسی دەکات.

بەڕاستی مرۆڤ دووچاری سەرسوڕمان دێت کاتێك دەبینێت یەکێك لەزانایانی پەروەردە دەڵێت:" دایکانی ئەسبرتە بەوە ناسراو بوون کە بەتوانان لەپەروەردەکردنی منداڵداو فێریان دەکردن نەگریێنو لەڕێگای پیشاندانی ترسو تووڕەبوونەوە گوزارشت لەخۆیان نەکەنو هەر لەبچووکیەوە فێریان دەکەن بەرگەی برسێتیو ئێشو ئازار بگرن، بەبێ ئەوەی بێزاری پیشان بدەن یا گلەیی بکەن".

باشە ئەوە بە توانایە لەپەروەردەکردنو پێگەیاندنی منداڵ یا دڕندایەتییە؟ باشە لێرەدا ئێمە جۆرێك لەتووندوتیژی عەقڵیەتی سەرەتاگەرایی بەدی ناکەین کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ هەستو سۆزی دایکایەتیدا ناگونجێت.

هەموو ئەوانە ئەو قسەیەمان دەسەلمێنن کە ئەسبرتە نزیکبووە لە سیستەمی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانو هیچ گرنگییەك نەدراوە بەڕۆشنبیریو زانیاریو ئەدەب، ئەوەش یەکێکە لەو کەموکوڕییانە ئەفلاتون وەکو عەیبێك لەو سیستەمە تەماشایان دەکات. بگرە مۆسیقایەش کە ئەفلاتون پێی وایە شتێکی سەرەکییە بۆ پەروەردەکردنی رۆح, تەنیا بۆ پیاهەڵدانو مەزنێتی قارەمانانو هاندان بۆ کوشتن دەخوێنراو دەژەنرا. بەکورتی یاساکانی ئەسبرتە تەنیا سەربازی ئازایان بەرهەم دێناو بەس، بەڵام هێزی جەستەی کردبووە هێزێکی دڕندانەو هەموو توانا عەقڵییەکانی کوشتبوو، بۆیە ئیزۆقرات لەو بارەیەوە دەڵێت:" بەڕاستی ئەوان لەبەر بەرییەکانیش دواکەوتوو تر بوون".

دیارە بێگومان لەڕەوشێکی ئاواد جێگەو پێگەی ژنیش کاریگەر دەبێت بەڕەوشی موڵکدارێتی لەکۆمەڵگادا, بەدرێژایی مێژووش ئێمە ئەوە بەدی دەکەین، چونکە لەقۆناغە بەراییەکانی مرۆڤدا کە هێشتا موڵکدارێتی تاکەکەسی سەری هەڵنەدابوو مرۆڤ هێشتا لەسەر کۆکردنەوەی بەروو بوومی ڕووەکی دەژیا، پیاو لەلای گرنگ نەبوو ژنێکی دیاریکراوی هەبێت. کاتێکیش سامان سەری هەڵداو لەگەڵیشیدا سیستەمی میرات هاتە بوون, پیاو بایەخی بەدڵسۆزی ژنەکەیدا بۆ ئەوەی نەوەیەکی لەخوێنی خۆی پێبداتو بۆ بەرهەم بێنێت بۆ ئەوەی لەدوای خۆیدا سامانی بۆ جێبێڵێت.

ئەگەر موڵکدارێتی بەکۆمەڵ بووایە، ئەوە زەواجیش نزیکتربوو لەزەواجی بەکۆمەڵیو خێزانیش بەمانا تەقلیدییەکەی هەڵدەوەشایەوە، ئەوەش ڕەوشی ژیانی ئەسبرتە بوو, چونکە یاسادانەری هەرە گەورەی لیکجۆرس لەسەدەی نۆیەمدا هەڵسا بەسڕینەوەو هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی موڵکدارێتی تاکەکەسی بۆ زەوی, سەرلەنوێ زەوی لاکۆنیای دابەشکردە سەر (30000) هەزار پارچە زەوی یەکسان لەڕووی بەهاو ڕووبەرەوە, ئەوەش ژمارەی خێزانە ئەسبرتاییەکانی ئەو کاتە بوو, هەر پارچە زەوییەکیشی بەخشییە خێزانێك بۆ ئەوەی لەڕێگای کۆیلەکانەوە بەکاری بێنن, دەوڵەتیش پشکی هەرە گەورەی بەردەکەوت لەسامانی زەویو داهاتەکانی خەڵکدا، ئەوەش لەبەرانبەر بەرپرسیارێتی لەخەرجی پەروەردەو کاری سەربازیدا.

بۆیە مولکداریتی تاکەکەسی بوونی نەماو خێزانیش بەمانای وردی وشەکە کە باوکێك هەبێت بەتەواوی لێی بەرپرسیار بێت، بوونی نەما. زینۆفۆن دەڵێت:" لیکجۆرس دژی ئەو شتانە بوو کە لەشارەکانی تردا باو بوون، وەکو ئەوەی باوك باڵادەست بێت بەسەر موڵكو سامانو منداڵو خزمەتکارەکانی، چونکە ئەو دەیویست سەلامەتی هەموو هاوڵاتیان بپارێزێت، بۆیە پێی وابوو دەبێت هەموو هاوڵاتییەك وەکو چۆن دەسەڵاتی بەسەر منداڵەکانی خۆیدا هەیە، ئاواش دەبێت دەسەڵاتی بەسەر جیرانەکانیشیدا هەبێت, تەنانەت ئەگەر منداڵێك چووە لای باوکی گلەیی ئەوەی کرد کەسێك لەتەمەنی باوکی بووەو دارکاری کردووە, ئەوە باوك زۆر بەهەڵە دادەچێت ئەگەر ئەویش منداڵەکەی دارکاری نەکاتەوە. هەروەها ڕێگای پێدابوون خزمەتکاری جیرانەکانی خۆیان بەکاربێنن بۆ کاری خۆیان، ئەو بۆچوونە کۆمۆنیستییەی بەسەر سەگو ئەسپو شتەکانی تریشدا سەپاندبوو".

لێرەدا مولکداریتی بەکۆمەڵەو پەروەردەش بەکۆمەڵەو زەواجیش بەکۆمەڵە. تێبینی دەکرێت کە مێردەکان پێیان خۆشبوو ژنەکانیان پێوەندییان لەگەڵ پیاوانیتردا هەبوو بێت، چونکە دەبووە هۆی ئەوەی منداڵیان زۆرتر بێت، هەر پیاوێکیش سێ کوڕی هەبووایە، چیتر خزمەتی سەربازیان پێنەدەکرد.

ئەوەی چوار کوڕی هەبووایە، هەر بە یەکجاری لەسەربازی دوور دەکەوتەوە. دواتریش پیاو هیچ زەرەری نەدەکرد ئەگەر ژنەکەی لەپیاوێکی تردا منداڵی ببووایە, چونکە هیچ میراتێکی لەسەروەتو سامانو زەوی ئەو خێزانەی بەر نەدەکەوت، لەبەرئەوەی ئەو زەوییەی خێزان هەیبوو، نە بۆ فرۆشتن بوو، نە بۆ دابەشکردنو نە کەسیش بۆی هەبوو دەسبەرداری بێت.

لەبەر هەموو ئەو هۆیان، ئێمە نابینین ئافرەت لەنێو کۆمەڵگای ئەسبرتەییدا شوێنگەو پلەو پایەیەکی شیاوی هەبوو بێت، ئەو کۆمەڵگایەی هەموو سیفەتو ڕواڵەتەکانی مێینەیی لێداماڵیو فێری توندوتیژی کرد، تەنانەت لەگەڵ منداڵو مێردی خۆشیدا، بەشێوەیەك هیچ شتێکی ئافرەتانەی تێدا نەمایەوە، تەنیا کاری ئەوەبوو منداڵ بەرهەم بێنێتو ڕەگەزەکەیان باشتر بکات.

دواتر ئەو کۆمەڵگایە نەیتوانی لەو پێشەکییانەوە دەرچێتو بگاتە ئەنجامێکی لۆژیکی وەکو ئەوەی دواتر ئەفلاتون کردی, باشە ئەگەر ئافرەت بەو شێوەیە گۆڕاو بوو بەپیاو چ شتێك ڕێگای لێدەگرێت لەڕێکخستنی سیاسیدا بەشدار بێت؟ بۆچی ئەویش لەگەڵ پیاواندا لەسەر یەك سفرەو خوانی هاوبەش نان نەخوات؟ چەندین خەوشو کەموو کوڕی تر کە ئەفلاتون لەسیستەمی ئەسبرتەییدا بەدی دەکاتو هەوڵدەدات یەکەمجار لەنێو کتێبی (کۆمار)دا چارەسەریان بکات دواتریش لەنێو کتێبی (یاساکان)دا پێیاندا دەچێتەوە.

ئەوەی بەڕاستی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە تەنانەت یەك ئافرەتیش لەنێو ئەنجومەنی پیرانی (گێرۆسیا)دا بوونی نەبووە کە لەدوو پاشاو (28) پیاو پێکدەهات، ئەوانەی تەمەنیان لەسەرووی (60)ساڵیەوەیەو خاوەنی کەسایەتییەکی چاکەکار بوون.

بگرە نەزانراوە تەنانەت یەك ئافرەتیش ئەندامی کۆمەڵەی گشتی بوو بێت کە لەهەموو هاوڵاتییە پیاوە ئەسبرتاییەکان پێکدەهات، ئەوانە تەمەنیان لەسەرووی (30) ساڵیەوە بوو قۆناغی ئەو ڕاهێنانەیان بڕیبوو کە یاسا بەسەریاندا سەپاندبووی، تەنانەت یەك ئافرەتیش ئەندام نەبوو لەنێو ئەو پێنج چاودێرەی کە ساڵانە کۆمەڵەی گشتی هەڵیان دەبژێرێت بۆ چاودێریکردنی بەرژەوەندی گەل‌و سەرپەرشتیکردنی سەربازگەکانی مەشق.

لەکۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین کچ میراتی پێنەدەدرا ئەگەر باوکی ڕازی نەبووایە، چونکە لەبنەچەدا میرات تەنیا بۆ کوڕان بوو، ئەگەر کەسێکیش کوڕی نەبووایە، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دوو پاشاکە دەیتوانی کوڕێك لەکەسێکی تر بخوازێت‌و وەکو کوڕی خۆی پەروەردەی بکات, یا دەیتوانی میراتەکانی خۆی ببەخشێتە کچەکەی‌و بیداتە هەر کەسێکی تر کە خۆی حەزی پێدەکات یا وەسیەت نامەیەك جێبێڵێت‌و چارەنووسی کچەکەی بداتە دەست کەسێکی تر، لێرەشدا سەرپەرشتیاری کچەکە بۆی هەبوو بیدات بەهەر کەسێك یا بۆ خۆیشی مارەی بکاتەوە.

وەکو گوتمان، باوك دەیتوانی کوڕێکی تر پەروەردە بکات بۆ خۆی، یا ئەوەی لەدوای جێدەما دەیدایە هاوڕێچیەکی یا ناسیاوێکی خۆی, وەکو ئەوەی ئەرستۆ دەڵێت گوایە لەڕۆژگاری ئەودا" پێنج یەکی زەویەکانی ئەسبرتە بەدەستی ژنانەوە بوو، چونکە بەشێکی زۆریان تاکە میراتگر بوون‌و ئەو زەویانەیان بۆ بەجێ مابوو.

ئەگەرچی جۆنز پێیوایە مەبەستی ئەرستۆ بێوەژنەکانی ئەسبرتە بووە کە لەکۆتایدا دەبوونە خاوەنی مارەیی خۆیان. مارەییەکەش خزم‌و کەسی کچەکە دەیانداو لەلای مێردەکەی دەمایەوەو بەکاری دەهێنا، بەبێ ئەوەی بۆی هەبێت سەرفی بکات یا بیفرۆشێتەوە تا ئەو کاتەی ژنەکەو لەگەڵیدا مابۆوە, ئەگەر تەڵاقیشی بدابووایە، ئەوە ژنەکە دەچێتەوە ماڵی باوکی یا سەرپەرشتکارەکەی، بۆیە مارەیی ئافرەت ئەو کاتە گەلێك زۆر بووە.

هەر ئەو هۆیەش بوو پاڵی بەئەفلاتونەوە ناوە لەنێو کتێبی (یاساکان)دا باس لەوە بکات کە دەبێت مارەیی نەمێنێت، هەروەها وای لە ئەرستۆش کردووە بڵێت:" باشترە مارەیی نەمێنێت یا بڕێکی کەم یا مام ناوەندی بێت".

## پاژی دووەم

## ئەفلاتون‌و ئافرەت

## بەشی یەکەم

## ئافرەت لەنێو دیالۆگی کۆماردا

**دەسپێك:**

کتێبی یەکەم لە گفتوگۆ لەبارەی کۆمارە وە دەست پێدەکاتو, بە پێناسەی جۆراوجۆر لەبارەی یەکسانیو دادپەروەری کۆتایی پێدێت, بەڵام کتێبی دووەم لە یەکسانی تاکەوە دەگوازرێتەوە بۆ دادپەروەری لەنێو دەوڵەتدا, چونکە ئەوەی دووەم وێنەی گەورە کراوی یەکەمە, دواییش ساناترە بۆ درك پێکردن.

لێرەدا ئەفلاتون لێکۆڵینەوە لەبارەی سەرهەڵدانی دەوڵەتو گەشەکردنی دەست پێدەکات، ئەوەش دەزانێت کە ئەسڵی کۆبوونەوەی مرۆڤو بنەمای ڕاستەقینە بۆ گەشەکردنی دەوڵەت بریتییە لەپێداویستی، یا نەداری تاك لەوەی بتوانێت تەنیا پشت بەخۆی ببەستێت, بە تایبەتی لە باسە گرنگەکانی وەکو خۆراکو جلو بەرگو ماڵ, تێرکردنی ئەو هەموو پێداویستیانەش یەك کەس ناتوانێت پێی هەڵبستێت، بەڵکو دەبێ دابەش بکرێت، بۆ ئەوەی هەریەکەو بەکاری خۆی هەڵبستێت. دوایش هەر تاکێك بەکاری خۆی هەڵبستێتو پابەند بێت پێیەوە وەکو ئەوەی یەکێك زەوی دەکێڵێتو یەکێکی تریش ئامێری کێڵان دروست دەکات, دوایی کێ هەڵدەستێت بە بەخێوکردنی مانگاو مەڕوماڵات کە ئامێری کێڵانەکە ڕادەکێشن...تاد.

بۆیە دەبێ لەپاڵ جووتیارو پیشەسازو شوانو کرێکاران، بازرگانو کاڵا هێنەرو کاڵا نێر هەن، کە کاردەکەن لەپێناو هەناردنە دەرەوەوەی کاڵاو هێنانە ناوەوەیو ..تاد. ئەوە بنەمای سەرەکییە لەنێو هەموو کۆمەڵگایەکدا, ئەویش چینی بەرهەمهێنەر یا کرێکارو خزمەتگوزارن. ئەگەر هەر بەوەندەش بووەستین، ئەوە دەبینە کۆمەڵگای شەهوەت کە پڕ بێت لەخوێو زەیتونو پەنیرو سەوزەو میوە, واتا هەموو ئەوانەی کە تاك پێویستی پێیان هەیە لەخۆراکو جلو بەرگ، بەڵام ژیان هەر بەوەندە ناوەستێت، چونکە ئەمجۆرە ژیانە نزیکە لە ژیانی (بەراز)!

ئەگەر دەوڵەت مەبەستی بێت تەنیا ئەو شتانەی سەرەوەمان بۆ دابین بکات، ئەوە کەواتە شارێکی پڕ لە بەرازی ڕێکخستووە. ئەوەش بە خودێکی شەهوانی دەچێت کە تەنیا خەمی تێرکردنی جەستەی هەیە، بەڵام ئێمە دوای ئەوە پێویستمان بەکەسانێك هەیە کە پاسەوانی لەشار بکات، کەسانێکیش کە حوکمرانی شار بکەن. ئەوەش کارێکە بەجووتیارو پیشەکاران ناکرێت، چونکە پێشتر گووتمان دەبێت هەر کەسێك کارێك بکات. بەم شێوەیە دەبێ چینێکی نوێ لە سەربازان سەرهەڵبدەنو لەوانەوە جارێکی تر حوکمڕانان بێنەدی، لەنزیکی کۆتاییەکانی کتێبی دووەمدا، بۆ یەکەمجار ئەفلاتون زاراوەی پاسەوانان بەکاردێنێت بۆ دەلالەتکردن لەهەردوو چین بەیەکەوە.

ئەو پاسەوانانەش پێویستیان بە پەروەردەیەکی تووندوچاك هەیە، چونکە جەنگ هونەرە, کەسێکیش ناتوانێت بجەنگێت ئەگەر لەسەری ڕانەهاتبێت‌و نەزانێت چۆن لەگەڵ هاوڵاتییانیدا نەرمو نیان دەبێت‌و چۆنیش لەگەڵ دوژمناندا تووندو تیژو سەخت گیر دەبێت، وەکو چۆن سەگی ڕەسەن لەگەڵ خاوەن‌و ناسیاوەکانیدا نەرمو نیانەو لەبەرانبەر نەناسانیشدا تووندو تیژە.

جگە لەوەش، پاسەوانان دەبێت لەپاڵ ئەو سیفەتانە، سیفەتی فەلسەفەکارانیشیان تێدا بێت کە لەڕێگاو لەسەر بنەمای مەعریفەوە دەتوانن هاوڕێ‌و دوژمن لەیەکتری جیا بکەنەوە. کتێبی دووەم بەوە کۆتایی دێت کە ئەفلاتون دێت وەکو ئەوەی خۆی دەڵێت باسی چیرۆکی فێرکردنی پاسەوانان دەکات لەسەر وەرزشی جەستەیی‌و مۆسیقا بۆ یارمەتیدانی دەروون، ئەوەش ئەوکاتە شتێکی باو بوو لەنێو سیستەمی پەروەردەو کولتووری ئەسینای سەردەمی ئەفلاتوندا.

## یەکەم: مولکدارێتی‌و خێزان

لە کتێبی سێیەمدا، ئەفلاتون بەدرێژی باس لە پەروەردەی پاسەوانان دەکات، ئەو سەربازانەی پارێزگاری لەژیانی شار دەکەن، لەگەڵ ئەو ئەو دەستە حوکمڕانەی کە لەنێو هەناوی ئەو چینەدا دێتە دەرەوە، یا چینی حوکمڕانان‌و یارمەتیدەرانیان.

باشە ئێمە چۆن پاسەوانان وا فێر دەکەین کە ببینە خاوەنی پیاوی مەزن؟ دیارە دەبێت سیستەمێکی وردو پتەو دابڕێژین‌و پڕ بێت لەتوخمو ڕەگەزە بەتواناکانی ئەسبرتە کە سەلمێنراوە زۆر بەسوودن لەکاتی ئەو جەنگ‌و کوشتارانەی کە بووە هۆی دۆڕانی ئەسینا لەساڵی (404)ی پێش زایینیدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت کەموو کورپییەکانی سیستەمی ئەسبرتەش چارەسەر بکرێت‌و جەستەو دەروون بەیەکەوە پەروەردە بکرێن، بۆیە هەر لەسەرەتاوە دەبێت ئاگاداری چەند لایەنێکی ئەو مەسەلەیە بین تاوەکو سیستەمی پەروەردەیی هەڵنەوەشێتەوەو گەندەڵ نەبێت.

## پرسی یەکەم:

ئێمە لەسەر حەق دەبین ئەگەر ڕێگامان نەدا ئەو پیاوانە هانا بەرنە بەر گریان‌و شین‌و واوەیلاو ئەو کارە بۆ ژنان جێبێڵین، بۆئەوەی ئەو کەسانەی بۆ پاراستنی وڵات ئامادە دەکرێن لەسەر ئەو کارانە ڕانەیەن‌و قێزیان لەو جۆرە کارانە ببێتەوە کە لاوازی پیشاندەدات.

## پرسی دووەم:

ئەویش جۆرێکە لەپاراستن، چونکە "ئێمە ڕێگا نادەین ئەوانەی کە پەروەردەیان دەکەین‌و هەوڵدەدەین ڕۆحی چاکەکاریان لەنێودا بروێنین‌و بەر لەهەموو شتێکیش پیاون، ڕێگایان پێنادەین لاسایی ژنێکی گەنج، یا پیرە ژنێك بکەنەوە قسەی ناشیرین بەمێردەکەی دەڵێت، یا زمانی بەسەر خواوەندەکاندا درێژ دەکات‌و شانازی بەخۆیەوە دەکات، یا قسە بە بەدبەختی خۆی دەڵێت‌و دەست دەکات بەگریان‌و شین واوەیلا، ئێمە هەرکیز ڕێگا نادەین لاسایی ئەو ژنانە بکەنەوە کە لەکاتی منداڵبووندا هاوارو قیژەیانە، یا لەکاتی نەخۆشیدا دەگریێن".

ڕەنگە دەسپێکردنی ئەفلاتون بەو جۆرە دەقانە لەبارەی پەروەردەکردنی پاسەوانان شتێکی هەندێك سەیرو نامۆ بێت، ئەو بەرلەوەی دەست بەپرۆگرامی پەروەردەیی خۆی بکات، ئاگادارمان دەکاتەوە کە دەبێت ئافرەتان بەدوور بن لەو پرسە، چونکە پێش هەموو شتێك ئێمە پیاومان پێویستە، بۆیە ناکرێت پیاوێك قبووڵبکەین کە لاسایی ژنان بکاتەوە! ڕەنگە بپرسین باشە چۆن ئەو دەقانە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی دەگونجێت لەبارەی یەکسانی نێوان ژن‌و پیاودا؟

دەشێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئەفلاتون لەخەیاڵی خۆیدا وێنەی پیاوی کێشاوە وەکو پاسەوانێکی نموونەیی شارێکی پڕ لەچاکەکاری، بۆیە لێرەدا یەکسانی بۆ خودی خۆی پێویست نییە، بەڵکو ئەنجامێکی لۆژیکییەو پێوەندی بەئازادبوونی ئارەتەوە نییە، بۆیە ئەگەر ئافرەتانیش بێنە نێو ڕیزی پاسەوانان، ئەوە دیارە بەپیاو دەبن‌و هەموو تایبەتمەندییەکی ئارەتانەی خۆیان لەدەست دەدەن، هەرگیز ناتوانن وەکو ژنانی تر ڕەفتار بکەن‌و شین‌و ڕۆڕۆو واوەیلا بکەن لەکاتی خەمناکیدا.

ئێمە پیاوی بەهێزو ورە بەرزمان پێویستە، وەکو چۆن پێویستیمان بەئافرەتی بەهێزو ئازا هەیە، دەبێت ئاگاداری ئەو وشەیەش بین کە نتلشب لێی وشیارمان دەکاتەوەن لەوەی کە وشەی ئازایەتی لەزمانی یۆنانیدا بەمانای پیاوەتی دێت. لەوەشدا دەردەکەوێت کە ئەفلاتون دەیەوێت کچ‌و کوڕان لەمنداڵییەوە لەسەر پیاوەتی ڕابێنێت، واتا ئازایەتی. بەهەرحاڵ قسەکردنی ئەفلاتون لەسەر بابەتی ئازایەتی، قسەیەکی تەواو یۆنانییانەیە، چونکە ئەو منداڵەی کە ڕۆژێك لەڕۆژاندا دەبێتە سەربازو لەپێناو وڵاتدا دەجەنگێت، دەبێت بەرلەهەموو شتێك فێری ئەوە بێت کە لەمردن نەترسێت.

ئەگەر بزانین مردن لەلای یۆنانییەکان خۆی لەخۆیدا مانای کۆتایی گەنجێتی‌و جوانییەو سەرەتای چوونە نێو جیهانی تارمایی‌و خەمۆکییە، ئەوە دەزانین کە مردن شتێکی چەندە ترسناکەو ئەوەی بتوانێت ڕوو بەڕووی مردن بێتەوەو نەلەرزێت‌و نەترسێت، تەنیا ئەو دەکرێت بەپیاو ناو ببرێت. ئەوەش مانای وایە کە ئەفلاتون دەیویست کچ لەکاتی پەروەردەدا لەدەست هەست‌و نەستی کچێتی دەرباز بێت وەکو ئەوەی لیکورگۆس پێشتر گوتوویەتی تاوەکو بتوانێت بچێتە ڕێزی پاسەوانان.

## پرسی سێیەم:

ئەوەی دەبێت ئێمە زۆر لێی ورد بین، ئەوەیە کە ئەفلاتون کاتێك پێشەکی سیستەمی گشتی پەروەردەی خۆی دادەنێت، وەکو بینیمان وشیارمان دەکاتەوە لەوەی کە نابێت پاسەوانان بەئافرەتان بچنو شێوازی ئەوان بەکار بێننو لاساییان بکەنەوە، ئەوەش شێوازێك بوو خۆی زۆر ڕقی لێدەبۆوە، بەڵام دەڵێت:" هەروەها نابێت لاسایی کۆیلەکانیش بکەنەوە لەشێوە ژیانی کۆیلایەتیدا، جا ئەو کۆیلانە پیاو بن یا ئافرەت". دواتریش دەڵێت:" نابێت لاسایی پیاو خراپو ترسنۆکو شێتان بکەنەوە، نە بەکردەوە، نە بەقسە".

لێرەدا بەئاسانی تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەفلاتون بەردەوام لەقسەکانیدا ئافرەت دەخاتە ڕیزێك لەگەڵ کۆیلەو منداڵو خراپەکارو شێتان یا تەنانەت لەگەڵ ئاژەڵانیش. ئەو وەکو مێینەیەك بەشێوەیەکی سۆزدارییەوە باسی ئافرەت ناکات، دواتریش دەگەڕێینەوە سەر ئەو بابەتە.

دوای ئەو هەموو وشیارکردنەوەیە، ئەفلاتون دێت لەلایەك پرۆگرامی ناوداری پەروەردەیی خۆی دادەنێتن لەلایەکی تریشەوە باسی پەروەردە کردنی دەروون دەکات، ڕاهێنانی وەرزشی بۆ لەش زۆر گرنگە، مۆسیقاش بۆ پەروەردەکردنی دەروون گرنگترە، چونکە جەستە هەرچەندە بەهێز بێت، ناتوانێت دەروون بەشێوەیەکی چاکەکارانە ئاراستە بکات. بەڵام دەروونی چاکەخواز دەتوانێت جوانی بەجەستە ببەخشێت.

ئەگەر دەروون دوو ژێی هەبێت، ژێی فەلسەفەو ئازایەتی، ئەوە بەیەکەوە گونجاو دەبن، ژێی ئازایەتی بەمۆسیقا خاو دەبێتەوەو بەوەرزشیش گرژ دەبێت. چارەسەرکردنی کەموکوڕی نێو پەروەردەی ئەسبرتەیی مانای وایە دەبێت گرنگی بەهەردوو ژێ بدرێت بەیەکەوە. بۆیە ئەگەر ئەفلاتون هێشتا لەژێر کاریگەری پەروەردەی ئەسبرتی دایەو جێکەوتی هەیە لەسەر میتافیزیکایەکەی، ئەوە پێویستە لەسەرمان منداڵمان لەسەر شێوە ژیانی توندو تیژو ژیانی تەقەشوفی ڕابێنینو کاری سەختیان پێبکەینو بیانخەینە نێو جەنگی قورسەوەو هەر لەمنداڵییەوە بیانخەینە نێو شتی پڕ لەمەترسیو تاقییان بکەینەوە وەکو چۆن مرۆڤ لەڕێگای ئاگرەوە تاقی دەکرێتەوە تاوەکو بەهێز بنو نەترسنو ڕابێن.

ئەو جۆرە پەروەردەیەی جەستە، لەلایەك گونجاوە لەگەڵ ئەو ڕقەی ئەفلاتون بەرانبەر بەجەستە هەی بوو، لەلایەکی تریشەوە تەبا بوو لەگەڵ ئەوەی کە لەنێو شارە یۆنانییەکاندا هەبوو، ئەو بنەما سەرەکییەی ژیان کە دەڵێت مرۆڤ دەبێت لەپێناو وڵاتدا قوربانی بەخدپەرستیو بەرژەوەندی خۆی بدات.

بگرە لەوەش زیاتر، ئەفلاتون پێی وایە تاکە کێشە کە دێتە بەردەممان لەکاتی بونیادنانی وڵاتی چاکەخوازدا، مەسەلەی زێدەڕۆییکردنە لەخود پەرستی کە هۆکاری هەموو کێشەو هەڵەیەکی گەورەیە، بگرە لەهەموو هەڵەکانیش گەورەترە، ئەوەش هەڵەیەکی خۆڕسکەو لەنێو ناخی مرۆڤدایەو بەردەوام مرۆڤ بەدوای ئەوەوەیە پاساوی بۆ بدۆزێتەوە بەبێ ئەوەی چاکی بکاتەوە، ئەو هەڵەیەی کە لەڕێگای ئەو گووتەیەوە گوزارشتی لێدەکرێت کە دەڵێت :" هەموو مرۆڤێك هاوڕێی خۆیەتیو دەبێت واش بێت". ئەوە ئەو خودپەرستییەیە کە

دەبێت پاسەوانانی لێ پاك بكرێتەوەو لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی گشتی گۆش بكرێنو بەرژەوەندی تاكەكەسی بەلاوە بنێنو تەنیا بەرژەوەندی دەوڵەت ڕەچاو بكەن.

لێرەدا پرسی ڕاهێنانو پەروەردەكردنی پاسەوانان كۆتایی دێت، بەڵام ئایا ئەوانە لەكوێ جێنشین دەبن؟ "بیركردنەوەی ڕاست ئەوەیە كە خانوو شتی باشیان بۆ دابین بكرێت بەشێوەیەك گرێنتی بەخش بێت بەوەی ئەوانە وەكو پاسەوانێك لەڕێگای كەمال دەرناچن".

لێرەدا ئەفلاتون بۆ یەكەمجار لەگەڵ بنەماو باوەڕی میتافیزیكیو ئەخلاقی خۆیدا یەكدەگرێتەوە كە دژایەتی مادە دەكاتو سنورداری دەكات، بەوەی كە نابێت پاسەوانان خاوەندارێتی موڵكییەتی تایبەت بكەن، " چونكە پێویستە لەسەر هەریەكێكیان كە موڵكییەتی تایبەت بەخۆیان نەبێت, شتێك نەبێت تەنیا بۆخۆیان بێت، وەكو خانووو ماڵو كەسێكی تر نەبێت بچێتە ناوی یا بەكاری بێنێت".

جێكەوتی بیری ئەسبرتی بەئاشكرا دەردەكەوێت كاتێك ئەفلاتون لەبارەی سەربازگەی دەرگا كراوە قسە دەكات كە دەكرێ هەموو پاسەوانەكان بەیەكەوە تێیدا بژین، "پێویستە بەیەكەوە ژەمی نان بخۆن, وەكو سەرباز ژیانێكی بە كۆمەڵی لە مەیدانی جەنگو كوشتاردا بەسەر ببەن". هەروەك لێیان حەرام كرابوو كە خاوەندارێتی زێرو زیو بكەن، ئەم حاڵەتە لە ئەسبرتەش هەبوو, ئەم حەرام كردنە بەردەوام بوو لە گفتوگۆی یاساكانیشدا، بەڵام زێڕو زیو, ئەوە بەردەوام جەخت لەوە دەكرایەوە كە ئەوان بەردەوام لەنێو دەروونی خۆیاندا زێڕو زیویان هەیەو خوا پێیانی بەخشیوە.

ئەوان پێویستیان بەم زێڕو زیوە نییە كە خوا بەخەڵكی داوە, چونكە شوورەییە مرۆڤ ئەو زێڕو زیوەی خوا بەزێڕو زیوەی سەر زەوی بگۆڕنەوە. " چونكە ئەو زێڕەی كە خەڵك ململانێی لەسەر دەكەن سەرچاوەی كۆمەڵێك كێشەو شەڕو ناخۆشی بەردەوامە، لەكاتێكدا ئەو زێڕەی لەنێو دەروونی خۆیاندا هەیە پاكو بێگەردە، بۆیە تەنیا ئەوان نابێت وەكو هاوڵاتیانی تر پارەو زێڕ كۆبكەنەوەو خاوەنی ماڵو خانوو بن".

ئەگەر ئێمە بمانەوێت هاوڵاتییان بگەیێنینە بەرزترین ئاستی چاكەكاری, پێویستە لەسەرمان گرنگی بەم سێ خاڵە بدەین كە مرۆڤ بایەخیان پێدەداتو لەهەموو شتێك بەرزترو نزمترن: ڕاكردن بەدوای پارەو پوول، دواتریش بایەخدان بەجەستە كە دەكەوێتە ناوەند، بەڵام بەرزترینیان بایەخدانە بەدەروون.

ڕەوشی شار باش نابێت تەنیا ئەگەر ڕەچاوی ئەو تەرتیبە نەكرێت، دوایی ئەگەر ویستمان پەروەردەی پاسەوانان بەراستی بكەین، پێویستە لەسەرمان ململانێ لەگەڵ خود بكەین لە بەرانبەر پارەو سامان. هەروەها وایان لێبكەین كەمتر بایەخ بەجەستە بدەن، جا لەكاتی ڕاهێنانی جەستە بێت لەسەر جەنگ، یا منداڵبوون، چونكە ژیانی ئەو چینە دەبێت ژیانێكی عاقڵانە بێت، عەقڵیش واتا مرۆڤ خۆ ویست نەبێت، چونكە نایەوێت بەتەنیا خۆی تێر بكات، بەڵكو هەڵدەدات حۆشگوزەرانی گشتی بێتە دی.

لەراستیدا ئەفلاتون هێرشێکی توند دەکاتە سەر کۆکردنەوەی پارەو خواستنی سامان, شەهوەتی موڵکدارێتی کردنی بێ سنوور سەرچاوەی هەموو کێشەو بەڵایەکە کە بەسەر تاك یا دەوڵەتدا دێت، بەشێوەیەك دەگاتە ئەوەی بڵێت ناکرێت دەوڵەمەندان بچنە ڕیزی چاکەکاران، چونکە ئەوانە دوو دژیەکنو بەیەکەوە ناگونجێن، وەکو ئەوەی چاکەخوازیو سامان ناکۆکو پێچەوانەی یەکتری بن، چونکە هەرچەندەی مرۆڤ بەدوای ساماندا گەڕاو لەپێناویدا کاری کرد، ئەوەندە لەچاکەکاری دوور دەکەوێتەوەو ڕیزی ناگرێت" لەنێوان چاکەکاریو ساماندا ئەو جیاوازییە هەیە ئەگەر بخرێنە سەر پێوەر کە هەرچەندەی یەکێکیان بەرز بۆوە، ئەویتریان ئەوەندە دادەبەزێت، ئەگەر لەنێو وڵاتێکدا پارەدارو خاوەن سامانان ڕێزیان لێنرا، ئەوە بێگومان ڕێز لەچاکەکارو چاکەکاری نانرێت".

بێگومان ئەو ڕقە لەبەرانبەر پارەو سامان بەگشتی، وەکو گووتمان لەگەڵ میتافیزیکای ئەفلاتون دەگونجێت کە پێی وایە مادە توخمێکی شەڕانگێزە لەنێو گەردوونداو جەستەی ئەوەندە پەراوێز کردووە بەشێوەیەك بۆوەتە زیندانی ڕۆح.

باشە ئەو چارەسەرییە یەکلاییکەرەوەیە چییە کە وادەکات پاسەوانان تا ئەو ئاستە نزمە دانەبەزنە خوارەوە بەدوای کۆکردنەوەی پارە بکەون؟ چیبکەین بۆ ئەوەی خدپەرستی لەناوبەرین؟ چۆن خۆشەویستی خودو خۆڕسکی نێو دەروونی مرۆڤلەڕیشە هەڵکێشین؟ چارەسەرییە لۆژیکییەکە ئەوەیە کە هەموو شێوەو جۆرێکی موڵکدارێتی تایبەتییان لێ قەدەغە بکرێت: نابێت خاوەندارێتی هیچ جۆرە ماڵو خانووو زەویو زێڕو زیویك بکەن، نابێت خاوەندارێتی موڵکی من یا تۆ بکەن.

" باشە خراپترین شت لەنێو دەوڵەتدا ئەوە نییە کەئاژاوە دەنێتەوەو یەکێتی وڵات لەناو دەبات، باشترین شتیش ئەوە نییە کە یەکێتی پتەو دەکاتو خەڵك بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەوەی یەکێتی وڵات لەناو دەبات بریتییە لەخودپەرستیو خەم، کاتێك بەشێك لەهاوڵاتییان لەنێو چێژو خۆشی ژیاندا نقووم دەبنو بەشێکی تریشیان لەنێو خەمو پەژارەدا ون دەبن، ئەو جیاوازییە لەنێو کۆمەڵگادا بۆ ئەوەیە کە خەڵك وشەی موڵکی منو خەڵکانیتر بەکار ناهێنن، بەڵکو تەنیا وشەی موڵکی خۆم بەکار دێنن".

کەواتە ئەگەر ئێمە موڵکدارێتی تایبەت لەناوبەرین، ئەوە دەتوانین باشترین کۆمەڵگا بونیاد بنێین کە دەکرێت ئەو نموونە فیتاگۆرسییە کۆنەی بەسەردا پراکتیك ببێت کە دەڵێت:"موڵکدارێتی شتەکان لەنێو هاوڕێیاندا هاوبەشە".

ڕەنگە زەحمەت بێت ئەو پرنسیبە بەسەر چینو توێژە نزمەکاندا پراکتیك بکرێت کە توخمی شەهوەت کۆنترۆڵی دەکاتو نزیکە لەمادەو بایەخ بەجەستەو پێداویستییەکانیو حەزەکانی دەداتو تێریان دەکات. لەو حاڵەتەشدا، وا باشترە کە لێیان بگەڕێین موڵکدارێتی زەویو موڵكو ژنان بکەن، ئەگەرچی دەبێت ئەوەش لەژێر چاودێری توندی دەوڵەتدا بێت.

بەڵام ئەو چینەی کە کۆمەڵگا بەڕێوە دەباتو ئاراستەی دەکات بەرەو چاکەکاری، کە لەلای ئێمەش گرنگە، چینی جوکمڕانانو یاریدەدەرەکانیانن، ئەگەر بمانەوێت ئەوانە خۆیان بۆ کارەکانی خۆیان تەرخان بکەن، دەبێت دەسبەرداری توخمی شەهەوەت بن، چونکە نابێت بەشێك بێت لەتایبەتمەندی ئەوان، بەڵام ئاساییە کە توخمێك بێت لەنێو چینی نزمتردا، لەلای کرێکارو جووتیارو بەرهەمهێنەراندا، بۆیە دەبێت بیر لەلایەنی ئابووری خۆیان نەکەنەوە، چونکە بەشێکە لەشەهوەت.

مادام چاکەکاریو سامان بەیەکەوە ناگونجێن، ئەوە نابێت ئەوان هەردوو لایەن بەیەکەوە کۆبکەنەوە، بەڵکو دەبێت ئەو هەستە لەنێو پاسەوانان ڕیشەکێش بکرێت کە دەڵێت ئەوە موڵکی منەو ئەوەش موڵکی تۆیە، ئەو هەستەیە کە جیاوازی دەنێتەوەو ناتەبایی بەرهەم دێنێت لەنێو خەڵکدا، بۆیە پێویستە شتەکانی نێو ئەو چینە هەر هەمووی بۆ هەمووان موشاع بێتو سوودی لێوەربگرن:" ئەگەر ئەوانیش وەکو خەڵکانیتر بوونە خاوەنیماڵو خانوو، ئەوە ئەوانیش لەپاسەوانەوە دەبنە بازرگانو جووتیار، لەپارێزەری شارەوە دەبن بە زۆردارو دوژمنی شار.

بەو شێوەیە ئەفلاتون بەرەو ئەوە چوو کە دەبێت خودپەرستیو بەرژەوەندی تایبەتی لەنێو ئەو چینەدا ڕیشەکێش بکات کە سەرچاوەی بڕیاری شەڕو ئاشتیو سیاسەتو بەرگرییەو تاکەکانی وا لێبکات ژیانێکی پڕ لەتەقەشووف بەسەر ببەنو پڕە لەتوخمی ئەسبرتەیی، لەپاڵ پەروەردەکردنی دەروونیدا، ئەوە لەکاتێکدا کە دەبێت چینە نزمەکان حەرجییەکانی ئەوانە بگرنە ئەستۆ.

ئەفلاتوون لە کتێبی چوارەم دەگەڕێتەوە سەر گفتوگۆو وتووێژ لەبارەی موڵکداریو بێ بەشکردنی پاسەوانان لەموڵك، بەتایبەتیش ئەوەی دەبێتە ئەنجامی ئەم بێبەشکردنە، چونکە یەکێك لەگوێگرەکانی سوقرت کە ناوی (ئەدیمانتۆس)ە ڕەخنە دەگرێ لەبێبەشکردنی پاسەوانان لەموڵکداریو پێی وایە ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوەو دەبنە کەسانێك بێ هیواو بێ ئومێد، لەبەرئەوەی ئەوان لەو کۆمەڵگایەی کە هەموو ژیانی خیانیان بۆ تەرخان دەکەن، هیچ سوودێك نابینن، وەکو سەرکردەو حوکمڕانانی وڵاتانی تر نابنە خاوەنی کۆشكو باڵاخانەی بەرزو جوانو کەلو پەلی نایابو سەنگینو .. تاد. سوقراتیش وەڵامی ئەدیمانتۆس دەداتەوەو دەڵێت:" ئێمە مەبەستمان نییە وڵاتێك بوونیاد بنێین کە بەختەوەری کۆمەڵێکی دیاریکراو لەخەڵکی بویَ، بەڵکو دەمانەوێت ئەم خۆشبەختییە زۆرترین تاکی ئەو کۆمەڵگایە بگرێتەوە. ئەگەرچی خۆشبەختی وشەیەکی ئاڵۆزەو ئەو شتە ناگەیەنێت کە ئێمە مەبەستمانە ئێستا، بەڵکو وەکو دادپەروەری وایە مەبەستی ئەو حاڵەتەیە کە ئەنجامی گونجانی هاوڵاتییانە لەگەڵ یەکتریدا.

کاتێك هەر یەکێك لەوان ئەو تاکە کارە ئەنجام دەدات کە لەگەڵ خۆیدا دەگونجێت، بەبێ ئەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر کاری کەسانیتر، ئالێرەدا ئەوپەڕی خێر بەدی دێت کە بیرۆکەیەکی سەرەکییە لەلای ئەفلاتوندا،

ئەوکاتەش خۆشبەختی ئەبەدی دێت وەکو ئەوەی ئەو دەیبینێت کە بریتییە لەبالآبوونی هاولآتیان لەڕێگای پەروەردەوە بۆ بەرزترین ئاستی مومکین لەچاکەکاریو حیکمەتدا.

ئەوەی لێرەدا جێگای بایەخی ئێمەیە، ئەوەیە کە ئەفلاتون کاتێك وتووێژ لەبارەی ئەنجامە گریمانکراوەکانی ئیلغاکردنەوەی موڵکداری دەکات لەنێو کتێبی چوارەمدا، بۆمبێك فڕێدەدات کە بریتییە لەیەکێك لەو سێ شەپۆڵە شۆڕشکێڕییەی کە بەر هەستی کۆمەڵگای ئەسینایی دەکەوێت، مەبەستیشم لێرەدا ڕەتکردنەوەو ئیلغاکردنەوەی خێزانە.

بەڵام ئەو زۆر درێژە بەوتووێژکردن نادات بەو بیرۆکەیەو زۆر بە خێرایی دەڵێت:" ئەگەر پەروەردەی تەندروست بتوانێت دەروونی هاولآتیانی ئێمە ڕۆشن بکاتەوە، ئەوە زۆر بەسانایی دەتوانن هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکەن کە ئێمە بەشێوەیەکی کاتی بۆمان جێهێشتوون، ئەوە لەپاڵ زۆر کێشەی تری وەکو موڵکدارێتیکردنی ژنانو پرۆسەی هاوسەرگیریو منداڵبوون، بەشێوەیەك ئێمە لەو مەسەلانەدا ئەو بنەمایە بگرینە بەر کە دەڵێت هەموو شتێك لەنێوان هاوڕێیاندا موشاعە".

پێویستە بەباشی لەئەفلاتوون وردبینەوەو لەوە تێبگەین کە ئەو گفتووگۆ لەبارەی ئەنجامەکانی ڕەتکردنەوەی موڵکداری دەکات. ئەگەر گوتمان هیچ یەکێك لەپاسەوانان هیچ موڵکێکیان نییە، ئەنجامێکی لۆژیکییە کە خێزان بوونی نەبێت، بەشێوەیەك هەموو شتێك لەنێو هاوڕێیاندا موشاعو ڕێگا پێدراوە.

بارکر دەڵێت:" خێزان پێویستی بەموڵکییەت هەیە بۆ ئەوەی پارێزگاری لەکیانی خۆی بکات، ئالێرەوە ڕەتکردنەوەی ژیانی خێزانی لەنێو دەسەلآتداراندا ئەنجامی ڕەتکردنەوەی موڵکدارێتی تایبەتە، یا دەتوانین بڵێین ئەنجامێکی حەتمییە. ئەفلاتون پێیوایە موڵکدارێتیو خێزان دوو شتن هەریەکەیان پشت بە ئەویتریان دەبەستێت.

ئەوەی دەلالەتیش لەو پەیوەستبوونەی نێو هزری ئەفلاتون دەکات، دوو مەسەلەن، یەکەم ئەو ڕێگای بەموڵکدارێتی تایبەت داوە لەنێو چینی بەرهەمهێنەراندا، لەهەمان کاتیشدا ڕێگای بەیەکەوە نانی خێزانیشی پێداون، وەکو ئەوەی گەیشتبێتە ئەو بڕوایەی کە ڕەوشی ژیانی ئافرەت لەنێو خێزاندا وەکو ژنی ماڵەوە ئەنجامی بوونی موڵکدارێتی تایبەت بووە لەنێو کۆمەڵگادا، بۆیە هەر کاتێك ئەو موڵکدارێتییە ئیلغاکرایەوە، ئەوە دەبێت خێزانیش ئیلعا بکرێتەوەو شتەکانیش لەنێو هاوڕێیاندا موشاعو گشتی دەبێت، بۆیە ئافرەتان لەنێو چینی پاسەواناندا هاوبەشو موشاع دەبن.

مەسەلەی دووەم ئەوەیە کاتێك ئەفلاتون لەو تووێژێکی تری دواییدا ـ وتووێژی یاساکان ـ موڵکدارێتی تایبەتی دەگێڕێتەوە، لەهەمان کاتیشدا خێزانیش دەگێڕێتەوەو جارێکی تریش ئافرەت دەبێتەوە ژنی ماڵەوەو کاری ئەوە دەبێت منداڵەکانی بەخێو بکاتو بەرگریان لێبکات وەکو چۆن مریشك بەرگری لەجووجەڵەکانی دەکاتو بەگشتی چۆن باڵندەکان بەرگری لەبێچووەکانیان دەکەن.

پێویست ناکات ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئەو جۆرە پێوەندیو پەیوەستبوونەو نێوان خێزانو موڵکدارێتی تایبەت لەنێو ئەسبرتەشدا هەبووە، بۆیە کاتێك موڵکدارێتی نیمچە گشتی بووە، ئەوە زەواجیش نیمچە گشتی بووەو ژنیش نیمچە گشتی بووەو هەر یەکێك کە دەوڵەت یا مێرد پێی وابووە نێرەو دەتوانێت نەوەی بەهێزو تەندروست بەرهەم بێنێت بۆی هەبووە لەگەڵ ژناندا بخەوێت.

بەڵام لەئەسینا کە کۆمەڵگای باوکسالاری ڕێگای بەموڵکدارێتی تایبەتی دابوو، ئەوە باوك لەپاڵ سەروەتو سامانو موڵکەکەیەوە ژنێکی تایبەتیشی هەبوو. نەدەبوایە کەس ژنەکەشی ببینێت و نەیدەهێشت لەماڵیش دەربچێتو بە سەر شەقامدا بڕوات، تەنیا ئەگەر هاتوو پێچەیەکی نەپۆشیبا، ئەو پێچەیەش مانای وابوو کە ئەو ژنە موڵکی تایبەتی پیاوێکەو نابێت کەس دەستی بۆ درێژ بکات. بەپێچەوانەی سۆزانیو کەنیزەکەکان کە موڵکی گشتی بوونو ئەو مەرجەیان بەسەردا نەدەسەپێنرا.

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین لەهەر شوێنێك موڵکدارێتی تایبەت هەبوو خێزانیش هەیە، بۆیە چینە بەرهەمهێنەرەکان وەکو چۆن پارێزگارییان لەموڵکی خۆیان دەکرد، ئاواش پارێزگاریان لەماڵو خێزان دەکرد. ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی ئەوە دەسەلاتداران موڵکدارێتی نەکەنو موڵك لەنێوانیاندا هاوبەش بێت، هەمان هۆکارە کە بووەتە هۆی ئەوەی ژنەکانیش لەنێوانیاندا هاوبەش بێت، چونکە ئەوە ئەنجامی موڵکدارێتی هاوبەشە.

تەنانەت لەم ڕۆژگارەشدا، زۆرێك لەهزرڤانان دان بەبوونی ئەم پێوەندییە توندو تۆڵەدا دەنێن. ڕسل دەڵێت:" دوو فاکتەری سەرەکی هەیە تایبەتمەندی کۆمەڵگا دیاری دەکەن، هەموو کۆمەڵگایەك، ئەوانیش سیستەمی ئابووریو سیستەمی خێزانییە. بۆیە ئەگەر منداڵمان لەدایكو باوك سەوندەوەو ئەرکی بەخێوکردنو پەروەردەکردنمان دایە دەست دەوڵەت بۆ ئەوەی لەخۆی بگرێت، وەکو ئەوەی لەکۆماری ئەفلاتوندا هەیە، ئەوە لەم حاڵەتەدا دەبێت دەوڵەت ڕۆڵی باوك بگێڕێت، لەم حاڵەتەشدا دەوڵەت دەبێتە تاکە سەرمایە، ئەگەر دەوڵەتیش بووە تاکە سەرمایە، ئەوە مومکین نییە خێزان بەو شێوەیە بمێنێتەوە کە ئێمە دەیزانین، ئەگەر ئەم بیرۆکەیەش تاوەکو کۆتایی بڕوات، ئەستەمە بتوانین حاشا لەپێوەندییەکی توندو بەهێز بکەین لەنێوان موڵکدارێتی تایبەتو خێزان. ئەم پەیوەستبوونەش بەجۆرێك ئالۆزو بەرانبەرە بەشێوەیەك ناتوانین بڵێین یەکێکیان هۆکارەو ئەویتریش ئەنجام".

بەم شێوەیە، ڕسل پێوەندی نێوان موڵکدارێتی تایبەتو خێزان بەتووندی یەکەوە دەبەستێتەوە. ئەفلاتونیش پێش ڕسڵ بەبیستو چوار سەدە هەمان کاری کردووە، بگرە لەویش توندتر بووە کاتێك چەمکی موڵکدارێتی تایبەتی فراوانتر کرد لەوەی کە لەنێو کۆمەڵگای گریکیدا هەبوو وای لێکرد موڵکدارێتی ئافرەتیش بگرێتەوە، ئەوە مافێکی باوك بووە لەنێو کۆمەڵگای ئەسیناییدا کە تێیدا باوك خاوەندارێتی تاکەکانی خێزانیش دەکات.

لەڕاستیدا پێدەچێت ئەفلاتون زۆر جیاوازی نەکات لەنێوان موڵکداریێتی شتەکانو کەسەکان، بۆیە دێت ژنو منداڵیش دەخاتە ڕیزی شتو مەکەکان. ئەفلاتون لەنێو گفتوگۆی (یاساکان)دا ـــ هەست بەناخۆشیو پەژارەیەکی زۆر دەکات بەهۆی شکستهێنانی پڕۆژەی کۆمارەکەی ـــ کاتێك دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگادان بەموڵکداریێتیو خێزانداری بەیەکەوەو دانیان پێدا دەنێت، دێت دەڵێت:" ئەگەرچی هەریەك لەئێمە ژنو ماڵو منداڵو هەموو ئەو شتانەی ترمان هەبووە کە دەچنە ڕیزی موڵکداریێتی تایبەتییەوە، بەڵام ئێمە پڕۆژەکەمان بەو شێوەیە نەپێکا وەکو ئەوەی پلانمان بۆی دانابوو".

ئێمە لەو پەرەگرافەدا دەتوانین بەئاسانی تێبینی ئەوە بکەین کە هێشتا ئەفلاتون بەردەوام ژنو منداڵ بەو شێوەیە پۆلێن دەکات کە لەکۆمەڵگای ئەسینادا هەبوو خۆی تێیدا ژیاوەو ئەوانە بەشێك بوون لەموڵکداریێتی تایبەتی پیاو. ئەو پێی نەنگی نییە قسە لەبارەی" یاسایەك بکات بۆ ڕێکخستنو موڵکداریتیکردنی ژنو منداڵ و فێربوونیان". تەنانەت گوزارشتی "شیوعییەتی ژنو منداڵ" وەکو ئەوەی ئەفلاتون زۆر بەکاری دێنێت تاوەکو وەسفی سیستەمە پێشنیار کراوەکەی خۆی پێ بکات، دەکرێت ئەگەر وردتر بدوێین بڵێین "شیوعییەتی پیاوە"، بۆیە گرۆب پێی وایە " هەڵەیە ئێمە باسی شیوعییەتی ژنو منداڵ بکەین، چونکە ژنو پیاو لەسەر یەك بنەما وەستاونو هەر زوو بەزوو شەریکایەتی نێوانیان کۆتایی دێت".

کەواتە بۆچی ئەفلاتون زاراوەی "شیوعییەتی ژن بەکار دێنێت بەبێ ئەوەی باسی پیاو بکات"؟. ئەفلاتون هەرگیز قسە لەبارەی شیوعییەتی پیاو ناکات ـ ئەوەش شیوعییەتێکە دەبووایە لەهەمان چرکەدا هەبێت کە تاك زەواجی تێدا ڕەتدەکرێتەوە ـ چونکە شیوعییەتی ژن، ڕوویێکی تری دوورخستنەوەی موڵکداریێتی تایبەتە بەهەموو جۆرەکانیەوە، لەڕاستیدا ژنان بەزاراوەیەکی یاسایی تر ئاماژەیان بۆ دەکرێت، ئەویش شیوعییەتی موڵکداریێتییە.

سەرەرای ئەوەی گرۆب ئەفلاتون بە پەیامبەری یەکسانی لەنێو ژنو پیاودا وەسف دەکات، بەڵام دەگەڕێتەوەو دەڵێت:" ئەفلاتون قسە لەسەر یەکسانی دەکات، بەڵام هەرگیز هەوڵنادات پایەی پێوەندی نێوان ژنو پیاو لەوە بەرزتر بکاتەوە کە هاوسەردەمانی لێیان دەڕوانی".

دواتریش قسەکانی تەواو دەکاتو بیرۆکەکەی ڕوونتر دەکاتەوەو دەڵێت:" ڕاستە ئەفلاتون جەخت لەسەر یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز دەکات، بەڵام شکستی هێنا لەوەی بتوانێت وا تەماشای ئەو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پێوەندی تازە لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا کە بتوانێت ئەو پێداویستییە باڵایە تێر بکات کە یۆنانییەکان هەوڵیاندا لەخۆشەویستی پیاواندا تێری بکەن".

کەواتە ئەفلاتون وا تەماشای هەموو جۆرە موڵکداریێتییەکی تایبەتی دەکات کەوا کار دەکات لەپێناو تێکدانو داڕماندنی بەکێتی کۆمەڵگا، بەتایبەتیش توێژی دەسەڵاتدار، ئەوە بەسەر ژنیشدا پێڕەو دەکرێت، چونکە

ململانێ كردن لەسەر ژنان دەبێتە هۆی دروستكردنی هەستێكی خراپ لەنێو پیاوانداو ناخۆشیو تێكدانو دارمانی لێدەكەوێتەوە، لەبەرئەوەی ئەویش جۆرێكە لەموڵكدارێتی تایبەت.
بۆیە هەریەكێك هەوڵدەدات بۆ خۆی دەست بەسەر ئەو شتانەدا بگرێت كە دەستی پێیان دەگات تاوەكو بیخاتە نێوماڵی تایبەتی خۆی لەپاڵ ژنو منداڵەكانی كە لەلای ئەو هۆی دڵخۆشیو بەختەوەرینو سەر بە ئەون، بەڵام ئایا كاتێك هیچ شتێك بۆ هیچ یەكێك نەپێتو كەس خاوەنی موڵكدارێتی تایبەتی نەبێتو هەموو شتێكیش لەنێوانیان دابەش بكرێت، باشە یەكتری تۆمەتبار كردنو كێشەی نێوانیان كۆتایی نایەت؟ ئایا هەموو ئەو ناكۆكییانەی ئەنجامی پارەو پێوەندی خێزانییە كۆتایی نایەت؟.
بەڵام چۆن دەشێت ئەو بیرۆكەیەی ئەفلاتون باسی دەكات ڕەنگبداتەوە لەسەر یەكسانی نێوان ژنو پیاودا؟ باشە ئەی خۆی ناڵێت هەردووكیان خاوەنی یەك سروشتن؟ باشە ئێمە لەبەردەم فەلسەفەكارێكدا نین كە پایەی ئافرەت بەرز دەكاتەوە كاتێك هاوبەشی پیاو دەكات لەهەموو كارو فرمانەكانی دەوڵەتدا؟ ئەوەیە كە ئێستا دەمانەوێت ڕاڤەی بكەین.

## دووەم : یەكسانی نێوان هەردوو ڕەگەز

ئەفلاتوون لەنێو كتێبی پێنجەمی(كۆمار)ەكەیدا دەگەڕێتەوە وتووێژ كردن لەبارەی ئەو باسەی بەشێوەیەكی تێپەڕ لەكۆتایی كتێبی چوارەم خستبوویە ڕوو، مەبەستیشم لێی (شیوعییەتی ژنو منداڵە). ئالێرە بیرۆكەی یەكسانی نێوان هەردوو ڕەوگە دەخاتە ڕوو. ئەفلاتون پێیوایە"پیاوانی سەگی پاسەوانین پارێزگاری لەمێگەل دەكەن"، ژنانیش وەكو سەگی مێینەی پاسەوانین، پێویستە لەسەریان وەكو نێرینەكان پاسەوانی لەمێگەل بكەن. ئەوەش مانای وایە كە دەبێت هەردوو ڕەگەز بەیەكەوە پاسەوانی بكەن.
پاسەوانانیش ئەو ئامێرەن كە خودی دەوڵەت دەبزوێنن، ئەوان ڕۆحی دەوڵەتنو بەرگری لێدەكەن، هەر ئەوانیشن ئیشو كاری دەوڵەت هەڵدەسووڕێنن، چونكە لەنێو شاری ئەفلاتونیدا ـ ئەوەش شتێكی سروشتییە لەنێو دەوڵەتی كۆندا ـ لەیەكتر جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان بوونی نییە، ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەو لەكاتی ئاشتیدا حوكم دەكەن، هەر ئەوانە خۆیان لەكاتی جەنگو شەڕدا پارێزگاری لەدەوڵەت دەكەن.
لێرەدا ئەفلاتون خۆی سەرقاڵ دەكات بەهەڵبژاردنی ئەو چینەو فێركردنیان، ئەو هەڵبژاردنە وردەش وامان لێدەكات جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەز فەرامۆش بكەین، لەكاتێكدا ئەلكسەندەر كۆرێ دەڵێت:" لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەكی گشتی ژن لاوازترە لەپیاو، بەڵام ئەو جیاوازییە جیاوازییەك نییە لەماهییەتدا بێت. بەڵام ئەگەر ئێمە هەمان كارو ئەركی پیاومان بەسەر ژندا سەپاند، كەواتە پێویستە لەسەرمان هەمان زانیارییان فێر بكەین.
كەواتە گرنگە ژنانیش هەمان پشكیان هەبێت لەپەروەردەو فێربوونو شارەزا بوون لەهونەری جەنگو هەمان مامەڵەی پیاوانیان لەگەڵدا بكرێت لەڕووی پەروەردەی بەدەنیو مۆسیقاو وەكو پیاوانیش بەڕووتی بووەستن

بەبێ ئەوەی هەست بەشەرم بکەن، ڕەنگە ئەم بۆچوونە نامۆ بێتە بەرچاو چونکە باو نین، بەتایبەتیش وەستانی ئافرەتان بەڕووتی لەگەڵ پیاوان لەنێو گۆڕەپانی وەرزشو ڕاهێناندا، لێرەدا من تەنیا مەبەستم کچە بچوکەکان نییە، بەڵکو مەبەستم ئەوانەشە کە بەتەمەنن. ئێمە نابێت لەمەسەلەی پەروەردەی بەدەنی ئافرەتاندا لەگەڵتەپێکردن بترسین، هەروەها لەمەسەلەی پەروەردەی مۆسیقیو زەینیو ڕاهێنانیان لەسەر چەك هەڵگرتنو ئەسپ سواریشدا".

ئەفلاتون پێی وایە لێرەدا گاڵتە پێکردنی گاڵتەجاڕان دواکەوتووییە، " گریکەکان درك بەوە دەکەن کە ئەوە بۆ ئەوان باشترە". بەڵام پێویستە لەسەرمان پێشتر لێکۆڵینەوە لەسروشتی ژن بکەینو بزانین کە ئایا سروشت ڕێگای پێداوە بەشداری پیاو بکات لەکارەکانیدا، یا ناتوانێت بەهیچ یەکێك لەو کارانە هەڵبستێت". لەڕاستیدا جیاوازی نێوان سروشتی پیاوو ژن جیاوازییەکی زارەکییەو بەس، ئەگەر پێویست بێت سروشتی جیاواز کارو فرمانی جیاواز بگرنە دەست، ئەوە ئێمە لێرەدا لەبەردەم سروشتێکی جیاوازی ئافرەتدا نین لەبەرانبەر پیاودا.

وەکو ئەوەی لێکۆرگۆس پێشتر گوتوویەتی ئەگەر ئافرەت لەهەموو هەستێکی ناسکیو لاوازقی دابماڵیت، ئافرەت لەهەموو تایبەتمەندییەکانی مێینەیی وەکو هەستکردن بەشەرم لەڕووتبوونەوە لەبەردەم پیاوانو هەستکردن بەخۆشویستنی پیاوێکی دیاریکراو یا هەستی دایکایەتی لەئاست منداڵەکانیداو ...تاد، ئەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پیاودا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە پیاو منداڵ دروست دەکاتو ئافرەتیش بەرهەمی دێنێت. بەڵام ئەوە جیاوازییەکی وا لەسروشتی ژن دروست ناکات کە تەواو جیاواز بێت لەسروشتی پیاو، ئەوەش وەزیفەیەك نییە تایبەت بێت بەژن یا پیاو. بەڵکو پێویستە لەسەرمان لەوەزیفەیەکی تر بگەڕێن بۆیان بەیەکەوە. ئەگەر بڕیار وایە پیاو هەستێت بە بەڕێوەبردنی دەوڵەتو پارێزگاریکردن لێی، کەواتە کێشەکەمان دەبێتە دۆزینەوەی وەزیفەیەك بۆ ژن کە هاوشانی پیاو بێت.

ئەفلاتون دەگلاتە ئەو باوەڕەی کە لەنێو ژیانی مەدەنیدا وەزیفەیەكو کارێك نییە لە ئەنجامدانیدا سروشتی پیاوو ژن جیاواز بێت. ئەگەر ئەم جیاوازییانەی نێوان ژنو پیاو کەمتر بێتەوە، ئەوە جیاوازی نێوانیان وای لێدێت کە نەمێنێتو ببێتە جۆرێك لەجیاوازی وەکو ئەوەی لەنێوان پیاوو پیاودا هەیە، لەنێوان پیاوێکی سەر ڕووتو پیاوێکی بەپرچ.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتدا کارێك نییە تایبەت بێت تەنیا بەژن لەبەرئەوەی ژنە، یا تایبەت بێت تەنیا بەپیاو لەبەرئەوەی پیاوە، ئەگەر ژن لەهەموو شتێکیشدا توانای کەمتر بێت لەپیاو.

بەکورتی ئەوە هێڵی پانی بیرۆکەی یەکسانی بوو کە ئەفلاتون لەنێو کتێبی پێنجەمدا خستبوویە ڕوو، ئەو بیرۆکەیەی کە وتووێژی زۆری لەنێو توێژەران دروستکردووە، ئایا ئەفلاتون بەڕاستی دەیەوێت ئافرەت ئازاد بکات؟ ئایا بەڕاستی بانگەشەی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز دەکات؟ ئایا ئەفلاتون پەیامبەری مافەکانی ئافرەتە لەنێو جیهانی کۆندا؟ ئایا ئەو یەکسانییەی بانگەشەی بۆ دەکردو بەرگری لێدەکرد، پاڵنەرێکی

مرۆڤانەی بەدواوە بووەو هەستی بەدابڕانی ئافرەت کردووە لەکۆمەڵگاو سەرقاڵبوونی بەهەندێك کاری لاوەکی وەکو ڕستن‌و چنین، لەکاتێکدا ئەو توانای ئەوەی هەیە لەکاتی ئاشتیدا داهێنان بکات‌و لەکاتی جەنگیشدا توانای ململانێ‌و ڕاکردن‌و خۆ حەشاردانی هەیە؟ بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ئافرەت لەزیندانەکەی بێتە دەرەوەو ئەو سییە پەك کەوتووەی کۆمەڵگاو نێوەی کۆمەڵگا ئازاد بکات کە پیاو لەنێو بەش‌و شوێنی تایبەت بەژناندا زیندانی کردبوو؟

هەندێك لێکۆڵەرەوە بەدوای قسەکانی ئەفلاتوندا ڕۆیشتن‌و بەشێوەیەکی حەرفی تەماشایان کردو گووتیان ئەو حەز بە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز دەکات وەکو بەرپەرچدانەوەیەك لەدژی ئەو بوارە داخراوانەی کە ژنیان تێدا گۆشەگیر کردبوو لەکۆمەڵگای ئەسینادا, بەوەش ئەفلاتون پێش بزووتنەوە ئازادیخوازی ئافرەت کەوتووە. نازانم چۆن دەگووترێت گوایە ئەفلاتون باس لەڕزگارکردنی ژن دەکات کە نیوەی کۆمەڵە، لەکاتێکدا تەواو بێ دەنگ بوو لەبەرانبەر ژمارەیەکی زۆری ژنان لەسەر ئاستی میللیداو هەرگیز باسیان لێوە ناکات، ئەگەرچی شوێنگەیەکی فراوانیان داگیر کردبوو کە لەنیوەی کۆمەڵگاش زیاتر بوو.

تەنانەت ئەگەر ئێمە دان بەوەش دابنێین کە ئەفلاتەن داوای ئازادکردنی ئافرەتی کردووە، بەڵام ئەو داوایەی تەنیا بۆ چینی پاسەوانان بووە، ئەوەش چینێکە دەزانین ژمارەیان دیاریکراوو کەمەو چینی ئەرستۆکراتی کۆمەڵگان، بۆیە هەرگیز ئافرەتی ئەو چینە نابنە نیوەی کۆمەڵگا.

بگرە لەوەش زیاتر، ئەفلاتون کاتێك لەنێو وتووێژی (یاساکان)دا قسە دەکات ــ وەکو ئەوەی دوای کەمێکی تر دەبینین ــ لەبارەی نیوەی کۆمەڵگا، قسە لەبارەی ڕزگارکردنی ژن ناکات، بەڵکو قسە لەبارەی بەشداریکردنی ژن دەکات لەئامادەکردنی سفرەی نانخواردن‌و ژەمە هاوبەشەکان، ئەوەش چونکە ئەسینایییەکان ڕەخنەی ئەوەیان لەئەسبرتاییەکان دەگرت گوایە سفرەی نانخواردنی هاوبەش تەنیا بۆ پیاوان بووەو ژنایان لێ بردۆتە دەرەوە، لەکاتێکدا جێهێشتنی ژنان بەبێ ئەوەی لەلایەن پیاوانەی کاریان بۆ ڕێکبخرێت نیوەی کێشەکە نییە، بەڵکو کێشەکە گەورەتر دەکات، لەبەرئەوەی ژنان خۆیان بەشێوەیەکی خۆڕسك لەبەرانبەر پیاوان کەمتر ئامادەی چاکەکارین. دوای کەمێکی تریش دەگەڕێینەوە سەر وتووێژی (یاساکان).

ڕەنگە هەر ئەوەش بوو بێتە هۆی ئەوەی دیمۆندلی گومان لەو شتانە بکات‌و دەڵێت:" مرۆڤ گومان لەو بانگەشەیەی ئەفلاتون دەکات کە داوای یەکسانی تەواو لەنێوان ژن‌و پیاودا دەکات، چونکە ڕەچاو نەکردنی جیاوازییە فسیۆلۆژییەکان وەکو ئەوەی شتێکی زۆر گرنگ نەبێت، ڕەچاو نەکردنی هەموو ئەو جیاوازییە سایکۆلۆژییانەو ئەنجامی جیاوازی فسیۆلۆژین، دەمانگەیەنێتە سەر هەڵدێری ئەوەی شتە تایبەتی‌و جیاوازییەکانی ئافرەت لەبیر بکەین".

ئەگەرچی ریزبەندی بیانووەکە زۆر ئاسانە, بەکورتی، لەڕق بوونەوەی ئەفلاتون بۆ میتافیزیکای مادە بەگشتی دەست پێدەکات، بەتایبەتیش بۆ جەستە. ئە ڕق بوونەوەیە وای لێکردووە لەکاتی دەمەزراندنی دەوڵەتی

چاکەکاریدا چینێك لەدەسەڵاتدارو یاریدەدەرەکانیا ــ پاسەوانان ــ دروست بکات کە زۆر نزیك بێت لەفەلسەفەکارێکی زاهیدەوە کە هەوڵدەدات خۆی لەجەستەو داواکارییەکانی جەستە دەرباز بکاتو ڕقی لەئیشو کارەکانی ئەو جیهانەیەو خۆی لەپێناوی خزمەتکردنی فەلسەفەو بەدیهێنانی دادپەروەری تەرخان دەکات.

بەڵام هەموو ئەوانە بەدەست نایەن تەنیا ئەگەر فاکتەرەکانی خۆپەرستیو تۆی ناکۆکی نێو مرۆڤ ڕیشەکێش نەکرێت کە بریتییە لەقەدەغەکردنی موڵکداریتی تایبەت. بەڵام کارێکی لەو جۆرە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزان:" لەناو بردنی موڵکداریتی تایبەت مانای وایە پیاو چیتر پێویستی بەوە نییە میراتگرێکی شەرعیو ناسروای هەبێت، بەو شێوەیە شاری چاکەکاری دەتوانێت مۆنۆپۆلکردنی سێکسییانەی ژنان لەناو ببات کە سەرچاوەی ناکۆکیو ململانێی نێوان پیاوان بوو".

ئەگەر خێزانیش هەڵوەشێتەوەو نەمێنێت، ئەو ڕۆڵە تەقلیدییەی ژنانیش کۆتایی دێت لەنێو خێزاندا. بەڵام دەبێت هەر کەسێك لەنێو شاردا وەزیفەیەکی هەبێت لەگەڵ خۆیدا بگونجێت، کەواتە دەبێت بەدوای وەزیفەیەکدا بگەڕێین بۆ ژنان جیا بێت لەوەزیفە تەقلیدییەکی خۆیان، لەو حاڵەتەشدا ناچارین ژنانیش بکەینە پیاوو وەزیفەیەکی پیاوانەیان پێبدەین. بەڵام کارێکی وا پێویستی بەڕوونکردنەوەی زۆرتر هەیە، ئێمە دەبێت هاوڵاتی بەو شێوەیە پەروەردە بکەین کە باسمانکرد، پەروەردەش مانای ئامادەکردنییەتی بۆ وەزیفەیەك کە لەگەڵ توانای عەقڵیو جەستەیی خۆیدا بگونجێت.

ئێمە ئێستا باسی پەروەردەی پاسەوانان دەکەین، لێرەدا باوکێك نییە ئەوو پاسەوانانە پەروەردە بکات، چونکە خێزان هەڵوەشاتەوەو باوکیش بوونی نەماوە. وەکو ئەوەی پێشتریش گووتمان کە عورف وایە پیاو بۆ سیاسەتو جەنگ ئامادە بکرێت، باشە ئەی دوای هەڵوەشاندنەوەی خێزان دەبێت وەزیفەی ژن چی بێت؟ ناکرێت بڵێین ڕۆڵی ژن تەنیا منداڵبوونو بەرهەمهێنانی منداڵە، ئەگینا دەبێت بڵێین ڕۆڵی پیاویش هەر دروستکردنی ئەو منداڵە دەبێت، چونکە ئەویش هاوبەشە لەو پرسە، چگە لەوەی ماوەی منداڵبوون ماوەیەکی زەمەنی کەمە، لەبەرئەوەی دەوڵەت مەسەلەی منداڵبوون دەستنیشانو دیاری دەکات تاوەکو ڕێژەی دانیشتوان زۆر بەرز نەبێتەوەو کەمیش نەبێتەوەو دەبێت ژمارەی دانیشتوان ئەوەندەی دەکرێت جێگیر بێت". هەر منداڵێك لەدەرەوەی ئەو پرۆژە حکومییە لەدایك بێت، بەمنداڵێکی ناشەرعی دادەنرێت.

دوایی دەوڵەت چاودێری ئەو منداڵانە دەکاتو دەیداتە دەست دەستەیەك لەهەردوو ڕەگەز بۆ سەرپەرشتی کردنیان، مادام کارە گشتییەکان هاوبەشە لەنێوان ژنانو پیاواندا. بۆیە دەبینین ناتوانین بڵێین کە ئەو وەزیفەی دەمانەوێت بۆ ژنی بدۆزینەوە بریتیە لەمنداڵبوون، چونکە ئەوە کارێکی هاوبەشە لەگەڵ پیاودا, هەروەها ئەو وەزیفەیەی دەمانەوێت چاودێریکردنی پەروەردەی منداڵانیش نییە، چونکە دەشێت ئەوە پسپۆڕی پیاویش بێت، هەروەها ناتوانین بڵێین وەزیفەی ژن بریتییە لەدایکایەتی, چونکە لەواقیعدا دایکایەتی نییە بەمانای وردی

وشەکە، چونکە ئەفلاتون بەئاشکرا دەڵێت:" کاتێك مەمکی دایکەکان پڕ شیر دەبێت دەگوازرێنەوە بۆ دایەنگا, بەشێوەیەك هەموو ڕێو شوێنێکی پێویست بگیرێتە بەر کە دایکان نەتوانن منداڵەکانی خۆیان بناسنەوە".

ئەگەر دایکەکان نەیاتوانی منداڵەکانیان تێر شیر بکەن، ئەوە دەبێت ئافرەتی تری شیردەر بدۆزرێتەوەو پێویستیشە ئەو کاتە دیاری بکرێت کە دایکان تێیدا شیر بەمنداڵان دەدەن بەجۆرێك نابێت شەونخونی بکەن بەدیار منداڵەکانەوە، "چونکە ئەوە کاری خزمەتگوزارو بەخێو کەرەکانە". دوای هەموو ئەوانە، ژن ناتوانێت خۆی بۆ دایکایەتیو منداڵ بەخێوکردن تەرخان بکات، لەبەرئەوەی" ئێمە ڕێو شوێنی وامان هەیە کە دایکایەتی بۆ ژنی پاسەوانان ئاسان بکات". کەواتە ئەوە وەزیفەیەکی سەربەخۆ نییەو کاتێکی تەواوی بوویت بۆ ئەوەی ئافرەت پێی هەڵبستێت. کەواتە ناکرێت ئافرەت بەو ڕۆڵە تەقلیدییە پێناسە بکرێت کە پەیوەستبووە بەخێزانو مولکدارێتییەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەر کەسێك لەنێو ئەو دەوڵەتە نموونەییەی خۆماندا لەمیانەی پیشەو کارێکەوە بناسرێت: ئەوە دارتاشە، ئەوە پزیشکە، ئەوە ...تاد. باشە چی بڵێین کاتێك ژنێك بێ وەزیفە بوو؟ باشە ئێمە لەحاڵەتێکدا نین کە دەبێتە هۆی دارمانی پەروەردە, دواتریش دەوڵەت لەبنەرەتدا؟ کەواتە پەروەردە دەتوانێت چی بکات ئەگەر نەتوانێت ژن ئامادە بکات بۆ وەزیفەیەکی دیاریکراو؟لەکاتێکدا دەزانین ئێمەی مرۆڤ جیاوازییەکی زۆرمان لەنێواندا هەیەو هەریەك کارێکی دیاریکراو دەست دەدەین.

باشە چ کارێك هەیە بۆ ژنان گونجاوتر بێت، لەکاتێکدا دەبێت ئەوە لەزینی خۆمان دابنێین کە ئەو وەزیفەیەی مرۆڤ تایبەتمەندی لێ پەیدا دەکات هەموو ژیانی ئەو کەسە پێکدێنێت ـــ لەبەرئەوە کاتێك پزیشکێك سیستەمێکی تەندروستی دوور مەودای بۆ دادەنێت، بێگومان دەڵێت کاتی ئەوەی نییە تاوەکو نەخۆش بکەوێت، چونکە مومکین نییە وەزیفەی ئەو لەو دونیایە ئەوە بێت بەردەوام نەخۆشی بێت. ژیانێك کە تاك خۆی تەرخان بکات بۆ نەخۆشی بەردەوام هیچ مانایەکی نییەو دەسبەرداری ئەو کارە بێت کە دەبێت لەماوەی ژیانیدا پێی هەڵسێت.

بەو شێوەیە واز لەپزیشك دێنێتو دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیو تەندروستی باش دەبێتو بۆ کارو پیشەکەی دەژی، یا ئەوەتا مردن دێتو ڕزگاری دەکات لەهەموو کێشەو نەخۆشییەکانی چونکە وەزیفەکەی مانا بەژیانی دەبەخشێت، کاتێك وەزیفەی نەما، مردن خۆشترە لەوەی لەسەر جێگا بەبێ وەزیفە بکەوێت.

جارێکی تریش گەڕاینەوە سەر هەمان پرسیار: چ کارێك بۆ ژن گونجاوەو دەبێتە ژیانی؟ ئێمە هەموو پێوەندییە خێزانییەکانمان بڕی، ئافرەتی چینی پاسەوانان هیچ پێوەندییەکی یەوی بەپیاوێك نییەو هیچ منداڵو ماڵێکیشی نییە" نابێت هیچ یەکێکیان لەژێر یەك ساباتدا لەگەڵ پیاوێکی دیاریکراودا بژییێت، با منداڵیش موشاع بێت بەجۆرێك باوك منداڵی خۆی نەناسێتەوەو منداڵیش نەزانێت کێ باوکییەتی". ئەوەش وەکو گووتمان ئەنجامێکی ئاسایی ئیلغاکردنەوەی موڵکدارێتی تایبەتە کە هۆی سەرەکی ناکۆکیو ململانێیە.

ئێستا گەیشتینە سەر ڕێگایەکی داخراو دوای ئەوەی هەموو وەزیفە تەقلیدییەکانی نێو خێزانمان لەناو برد، ئەفلاتون هیچ شتێکی لەبەردەمدا نامێنێتەوە تەنیا ئەوە نەبێت ژنیش بکاتە پیاو، بەجۆرێك هەموو کارو وەزیفەکانی پیاوانە وەربگرێت لەسیاسەتو بەڕێوەبردنی دەوڵەتو حوکمکردنو پەروەردەو... تاد. هیچ شتێکی لەبەردەمدا نەماویەوە، تەنیا ئەوەندە نەبێت کەوا تەماشای ژن بکات وەکو ئەوەی پیاوە, یا بڵێ هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ پیاودا تەنیا ئەو جیاوازییە نەبێت کە لەنێوان پیاوێکی سەر ڕووتو بەپرچدا هەیە.

ئارنست پارکەر دەڵێت:" هیچ جیاوازیەك نەما لەڕووی جۆرەوە لەنێوان ژنو پیاودا, وەزیفەی سێکسی تاکە جیاوازییە لەنێوانیاندا, بەلام لەهەموو وەزیفەکانی تری ژیاندا, ئەوە ژنیش وەکو پیاوێکی لاواز وایە لەڕووی جەستەییەوە، بەلام هەمان تواناو هێزی پیاوی نییە".

بەو شێوەیە ئەفلاتون زۆر بەئاسانی بڕیاری ئەوە دەدات سروشتی ئافرەت جیاوازییەکی ئەو تۆی نییە لەسروشتی پیاو کە ڕێگر بێت لەبەردەم بەشداریکردنی لەژیانی سیاسیدا. بەڵێ ئافرەتی نێو چینی پاسەوانان بەهیچ شێوەیەك جیاواز نییە لەپیاو، چونکە ئەفلاتون لەهەموو تایبەتمەندییەکانی ژنێتی داماڵیوەو ڕایهێناوە لەسەر ئازایەتیو پیاوەتی کە دەوڵەت پێویستی پێیەتی.

لیڤی شتراوس دەڵێت:" سوقرات لەکاتی سەلماندنی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزدا ئەو جیاوازییانەی بەلاوە ناوە کە تایبەتن بەکردەی منداڵبوون. ئەوەش لەهەمان کاتدا مانای بەلاوەنانی جیاوازییە جەستەییە جەوهەرییەکانی نێو ڕەگەزی مرۆڤایەتییە, واتا بەلاوەنانی جەستە تا ئەوپەڕ بەشێوەیەك چارەسەری جیاوازیەکانی نێوان ژنو پیاو دەکات وەکو ئەوەی بەراووردی نێوان پیاوی سەر ڕووتو بەپرچ بێت".

ئەگەر سیمۆن دی بۆڤوار پێی وایە جەستەی ژن یەکێکە لەتوخمە سەرەکییەکانی پێکهاتنو دیاربکردنی ڕەوشی ئافرەت لەجیهاندا، بەلام ئەفلاتون بڕیاریداوە تەواو ئەو جەستەیە ڕەتبکاتەوەو بەلاوەی بنێت بەشێوەیەك تەنیا وەکو ئامێرێکی بەتاڵکردنەوە بێت، تەنیا ئامرازێك بۆ زۆربوونی منداڵ، بەو شێوەیە هەموو ئەو سیفەتانەی کە ئەفلاتون ویستی ژن دوای ئازاد بوون بەدەستیان بێنێت، سیفەتی پیاوانەن، وەکو توانای جەنگو شەڕ کردنو مومارەسەکردنی ڕاهێنانەکانی وەرزشی بەرووتی لەبەرانبەر پیاواندا, ئەو دەیەوێت بوونی ژن ڕەتبکاتەوە وەکو ئەوەی ژنەو دەیەوێت بیبینێت تێکەڵاوی پیاو بووە وەکو ئەوەی یەکێکە لەوان بەبێ ئەوەی هەست بەجیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەز بکات.

وەکو ئەوەی دواتر دەبینین، ڕقی ئەفلاتون نەبوو لەجەستەی ئافرەت پاڵی پێوەنا وەکو پیاو تەماشای بکات، گوایە ئەو ڕقی لەجەستەیەو برواو متمانە بەدیاردە هەستییەکان ناکات کە لەباشترین حاڵەت دا ئەو دیاردانە سێبەری حەقیقەتن، بەڵکو هۆی ڕاستەقینە ئەوە بوو کە ڕەتکردنەوەو ئیلغاکردنەوەی موڵکداریتی تایبەت بووە هۆی ئیلغاکردنەوەی خێزان، ئەوەش ئافرەتی خستە نێو ڕەوشێکی سەیرو نامۆ، بەشێوەیەك ئەفلاتون سەری تێدا سوڕماو کردییە پیاو.

ڕوسۆ یەکێك بوو لەهزرڤانە پێشەنگەکان کە باس لەو حەقیقەتە دەکات، ئەوەش لەکاتی هێرشە توندەکەی بۆ سەر ئەفلاتون بەهۆی ڕەتکردنەوەی خێزانو دەڵێت:" من دەزانم ئەفلاتون لەنێو کۆمارەکەیدا یەك جۆر ڕاهێنانی وەرزشی بۆ ژنو پیاو دیاری کردووە، چونکە دوای ئەوەی خێزانی لەنێو حکومەتەکەیدا ئیلغاکردەوە, نەیزانی چی لەژنان بکات، بۆیە ناچار بوو بیان کات بەپیاو".

## کۆتایی:

لەوەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەفلاتون لەنێو وتووێژی کۆماردا بانگەشەکاری ئازاد کردنی ئافرەت نەبوو، یا بانگەشەکاری یەکسانی نێوان ژنو پیاو نەبوو. لەپێچەوانەوە، ئەو لەنێو کتێبی سێیەمدا، بەپێچەوانەوە گوزارشت لەڕق بوونەوە لەئافرەت دەکاتو وشیارمان دەکاتەوە لەوەی ئاگادار بین گەنجان لاساییان نەکەنەوە، دوایی دەبینین پاش ڕەتکردنەوەی موڵکداریێتی بۆ چینی پاسەوانان کۆمەڵێك ژن هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی پاسەوانێتی لەپیاو بکەن، ئەوەش دوای ئەوەی هەموو تایبەتمەندییەکانی ژنێتییان لێ دادەماڵێت، چونکە هیچ وەزیفەیەکیان نەماوە دوای ئیلغاکردنەوەی ڕۆڵی کلاسیکی ژن لەنێو خێزاندا, کەواتە دەبووایە ژن هاوکاری پیاوی کردبووایە، ئەگینا بێ ئیش دەمایەوەو سیستەمی پەروەردەش هەڵدەوەشایەوە کە بریتییە لەئامادەکردنی هاوڵاتییان بۆ وەزیفەی تایبەتی خۆیان هەر کەسەو بەپێی تایبەتمەندی خۆیان. ڕەتکردنەوەی خێزان لەئەنجامی کۆمەڵێك چاکسازی هاتەکایەوە کە مەبەست لێیان لەناو بردنی ململانێیە مەدەنییەکان بوو, موڵکداریێتیش، بەتایبەتیش موڵکداریێتی ئافرەت لەپێشەوەی هۆکارەکانی ئەم ململانێیەدا بوو.

ڕق بوونەوەی ئەفلاتون لە سامانو موڵکداریێتی بەشێوەیەکی گشتی, هاوشانو تەبا بوو لەگەڵ بنەما میتافیزیکییەکانی خۆی کە بووە هۆی هەموو ئەو پێشڤەچوونانە، کە وامان لێدەکات بتوانین بڵێین:" بیرو بۆچوونەکانی ئەفلاتون لەمەیدانی ئەخلاقو پەروەردەو سیاسەتدا لەگەڵ بۆچوونە میتافیزیکییەکانی یەکدەگرێتەوە, هەروەها دەبینین بۆچوونە میتافیزیکییەکانیشی پاڵپشتی لەبۆچوونەکانی دەکات لەو بوارانە".

هەموو ئەوانە مانای وایە ئەفلاتون نەیویستووە ژن ڕزگار بکات کە نیوەی کۆمەڵە, ئەگەر بەڕاستی ئەوەی بویستبایە، ئەوە توێژی فراوانی ئافرەتانی بەرهەمهێنەری نێو کۆمەڵگای لەو ڕەوشە خراپە جێنە دەهێشت بەبێ ئەوەی گوێیان پێبدات یا ئاماژەیان بۆ بکات. ڕەوشی ئافرەتان لەنێو ئەو توێژە زۆرو فەرامۆشکراوەی خوارەوەی کۆمەڵ ئەو ئازادییە بانگەشە بۆکراوەشی هەر پەیوەستی ڕەتکردنەوەو ئیلغاکردنەوەی ئەو موڵکداریێتییە بووە، دواتریش ئیلغاکردنەوەی خێزان.

ئەفلاتون قسە لەبارەی مافەکانی ژنان ناکات وەکو ئەوەی ژن بێت، دواتر کاتێك قسە لەبارەی وتووێژی یاساکان دەکەین دەیبینین چۆن پێی وانییە ئافرەت مافی هەبێتو " چۆن ئەو بیری لەمافی ئافرەت کردۆتەوە،

لەکاتێکدا ئەو خۆی زۆر کەم بیری لەمافی پیاوان کردۆتەوە؟ مەسەلەکەش ئەنجامێکی لۆژیکی بنەماکانی بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیەتی، چونکە هەموو ئەندامێك دەبێت ئەو کارە بکات کە لەگەڵیدا دەگونجێت".

کاتێکیش هیچ وەزیفەیەکی بۆ ئافرەت پێ نەدۆزرایەوە ـ چونکە وەزیفەی سروشتی خۆی ئەوەیە لەماڵەوە بێتو ماڵداری بکات ـ دوای ئیلغاکردنەوەی ڕۆڵی کلاسیکی لەنێو خێزاندا، بۆ ئەوە چوو گوایە دەتوانێت قەلغان هەڵبگرێتو سواری ئەسپ بێتو بچێتە ڕیزی سەربازی بۆ ئەوەی ببێتە جەنگاوەر" پیاوو ژن بەیەکەوە دەچنە بەرەکانی جەنگ، بگرە ئەو منداڵانەشیان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن کە دەتوانن بجەنگێن"، وەکو ئەوەی ئەفلاتون بیەوێت بڵێت یا ئەوەتا ژن دەبێت لەماڵەوە بێتو ماڵداری بکات، یا دەبێت ببێتە پیاو.

دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە ڕقی ئەفلاتون لەژن بوونی هەیە، تەنانەت لەنێو وتووێژی کۆماریشدا وەکو ژن باسی لێوە ناکات, تەنیا بەسووکییەوە نەبێتو لەگەڵ ئاژەڵو منداڵو ئێتان پۆلێنی دەکات. دواتر دەیخاتە نێو ڕیزی ئەو شتانەی کە پیاو خاوەندارێتییان دەکات، یا ئەو شتانەی دەکرێت خاوەندارێتییان بکات، ناشیەوێت پێوەندی نێوانیان لەسەر خۆشەویستیو هاوڕێیەتی بونیاد نرابێت، بەڵکو دەیەوێت پێوەندییەکی ناشەخسی بێت.

ئەفلاتون لەسوکایەتی کردن بەهەستی سروشتی ئافرەتو پێشێل کردنی کەرامەتی دەگاتە ئەوەی کە بڵێت جەنگاوەری ئازا دەبێت کۆمەڵێك ژنی پێشکەش بکرێت تاوەکو منداڵی زۆرتری ببێتو لەسەر ئافرەتیش پێویستە بەخۆشییەوە ئەو ڕەوشە قبوول بکات کە تێیدا دەبێتە دیاریو پێشکەشی جەنگاوەرە ئازاکان دەکرێت.

ئەگەر ئەفلاتون لەنێو کتێبی سێیەمدا گەنجان ئاگادار دەکاتەوە لەوەی لاسایی ژنان نەکەنەوە، ئەوە لەنێو کتێبی هەشتەمدا کاتێك وێنەی داڕمانی ڕێکخستنی سیاسی نمایش دەکات، پەیوەستی دەکات بەئافرەتو ئەو پرسیارە دەکات: چۆن وێنەی گەنجێکی حەز کردوو بەدەسەڵات لەنێو سیستەمی حکومەتی تیمۆکراتیدا دەردەکەوێت؟

بەو شێوەیەش وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە" سەرەتا لەڕێگای قسەکانی دایکیدا پێکدێت، کاتێك گلەیی لەباوکی دەکات کە نەیتوانیوە پلەو پایەیەکی بەرز لەنێو پیاوانی دەسەڵاتداردا وەربگرێت، بەوەش پلەو پایەی ژنەکە لەنێو ژنانی تردا بێ هێزە، هەروەها گلەیی ئەوەش دەکات کە پیاوەکەی کەمتر بایەخ بەکۆکردنەوەی پارە دەداتو ناتوانێت بچێتە نێو شەڕ قسەو ڕوو بەڕوو بوونەوە، جا لەنێو بواری کۆمەڵایەتیدا بێت یا گشتی یا دادگاکان، هەروەها بەردەوام بیر لەخۆی دەکاتەوەو زۆر گوێی پێنادات. هەموو ئەوانە بێزاری لەلای دروست دەکاتو پێی دەڵێت کە باوکی پیاو نییە بەمانای وشەکەو زۆر لاوازەو کۆمەڵێك لەو سیفەتانە بەر گوێی منداڵەکە دەدات کە ژنان حەز دەکەن بەردەوام لەحاڵەتی وادا دووبارەی بکەنەوە".

ئەفلاتون ئەوەش لەبیر ناکات لەنێو ئەو وتارەدا ئەوەمان بیرمان بخاتەوە کە ئەوە شێوازی خزمەتکارانە" خزمەتکاران بەنهێنی ئەو قسانە بەگوێی منداڵاندا دەدەن". بەو جۆرە ئەفلاتون ئافرەتی نێو خێزانێکی ئاسایی نماییش دەکات، کاتێك ئافرەت خێزانو ژنی ماڵەوە دەبێت، وەکو ئەوەی ئەو هۆکاری سەرەکی گەندەڵی نێو کۆمەڵگا بێت، چونکە ژن زۆرتر گرنگی بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی دەداتو پاڵ بەمێردەکەیەوە دەنێت بەرەو گەندەڵی بڕوات وەکو ئەوەی پاندۆرا ـ Pandora بێت کە لەنێو میتۆلۆژیا یۆنانییەکاندا وەکو سەرچاوەی یەکەمی هەموو شەڕانگێزییەك پیشاندراوە.

دواتر ڕای ئەفلاتون بەگشتی لەبارەی ئافرەت دەبینین، ئافرەتی بەپیاو بووی نێو ڕیزی پاسەوانان نا، بەڵکو مێینە بەگشتی، زۆریش جیاواز نییە لەوەی تازە خستمانە ڕوو. دەمانەوێت ئەو بەشە بەو وێنەیەی نێو کتێبی کۆمەار کۆتایی بێنین کە سوقرات پرسیار دەکات لەبارەی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسکەوتەکانی نێو جەنگداو دەڵێت:" پێت باشە لەدوای جەنگدا مردووەکان ڕەوەت بکرێنەوەو هەرچییەکیان هەیە لێیان دابماڵرێتو ببردرێت؟".

ئەفلاتون هەر خۆیشی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە دەلالەتێکی تایبەتی هەیەو دەڵێت:" چاوچنۆکییە گەر مرۆڤ مردوویەك بڕوتێنێتەوە، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ لاشەی مردوو وەکو ئەوەی دوژمنە نەفس نزمییەکە تەنیا لەئافرەتان دەوەشێتەوە".

چونکە دوژمنی ڕاستەقینە لەڕوانگەی ئەفلاتونەوە رۆحە، ئەویش نەماو تەنیا ئەو پاشماوەیەی جێهێشت کە پێی دەجەنگا، ئەوەش چەندە لەو کارەی سەگان دەچێت کە دوای ئەوەی بەردێکبان تێدەگیرێت، دەچنە هێرش دەکەنە سەر بەردەکەو پڕی دەدەنێ، بەبێ ئەوەی پڕ بدەنە ئەو کەسەی بەردەکەی تێگرتوون. جارێکی تریش دەبینین ڕەفتاری ژنانە لەگەڵ ڕەفتاری ئاژەڵ بەراورد دەکرێتەوەو پەیوەستی یەکتری دەکرێنەوە.

## بەشی دووەم
## ژن لەگفتوگۆی یاساکاندا
## ئەفلاتون و ژن

### یەکەم: گەڕانەوەی موڵکداریێتی

ئەفلاتون هەرگیز لەو بیروباوەڕە بەهێزەی خۆی بەنموونەی باڵای ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی پاشگەز نەبۆوە کە لەنێو کتێبی (کۆمار)دا خستبوویە ڕوو، ئەم نموونەیەی دەوڵەتێکی چاکەکاری کە لەسەر ڕەسەنایەتی دامەزراوە، بەڵام دوای

ئەوە چووە نێو تەمەنەوەو ئەزموونی زۆری ژیانی بینی، پاش ئەوەی دووچاری بێ ئومێدییەکی زۆر بوو لەوەی سێ جار چووە سەراکۆزە، وازی لەوە هێنا ئەم نموونە باڵایە لەسەر ئەو خاکە بێنێتەدی.

بۆیە دەبینین ئەفلاتون لەنێو وتووێژی (یاساکان)دا کە لەپیریدا نووسیویەتی، جارێکی تریش بڕوای قووڵی خۆی بەو بۆچوونە دەردەبڕێتو بەداخو پەژارەوە دەڵێت:" باڵاترین شێوەی دەوڵەتو حکومەتو یاسا ئەو نموونە کۆنەیە کە دەڵێت: هەموو شتێك لەنێوان هاوڕێیاندا موشاعە. جا ئەوە مومکینە لەسەر ئەم زەویە بێتەدی، یا مومکینە ڕۆژێك لەڕۆژان کۆمەڵەو گرووپێکی وا هەبێت ئەم سیستەمە پێکەوەییە هاوبەشە لەژنو منداڵو موڵکدارێتی تێیاندا باڵادەست بێت، یا بگرە هاوبەش بن لەهەموو شتێکداو هەر جۆرێك بێت، بەجۆرێك بیرۆکەی موبڵکدارێتی تایبەتی بەتەواوی لەژیاندا ون بێت، تەنانەت ئەو زمانەش ون بێت کە گوزارشتی لێدەکات، بەشێوەیەك تەنیا یەك دەوڵەت هەبێت لەیەك جەستەو یەك عەقڵ پێکهاتبێتو هەست بەیکە چێژو یەك ئازار بکات. دەڵێم جا ئەگەر مومکین بێت ئەو نموونە باڵایە بێتە دی یا نەیەتە دی، لەئێستادا یا لەئایندەدا، یا تەنانەت بەدیهاتنی ئەستەم بێت، بەڵام یەك شت هەیە کە هەرگیز گومانی لێناکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەو نموونە باڵایە لەهەموو شتێك زیاتر خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی دەکات".

ئەفلاتون جارێکی تریش دەگەڕێتەوە سەر شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دروست نەبوونی شاری چاکەکاری لەکۆمارە ئەستەمەکەیداو دەڵێت:" ئەم نموونە باڵایە گونجاو نییە تەنیا بۆ خوداوەندو منداڵەکانیان نەبێت". بەم شێوەیە ئەفلاتون دەگەڕێتەوەو ڕێگا بەموڵکدارێتی تایبەتی دەدات" با ماڵو زەوییەکان لەنێوان خۆیاندا بەش بکەن، ناکرێت زەوی کێڵانو تۆ کردن هاوبەش بێت، چونکە شتێکی لەو جۆر لەگەڵ کەسانێك ناگونجێت کە لەژێر سایەی سیستەمی ئێستادا گەورە بوونو پێگەیشتنو خوێندنو ڕاهێنانیان بەشێوازە باوەکان بووبێت".

بە شێوەیە ئەفلاتون یەکەم بڕیاری ترسناك لەنێو دەوڵەتی یاساکاندا وەردەگرێت ـ دەوڵەتی چاکەکاری دووەم کە پێی وایە دەشێت بێتەدی، چونکە لەواقیع نزیکترە " لەنێو وتووێژی یاساکاندا ئەفلاتون وەسفی کۆمەڵگایەکی کەمتر یۆتۆپی دەکات لەوەی لەکۆمارەکەیدا کردبووی، ئەو کۆمەڵگا نوێیەش لەئەنجامی یەکخستنی نێوان تیۆرە ئایدیالییەکەی خۆیەتی ـ وەکو ئەوەی لەنێو کتێبی کۆماردا نمایشی کردووە ــ لەگەڵ واقیعی ژیانی کۆمەڵگای ئەسینادا".

بەو شێوەیە ئەفلاتون بەوردی شوێنگەی دەوڵەتە نوێیەکەی خۆی دیاری دەکات کە پێشنیار دەکات لەدەریا دوور بێت بۆ ئەوەی خەڵکەکەی ڕۆ نەچنە نێو بازرگانیو هەناردنە دەرەوەو هاوردنو ... تاد. لەکاتێکدا بەڕوونی درك بەوە دەکات کە موڵکدارێتی بنچینەی هەموو یاسایەکە، نهێنی ئەمنو ئاسایشی دەوڵەتیشە، لێرەشدا لەگەڵ ئەوەی لەپێشتردا لەنێو کۆمارەکەیدا باسی کردبوو یەك دەگرێتەوە لەوەی فاکتەرە ئابوورییەکان سەرچاوەی ئاڵۆزی سیاسین.

ئەفلاتون یەکێك بوو لەو فەلسەفەکارانەی کە پێی وایە موڵکدارێتی سەرچاوەی یەکەمی ململانێو جیابوونەوەیە.

ئەفلاتون پرسیار دەکات کە چ ڕێگایەکی نموونەیی هەیە بۆ دابەشکردنی زەوی؟ وەڵامیش دەداتەوە کە پێویستە لەسەرەتادا ژمارەی دانیشتوانی نێو دەوڵەت دیاری بکەین، دواتریش زەویو خانووەکان بەشێوەیەکی یەکسان

بەسەریاندا دابەش بکەین، بەڕای ئەویش ژمارەی گونجاویش (5040) پێنج هەزارو چل خاوەن زەویمان هەبێت بتوانن زەوییەکانی خۆیان بپارێزنو ئەو زەوییەو خانووانەش بەیەکسانی بەسەریاندا دابەش بکرێت بەشێوەیەك هەر خاوەن خێزانێك یەك بەشی بەر بکەوێت. لێرەشدا دەبێت ئەو ژمارەیە جێگیر بێت، خۆ ئەگەر زیادەیەك لەژمارەی دانیشتوان روویدا، لەو حاڵەتەدا دەبێت ڕێژەی منداڵبوون لەنێو خێزانەکاندا دیاری بکرێت، ئەگەر نا ئەوە دەبێت دەوڵەتە شارێکی تازە دروست بکرێت. خۆ ئەگەر ڕێژەکەش کەمی کرد، دەبێت ئەوانەی هاوسەریان هەیە پاداشت بکرێن، ئەوانەی کە هاوسەریشیان نییە سزا بدرێن.

سەبارەت بەسامانیش، ئەوە یەکسانی دەبێت تەنیا لەدابەشکردنی پارچە زەوییە ڕەسەنەکاندا بێت، واتا تەنیا یەکسانی لەموڵکدارێتی زەویدا دەبێت، دواتریش پاش ئەوە جیاوازی دەبێت لەموڵکدارێتی تاکەکەسی، ئەفلاتونیش لێرەدا ڕێگا دەدات هەر هاوڵاتییەك تەنیا بایی چوار ئەوەندەی بەهای زەوییەکەی دەست بەسەر موڵكو ماڵدا بگرێت، بەو شێوەیە مەودای سامانی نێوان پیاوێك کە بەلایەنی کەم پارچە زەوییەکی هەیە دەست پێدەکات کە ئەوەش کەمترین ڕادەی موڵکی تاکەکەسییە، لەگەڵ ئەو پیاوەی کە ئەو پارچە زەوییەشی هەیە لەگەڵ کۆمەڵێك موڵكو سامانی تردا.

ئەنجامی ئەو جیاوازییە لەسامان کە ئەفلاتون لەنێو کتێبی (یاساکان) ڕێگای پێداوە، ئەوە بوو کە سیستەمێکی چوار چینو توێژی سەری هەڵدا لەسەر بنەمای موڵکدارێتی. لێرەدا هاوڵاتی هیچ بوارێکی تری ئابووری لەبەردەستدا نییە، چونکە ڕێگای پێنادات پیشەسازی بکات یا مومارەسەی هیچ پیشەیەك بکات، یا شێوازی تر بەکار بێنێت بۆ پارە کۆکردنەوە وەکو کڕینو فرۆشتنو .. تاد.

لەبەرئەوەی کارێکی لەو جۆرە ڕەنگە پاڵ بەمرۆڤەوە بنێت سروشتی ئازادانەی جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر سروشتێکی خراپەکارانە، هەروەها ڕێگا بەهاوڵاتییانیش نادات خاوەندارێتی زێڕو زیو بکەن. ئەوە لەکاتێکدا ئەفلاتون بازرگانیو پیشەسازی لەنێو دەوڵەت بەدەر نانێت، بەڵام لەهاوڵاتیانی قەدەغە دەکات، لەنێو دەوڵەتیشدا ڕێگای پێدەدات بەمەرجێك کاری کەسانی بێگانەو موقیم بێت لەو وڵاتە، چونکە کاری هاوڵاتی نێو دەوڵەت دەبێت سیساەتو کارکردن بێت لەپێناو بەرزکردنەوەی توانای جەستەییو عەقڵی خۆی تا دەگاتە بەرزترین ئاست. کاری کۆیلەکان کێڵانو تۆ کردنی زەوییە، بازرگانیو پیشەسازیش کاری بێگانەکانە، تا ئێستاش بنەمای سەرەکی نێو (کۆمار) هەر ماوەو بریتییە لەوەی کە دەبێت هەر مرۆڤێك تەنیا یەك کاری هەبێتو ئەنجامی بدات.

بەڵام هاوڵاتی دەبێت ئەوە لەزەینی خۆیدا بنێت کە زەوی بەمانای ئینتیماکردنە بۆ دەوڵەت، چونکە زەوی لەلای خوداوەندەکان پیرۆزە، بۆیە دەبێت لەلای هاوڵاتیش وەکو منداڵ لەلای دایك خۆشەویست بێت. هەروەها دەبێت خاوەن موڵك کڕینو فرۆشتنی زەوی لەزەینی خۆی دەربێنێتو دەسبەرداری هیچ بەشێك یا هەموو زەوییەکەی خۆی نەبێت. ئەگەر هاوڵاتیش هەر هەڵەیەکی کرد، دەبێت سزا بدرێتو سزاکەشی لەقازانجی زەوییەکە لێوەر بگیرێت، بەڵام بەشی زەویەکەی خۆی تاکۆتایی هەر دەبێت لەژێر ڕکێفی هاوڵاتییەکە خۆیدا بمێنێتەوە کە یەکەمجار بۆی تەرخانکراوە،

دواتریش دەبێتە موڵکی میراتگرەکانی، جا ئەو منداڵو میراتگرانە هی خۆی بێت، یا بەخێوی کردبنو بەناوی خۆی کردبن.

خاوەن موڵك دەتوانێت موڵکەکەی خۆی بداتە هەر یەکێك لەمیراتگرە کوڕەکانی کە خۆی مەبەستییەتی پێی بدات. ئەگەر کوڕیشی نەبووایەو تەنیا کچی هەبووایە، ئەوا دەبووایە کوڕی هاوڵاتییەکی تر هەڵبژێرێتو بیکاتە مێردی یەکێك لەکچەکانی خۆیو دواییش پاش ئەو دەبووە میراتگری. خۆ ئەگەر هیچ کوڕو کچیشی نەبووایەو نەزۆك بووایە، مافی خۆی بوو کوڕی هاوڵاتییەکی تر هەڵبژێرێتو بیکاتە میراتگری خۆی.

ئەگەر پیاوێکی نەزۆکیش لەبەر هەر هۆیەك سزا بدرا بووایەو لەنێو شار دوور خرابووایە دەرەوە، ئەوە خزمەکانی لەهەردوو لاوە کۆ دەبوونەوە تاوەکو لەگەڵ پاسەوانو کاهینەکان ڕاوێژیان بکردبووایە تاوەکو میراتگرێك بۆ ئەو موڵکە دەستنیشان بکەن کە بەبێ خاوەن ماوەتەوە. لەبەرئەوەی لەڕوانگەی ئەفلاتونەوە بابەتی میرات گرنگە بۆ دەرخستنی پێگەی ئافرەت، بۆیە دوای کەمێکی تر هەندێك وردتر دەیخەینەوە ڕوو.

پێویستە لەسەرمان تێبینی ئەوەش بکەین کە دەسبەر داگرتنی موڵکی کەسێك لەلایەن دەوڵەتەوە کارێکی قەدەغەکراو بوو، ڕەنگە بەرپرسان بۆیان هەبوو بێت بزانن کێ میراتگرە، یا کێ دەبێتە میراتگر، بەڵام دەوڵەت مافی ئەوەی نەبوو مامەڵە بەو زەوییانە بکات، بەڵکو ئەو مەسەلەیە لەلایەن ئەنجومەنی خێزانەوە دیاری دەکرا.

بەم شێوەیە ئەفلاتون زۆر لەسیتەمی موڵکداریێتی تایبەت نزیکبۆوە، ئەگەرچی لێرەدا سەرۆکی خێزان بەردەوام وەزیفەی ئەوە بوو درێژە بەخێزان بداتو پارێزگاری لەعیبادەتی خاوەندەکان بکات، لێرە لەکۆتاییدا لامان گرنگە ڕۆڵی باوك دەربخەین، یا ڕۆڵی خاوەنی خێزان کە موڵکداریێتی زەوی دەکاتو دواتر بەمیرات دەیداتە کوڕەکەی، یا هەر یەکێك لەو کوڕانەی کە خۆی گەرەکییەتی، یا مێردی یەکێك لەکچەکانی، یا ...تاد. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە دەبێت خاوەن موڵك پیاو بێت، چونکە ژنو کچەکان، گەورە بن یا بچووك، کەسیان مافی ئەوەیان نەبوو خاوەنداریێتی زەوی بکەن.

## دووەم: خێزانو شوێنگەی ژن

### 1) گەڕانەوەی خێزان:

لەنێو وتووێژی (یاساکان)دا موڵکداریتی تایبەت گەڕایەوە ناو کۆمەڵگا، بۆیە بێگومان دەبووایە لەگەڵیدا خێزانو سیستەمی زەواجی کلاسیکیش بگەڕێتەوەو سەرلەنوێ وەزیفەی سروشتی ئافرەت سەرهەڵبداتەوە، وەکو چۆن دەسەلاتی باوك لەنێو خێزانی پەتریارکیدا سەرهەڵدەداتەوەو ...تاد، بگرە دەبووایە جارێکی تریش میتۆلۆژیای یۆنانی بگەڕێتەوە تاوەکو زەواج پیرۆز بکاتەوە "، چونکە لەنێو یاساکانی ئەفلاتونی تایبەت بەزەواج هیرای خواوەند دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی لەنێو ئایینی یۆنانیدا وەزیفەی سەرەکی بریتی بوو لەپاراستنی مافی ژن لەکاتی زەواجدا، ئەگەرچی زیۆس بەردەوام خیانەتی لێ دەکرد، بەڵام واتەماشای دەکرا وەکو ئەوەی نموونەی باڵاو پیرۆزی زەواجە".

بەم شێوەیە، دەبینین تەنانەت لەنێو (یاساکان)دا سەرلەنوێ سیما میتۆلۆژییەکان دەگەڕێنەوەو سەرهەڵدەدەنەوە، وەکو ئەوەی لەنێو دابونەریتی کولتووری یۆنانیدا، بەتایبەتیش لە ئەسیناو ئەسبرتەدا هەبوو. لێرەوە ئەفلاتون باج لەهەموو ئەو کەسانە وەردەگرێت کە زەواج ڕەتدەکەنەوە، یا ئەوانەی شکست دێنن لەزەواج، وەکو ئەوەی لەئەسبرتەدا ڕوودەدات. "پاسەوانی پەرستگای (هێرا)ی خواوەند باج لەو کەسانە وەردەگرێتو کۆ دەکاتەوە کە لەزەواجدا شکست دێنن، یا ئەوانەی لەتەمەنێکی دیاریکراودا زەواج ناکەن، یا ئەو باجەی دەخرێتە سەر ئەوانەی کە مارەیی زۆر وەردەگرن". ئەفلاتون هەندێك پیرە ژنی داناوە بۆ چاودێریکردنی زەواجە تازەکان بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایا لەسەرەتای زەواجیاندا هەڵساون بە ئەرکی خۆیان بەرانبەر بەدەوڵەت. بەم شێوەیە شیوعییەتی ژن لەگەڵ گەڕانەوەی موڵکداریتی تایبەت کۆتاییهاتو  تاك زەواجیو تاك ژنی چەسپێنرا.

زەواج لەلای ئەفلاتون بۆ تێرکردنی هەوەسی تاکەکەسی نەبوو، نە لەنێو (کۆمار)ەکەیداو نە لەنێو (یاساکان)یشدا، بەڵکو ئەوە بیرۆکەی زەواج بوو لای هەموو یۆنانییەکان بەشێوەیەکی گشتی، بەڵکو جێبەجێکردنی ئەرکێکی دیاریکراوە بەرانبەر بەخێزانو دەوڵەت.

بۆیە کاتێك گەنجێك بەدوای کچێکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بیکاتە هاوڕێی ژیانی خۆی " تەنیا کوڕ بۆیان هەیە بەدوای هاوڕێی ژیانیاندا بگەڕێنو کچان نابێت کارێکی وا بکەن، هەروەها ئەو باجەش کە باسکرا، تەنیا دەخرایە سەر پیاوە ڕەبەنەکانو قەیرە کچانی نەدەگرتەوە"، بۆیە نابێت گەڕان بەدوای هاوڕێی ژیان کارێکی ڕۆمانسییانە بێت، چونکە ئەوە لەلای کۆمەڵگای یۆنانی بەمانای خۆپەرستی دێت، بەڵکو دەبێت ئەو گەڕانە لەپێناو بەرژەوەندی خێزانو دەوڵەت بێت. لێرەوە بۆیە دەبووایە ئەو ئەرکە پاڵپشتێکی ئایینی بەهێزی هەبووایە.

ئەفلاتون قسەیەك دەکات ڕاستەوخۆ قسەیەکی تری خۆیمان بیر دەکەوێتەوە لەنێو دیالۆگی (خوان)داو دەڵێت:" زەواج ئەو ڕێگایەیە کە لەمیانەیدا ڕەگەزی مرۆڤایەتی درێژە بەبوونی خۆی دەداتو نەمری بەدەست دێنێت، دەبێت پیاو لەمیانەی خستنەوەی منداڵو نەوەوە سروشتی نەمری بپارێزن، تاوەکو دوای خۆی ئەو نەوەو منداڵانە خزمەتی خوا بکەن". جگە لەوەش خێزان سەرچاوەی دابونەریتە بۆماوەکانە لەبابو باپیرانو یاسا نەنووسراوەکان کە لەهەموو یاسا نووسراوەکان کۆنترن.

ئەفلاتونساڵی شووکردنی کچو ژنهێنانی کوڕی بەهەمان شێوەی جیاواز دیارکردووە کە پێشتر لە یۆناندا هەبوو، کوڕ دەبێت لەتەمەنی نێوان (30 ـ 35) ژن بێنێت، کچیش لەتەمەنی نێوان (16 ـ 20) ساڵی دەبێت شوو بکات، ئەگەر کوڕ لەدوای ئەم تەمەنە دیاریکراوە زەواجی نەوکردوو ڕەتیکردەوە، بەسزایەکی دیاریکراو سزا دەدرێت، بەڵام هیچ قسەیەکی لەبارەی ڕەتکردنەوەی زەواج لەلایەن کچ نەکردووە وەکو ئەوەی ئەو حاڵەتە بوونی نەبوو بێت. کچ دەبێت لەتەمەنی دیاریکراودا شوو بکاتو نابێت ڕەتی بکاتەوە، چونکە هەرگیز هیچ ڕاو پرسێکی پێناکرێت.

ئەفلاتون دەڵێت:" پیاو دەبێت لەتەمەنی نێوان (30 ـ 35) ساڵی زەواج بکات، ئەگەر لەو تەمەنەدا زەواجی نەکرد، ئەوا سزای دەدەین، یا ئەو مافەی لێ دەسێنینەوە یا یەکێکی تر، ئەوە یاسای ئاسانی زەواجە. وەکو گووتمان ئەفلاتون پێی وایە زەواج شتێکی پیرۆزەو لەمیانەیدا نەمری بەدی دێت " دوایی ئەوە کوفرە پیاو خۆی لەو نیعمەتە بێبەش بکاتو بەئەنقەست هەوڵنەدات بەدوای ژن یا منداڵدا بگەڕێت، ئەوەی ملکەچی یاسا بکات ئەوە هیچ قسەیەکی لەسەر نییە، ئەوەی پێشێلی یاساش بکات دەبێت ئەوەندەو ئەوەندە غەرامە بدات، تاوەکو وا هەست نەکات ڕەبەنی سوودو حەسانەوەیە".

**2 ) وەزیفەی ژن :**

پێویستە لەسەر دەوڵەت هەندێك پیرێژن هەڵبژێرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی زەواج ـ ئەوەش کارێکە تۆزێك نزیکە لەوەی پیرێژنەکانی ئەسینا دەیانکرد، ئەگەرچی لێرەدا وردترو ڕێکخراوترە ـــ ئـەم کۆمەڵـە ژنـە دەبێـت ڕۆژانـە لەپەرسـتگای خواوەند لەئەسینا کۆ ببنەوەو لەمەسەلەی زەواج بکۆڵنەوەو قسە لەبارەی کەسەکان بکـەن ئەوانـەی کـاتی زەواجیـان هاتووە، جا کوڕ بن یا کچ، هەر یەکێك لەو ژنانە دەبێتە سەرپەرشتیاری چەند زەواجێك بۆ ئـەوەی دڵنیـا بێـت لـەوەی هەموو ئەو بەڵێنانە جێبەجێکراون کگە لەکاتی زەواجدا دەدرێن لەمەسەلەی منداڵبوونو جێبەجێکردنی یاساکاندا، ئـەو ماوەیەشەبێت (10)ساڵ بێت ئەگەر زەواجەکە ئاسایی بوو و منداڵو نەوەی لێکەوتەوە.

لەکاتێکدا ئەگەر زەواجەکە ئەو ماوەیەی خایاندو منداڵو نەوەشی لێنەکەوتەوە، ئـەوە خـزمو دۆسـتو ناسـیاوەکانیان لەگەڵ ئەو پیرێژنەی کە سەرپەرشتیان دەکات لەپێناو بەرژەوەندی هەردوو لا، هانیان دەدات تاوەکو دەست لەیەکتری بەربدەنو پیاوەکە ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات، واتا چاودێری دەوڵەت بەسەر زەواج هـەر بـەردەوام دەبێـت، بـەڵام ئـەو چاودێرییە لاوازترە لەوەی لەنێو (کۆمار)دا هەبوو، لێرەدا دەوڵەوت بایەخ بەنەوەو ژمـارەی دانیشـتووان دەدات " ئـەو ژنانەی کە سەرپەرشتی زەواج دەکەن دەچنە نێو ماڵی لاوەکـانو دەسـت دەخەنـە نێـو زەواجیـانو هەوڵـدەدەن ئـەو گەمژەییە کۆتایی بێتو لەسەر هەڵەکردن بەردەوام نەبن، جارێك بەخۆشیو جارێك بەناخۆشی، ئەگەر شکستیان هێنا، ئەوە ڕوودەکەنە پاسەوانی یاساکان، ئەوکاتە پاسەوانەکان خۆیـان دەچـنە نێـو مەسـەلەکەوە کۆتـایی بـەو گەمژەییـە دێنن".

ئەگەر جیاوازییـەك هـەبوو لـەنێوان هـەردوو ڕەگـەز بـۆ دەستنیشـانکردنی سـاڵی هاوسـەرگیری، ئـەوە ئـەو جیاوازییـە لەدەستنیشانکردنی ساڵی دامەزراندنیش هەیە، دامەزراندن لەوەزیفەی ڕەسمی بۆ ژنـان (40) سـاڵییەو بـۆ پیـاوانیش (30) ساڵییە، هەروەها لەخزمەتی سەربازیشدا هەمان جیاوازی هەیەو خزمەتی سەربازی بـۆ پیـاوان لەتەمـەنی نێـوان (20 ـ 60) ساڵیدایە، بەڵام بۆ ژنان ـ ئەگەر حەزیان لەئەنجامدانی خزمەتی سەربازی بووایە ـ کاتێك دەیتوانی بچێتە خزمەت دوای ئەوەی منداڵی چوارەمی دەبـوو، واتـا دوای ئـەوەی تەمـەنی دەگەیشـتە پـەنجا سـاڵ، ئـەوەش بـۆ ئـەو مومکینو گونجاو بوو.

ئێستاش پێویستە لەسەرمان هەنـدێك لەسـەر ئـەو دەقـەی ئـەفلاتون بووەسـتین کـە دەڵێـت" دامەزرانـدن لەوەزیفـەی ڕەسمی بۆ ژنان (40) ساڵییەو بۆ پیاوانیش (30) ساڵییە"، دەڵێین سەرەڕای ئەو جیاکارییەی تەمەن لـەنێوان سـاڵی دامەزراندنی هەردوو ڕەگەز، ئەوەش جیاوازییەکە ئەفلاتون ڕاڤەی ناکاتو شیناکاتەوە، بەڵام دیارە ئەفلاتون پێی وایە پێگەیشتنی عەقڵی لەلای ژن درەنگترە بە بەراورد لەگەڵ پیاو. دەڵێم بەبێ ڕەچاوکردنی ئەم تێبینییە، دەبێت بپرسین ئاخۆ ئەو وەزیفە ڕەسمییە چییە کە ژن تێیدا دادەمەزرێت؟

ئێمە زانیمان هەندێك پیرێژن هەڵدەبژێرین بۆ چاودێریکردنی زەواج ـ وەکو ئەوەی عادەتی خەڵکی ئەسینا بوو ئەو کات ـ بەڵام چ وەزیفەیەکی نوێتر هەیە بـۆ ژنـان؟ 0ئارنسـت بارکـەر وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەداتـەوەو دەڵێـت ئەگەرچـی ئەفلاتون دان بەو خزمەتانە دادەنێت کە ئافرەتان پێشکەشی دەوڵەتی دەکەن، بەڵام لەنێو کتێبی (یاساکان)دا بـەهیچ

شێوەیەك باسی ئەو وەزیفانە ناكات كە دەبێت پێیان بسپێردرێت، یا بۆیان هەیە لەكۆمەڵەی نیشتیمانیدا دەنگ بدەن. ڕاستە هەندێك ئافرەت وەزیفەیەكیان هەیە وەكو فەرمانبەر لەنێو دەوڵەتدا، بەڵام كارەكانیان تەنیا لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا كۆ دەبێتەوە. لەنێو كتێبی ( یاساكان)یشدا شتێك نییە لەوە بچێت كە لەنێو كتێبی (كۆمار)دا هەیە لەبارەی بوونی پاسەوانی ژن.

مۆرۆ سەرسامە بەو لایەنە بەرتەسكەی كە ئەفلاتون بۆ بەشداری ئافرەتی داناوە لەنێو كۆمەڵگادا، ئافرەت بەشدار نییە لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت، بەشدار نییە لەدەسەڵاتو حوكم، بەشدار نییە لەژیانی سیاسیو دەنگدانو .. تاد. وەكو ئەوەی ئەفلاتون لەنێو (كۆمار)ەكەیدا بانگەشەی بۆ دەكرد، ئالێرەدا سروشتی پیاوو ژن وەكو یەك نییەو جیاوازە، باشە ئێمە لەگەڵ باركەر بڵێین ئەفلاتون ئەولایەنەی بیرچووە، یا تەنیا ئەوەندەی لەبیرماوە كە دەڵێت:" دەبێت ئافرەتانیش وەكو پیاوان شایستەی ڕێزو پیاهەڵدان بن ئەگەر كارێكی چاكیان كردو شتێكی باشیان ئەنجامدا".

یا پێدەچێت هزری بەرەو ئەوە چوو بێت كە ژیانی خێزانی، ئەو ژیانەی لەنێو (كۆمار)ەكەیدا بەلاوەینابوو، بەڵام لەنێو (یاساكان)دا بەبێ كەموكوڕی خستبوویە ڕوو، لەگەڵ هیچ چالاكییەكی سیاسیدا ناگونجێت كە ئافرەت پێی هەڵبستێت. ئەوەش مەسەلەیەكی زۆر گرنگە، چونكە ئەو قسەیەی ئێمە دەسەلمێنێت كە پێشتر لەبارەی یەكسانی نێوان هەردوو ڕەگەزدا لەنێو وتووێژی كۆماردا خستمانە ڕوو، چونكە كاتێك موڵكداریتیو خێزان نامێنێت، ڕۆڵی تەقلیدییانەی ئافرەتیش نامێنێتو دەبێتە پیاو، بەڵام كاتێك موڵكداریتیو خێزان دەگەڕێنەوە وەكو ئەوەی پێشووتر هەبوو، ئافرەتانیش لەنێو گۆڕەپانی سیاسیو بەشداریكردن لەدەسەڵاتو بەڕێوەبردنی كاروباری دەوڵەت ون دەبن.

لەگەڵ ئەوەشدا، باركەر پێیوایە ئەفلاتون زۆر شتی بۆ بەرژەوەندی ژن كردووە، ئەگەرچی لەچالاكی سیاسیو بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەلاوەیناوە. ئەفلاتون" هێشتا پێیوایە پێویستە ژنان  هەمان ئەو شتانە فێربن كە پیاوان فێری دەبن، هێشتا پێیوایە ژنان پێویستە لەڕێگای سیستەمی خوانی هاوبەشەوە بچنە ناو ژیانی گشتییەوە،  هێشتا پێیوایە لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا دەبێت زەواج بەردەوام لەژێر كۆنترۆڵو چاودێریدا بێت". بەڕای منیش مەسەلەی زەواج هیچ پێوەندی بە بەرژەوەندی ئافرەتەوە نییە، دواتر ئەوە دەبینین كە ئەفلاتون وەكو كەسێكی قاصرو پێنەگەیشتوو تەماشای ژن دەكات كە بەردەوام پێویستی بەوەیە كەسێك هەبێت ڕێنمایی بكات. بەڵام گرنگ ئەوەیە باركەر هەر خۆی دەڵێت مەبەست لەزواج بەرژەوەندی دەوڵەت بووە. ئەوەی دەمێنێتەوە مەسەلەی خوانی هاوبەشو فێربوونە، ئێمەش پێویستە ئەگەر بەشێوەیەكی خێراش بێت قسەیەكیان لەبارەیەوە بكەین.

## 3 ) پەروەردەو فێربوون:

لە سەرەتادا دەبێت بڵێین مەسەلەی فێربوونی ژن یەکێك بووە لەوبابەتانەی کە لەسەر گۆڕەپانی ڕۆشنبیری یۆنانیدا خرابووە ڕوو لەم چاخەداو زۆر لە ئەدیبو نووسەران گفتوگۆیان لەسەر کردووە وەکو یۆرپیدسو ئەرستۆڤانوو لەزۆر لەشانۆگەرییەکانیش خراوەتە ڕوو.

بەڵام ئایا ئەو فێربوونەی کە پێشکەشی ئافرەتان دەکرێت هەمان پرۆسەی فێربوونی پیاوانە وەکو ئەوەی ئەفلاتون لەنێو (یاساکان)دا نمایشی کردبوو؟ ئەوە مەسەلەیەکە گومانی لێدەکەین. بەگشتی کولتووری یۆنانی فێربوون دەکاتە دوو بەشی گەورە: بەشێك پەیوەستە بەجەستە، ئەویش بریتییە لەڕاهێنانە وەرزشییەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە. بەشەکەی تریش پەیوەستە بەرۆح، ئەویش بریتییە لەمۆسیقاو ئەدەبو هونەر، دواتر ماتماتیکیشی خرایە ناو، دواتریش دەبینین ئەفلاتون لەبارەی فێربوونی ژنو پیاوو گەشەکردنی جەستەو رۆح چی دەڵێت.

1) ئەفلاتون پێی وابوو دەبێت کچان مەشقی وەرزشی وەربگرن، بەڵام لێرەدا لەهەندێك لەو وەرزشانە پەشیمان بۆوە کە پێشتر لەنێو کتێبی (کۆمار)دا ئاماژەی بۆ کردبوو، بۆ نموونە، کچە منداڵەکان بۆیان هەیە تاوەکو تەمەنیا دەگاتە (13) ساڵ بەڕووتی یاریو مەشقی وەرزشی ئەنجام بدەن، بەڵام دوای ئەو تەمەنە ئەفلاتون پێی وایە دەبێت جلو بەرگی گونجاو لەبەر بکەن" ئەو کچانەی تەمەنیان دەگاتە (13) ساڵو هێشتا شوویان نەکردووە، دەبێت بەپۆشاکێکی گونجاو خۆیان داپۆشن لەکاتی بەشدارییان لەو یارییانەدا".

هەروەها سیستەمی تێکەڵاوی پەروەردەیی لەقۆناغی منداڵی تا وەکو دەگاتە (6) ساڵی بەردەوام دەبێت، " دوای تەمەنی (6) ساڵی کاتی ئەوە دێت هەردوو رەگەز لە یەکتری جیا بکرێنەوە بۆ ئەوەی کوڕ لەگەڵ کوڕان بژینو کچیش بەهەمان شێوە لەگەڵ کچان. ئێستاش کاتی ئەوە دێت فێر بن کوڕەکان بچنە لای مەشق پێکەری تایبەت بە سوارچاکیو تیر هاوێژیو بەکارهێنانی شمشێرو قەڵغان، کچانیش ئەگەر ڕازی بوون دەتوانن بەشداری لەو چالاکییانەدا بکەن".

ئەفلاتون گلەیی لەداڕێژەری یاساکانی ئەسبرتە دەگرێت چونکە مەشق پێکردنی سەربازی ئافرەتانی پشتگوێ خستووە" شوورەییو شەرمەزارییە بۆ دەوڵەت ئەگەر ئافرەتان مەشق پێنەکرێن، یا مەشقی خراپ وەربگرن، بەشێوەیەك بایی مریشکێك یا باڵندەیەك ئازایەتییان نەبێت کاتێك بەرگری لەبێچووەکانی خۆیان دەکەن لەبەرانبەر هێرشی دڕندەکان یا هەر مەترسییەکی تر، ئافرەتان لەکاتی مەترسیدا کاتێك دەکەنە هاتو هاوارو قیژە قیژو ڕادەکەن بەرەو پەرستگاکانو لەدەوری مەزارەکان کۆدەبنەوە، ئەوە شوورەییو شەرمەزاری بۆ ڕەگەزی مرۆڤ دێنن بەوەی کە ترسنۆکترین ئافرێدەکراوی زیندوون".

ئەفلاتون نایەوێت ئافرەت بەرگری لەدەوڵەت بکات، چونکە ئەوە کاری پیاوانە، بەڵکو پێی وایە دەبێت بەلایەنی کەم ئامادەیی ئەوەی هەبێت بتوانێت وەکو هەر دایکێك بەرگری لەمنداڵەکانی خۆی بکات، وەکو ئەوەی مێینە ئاژەڵان دەیکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ناکاتە مەرجێکی گشتی یا بەزۆر سەپێنراو، بەڵکو پێشنیارە، تەنیا پێشنیارێکە دەیخاتە بەردەم ئەو ژنانەی دەیانەوێت بۆ کاتی تەنگاویو دەڵێت:" ناکرێت لەڕێگای یاساوە ژنان ناچار بکرێن بەشداری لەو ڕاهێنانو مەشقانەدا بکەن، بەڵام ئەگەر مەشقی پێشووتریان وایای لێکردن ئەوە ببێتە دابونەریتێك لەلایانو توانای ئەوەیان هەبوو بەشداری پیاوان بکەن لەو ڕاهێنانانە، ئەوە با بەبێ کێشەو گلەیی ڕێگایان پێبدرێت".

وەکو ئەوەی سۆزان ئۆکن دەڵێتن ئەوەش مانای وایە ئەفلاتون ئافرەتان لەخزمەتی سەربازی بەلاوە دەنێت، تەنیا ئەگەر ئافرەتەکان خۆیان قبوولیان بێتو پێی ڕازی بن، ئەوە لەکاتێکدا خزمەتی سەربازی بۆ پیاوان بەزۆرییە. مۆرۆ لەبارەی ئەو ڕاهێنانە جەستەییو وەرزشییانەوە دەڵێت:" زۆر سەیرە ئەوە تێڕوانینی ئەفلاتون بێت بۆ ئافرەت، ئەگەرچی ئەو دەزانێت زۆر بواری فراوانتر هەیە ئافرەت لەنێو ژیانی کۆمەڵگادا ئافرەت دەتوانێت بەشداری تێدا بکاتو ڕۆڵی تێدا بگێرێت. زۆر سەیرە ئەو بەردەوام جەخت دەکاتە سەر بوارێك کەمتر گونجاوە لەگەڵ ئافرەت لەلایەنی لاوازی جەستەییو ناسکییەوە، دواتریش دەڵێت ئەوە بەشداریکردنێکی سروشتییە.

منیش دەڵێم ئەفلاتون جەختی کردۆتە سەر ئەو بوارە، لەکاتێکدا خۆی شارەزا بوو کە ئافرەت دەتوانێت لەچەند بواری تردا بەشداری بکات، ئافرەتان دەتوانن تا ئەو پەڕ بەشداری پیاوان بکەن لەهەموو چالاکییەکانی دەوڵەتو فرمانەکانی، تەنانەت ئەو خۆیشی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، نەخێر ئەو نەزان نەبووە لەبارەی ئەو جیاوازییە سروشتییانەی لەنێوان جەستەی ژنو پیاواندا هەیە".

مانای وایە ئەفلاتوان پێی وایە بەشداری ڕاستەوخۆو کاریگەری ئافرەت بەپلەی یەکەم لەماڵەوەیە، بەڵام ئەگەر ویستی بەشداری پیاوان بکاتن ئەوە دەبێت پیاو بێت، یا بەلایەنی کەم ئافرەتێکی بەپیاو بوو بێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو مەسەلەکە بەدەستی ئافرەتەو هەڵبژاردنەو بەزۆری نییە وەکو ئەوەی پێش کەمێك ئاماژەمان بۆ کرد بۆ ئەو ژنانەی دەیانەوێت بەپیاو بن" ئەوەش تەنیا ئەوکاتە دەبێت کە منداڵی چوارەمیان بووبێتو تەمەنیان گەیشتبێتە پەنجا ساڵ".

2) سەبارەت بە لایەنەکەی تری پەروەردە کە مۆسیقایە، لێرەشدا بە یەك جۆرە فێربوون بەدی ناکەین، بەڵکو دەبینین پەروەردەی هەردوو ڕەگەز لەیەکتری جیاوازەو دەڵێت:" پێویستە لەسەرمان جیاوازی بکەینو بەپێی هەندێك پرنسیبی گشتی دەستنیشانی ئەوە بکەین کە چ گۆرانییەك بۆ ژنان باشەو چی بۆ پیاوان، دواتر ئەو ڕیتمانە دەستنیشان بکەین کە بۆ هەر یەکێکیان گونجاوە".

دواتر دێتو بەمۆسیقای هەر ڕەگەزێکمان دەناسێنێتو دەڵێت:" ئەو ئاوازانەی تایبەتە بەژنان ئاماژەیە بۆ جیاوازی سروشتی نێوان هەردوو ڕەگەز، بۆیە باشترە بڵێین ئەو ئاوازنە ئاماژەن بۆ هاندانی ئازایەتی تایبەتن بەپیاوان، کەچی ئاوازی تایبەت بەژنان نەرمو نیانو هێمنو لەسەرەخۆ دەبێت، ئەوە لەیاساو دابەونەریتەکانیشدا هاتووەو سیستەمی گشتیش دەبێت دەبێت هەر بەو شێوەیە بێت".

ئەو جیاوازییانەی کە ئەفلاتوان ئاماژەیان بۆ دەکات هەڵگری ناوەڕۆکێکی ئەخلاقی زۆر گرنگنن چونکە بەوردی ئەوە تایبەتمەندی مێینەیە وەکو ئەوەی لەبڕگەیەکی زووتری وتووێژی (یاساکان)دا خستبوویە ڕوو و دەڵێت دەوڵەت پێویستی پێیەتی، دواتریش گلەیی لەنموونەی باڵای ئەسبرتەیی کردبوو گوایە بەلاوەیناوە. وەکو ئەوەی سارە بۆمبرۆی دەڵێت ئەفلاتون جارێکی تر ڕۆڵە کلاسیکییەکانی هەردوو ڕەگەز دەگێڕێتەوەو مێینەکان دەکاتە ملکەچو سادەو بەئەدەب، وەکو ئەوەی نێرەکان دەکاتە سەرکێش‌و شۆڕشگێڕو ئازا.

## 4) خوانە هاوبەشەکان:

ئەفلاتون زۆر حەزی لەخوانە هاوبەشەکان بوو، ڕەنگە ئەوەش لەژێر کاریگەری ئەسبرتە، یا چینی باڵای ئەسینادا بووبێت، بۆیە دەڵێت:" جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە دەبێت ئەو پیاوانەی تازە ژنیان هێناوە ئامادەی خوانە هاوبەشەکان بن، وەکو ئەوەی بەرلەژن هێنان ئامادەی دەبوون".

بەڵام دەبینین ئەفلاتون لەدیالۆگی (کۆمار)دا لەسەر زمانی پیاوێکی ئەسینییەوە قسە دەکات‌و بیرۆکەکە بەرەو ژنانیش دەبات‌و گلەیی لەئەسبرتەییەکان دەکات کە خوانە هاوبەشەکانیان تەنیا بۆ پیاوان بووە. بۆیە دەڵێت:" بەڕاستی سیستەمی خوانە هاوبەشەکان بۆ پیاوان سیستەمێکی جوانەو دیاری ئاسمانە، بەڵام هەڵەیە ژنان بەدەر بن لەو سیستەمەو یاسا ڕێکیان نەخات، چونکە ئافرەتان سیستەمێکی هاوشێوەی خوانە هاوبەشەکانیان نییە کە بەڕۆژی ڕووناك هەیە".

مادام ئەو جۆرە مرۆڤە کە بەسروشت زیاتر بەرەو نهێنی پارێزی‌و خۆدزییەوە دەڕوات بەهۆی لاوازی خۆیەوە ــ مەبەست ئافرەتە ــ لەلایەن یاسادانەری ئەسبرتەییەوە بەتەنیا جێهێڵراوە بەبێ ئەوەی ڕێکخراو بێت، ئەوە بێگومان هەڵەیەکی گەورە بووەو بۆتە هۆی ئەوەی دەکرا زۆر شت لەوە باشتر بێت کە هەبووە ئەگەر بەیاسا ڕێکخرا بووایە، چونکە بەلاوەنان‌و گرنگی نەدان بەڕێکخستنی ڕەگەزی مێینە، هەر بەتەنیا بەلاوەنانی نیوەی کۆمەڵگا نییە، "بەڵکو مادام سروشتی ئافرەت لەپیاو نزمترە بۆ گەیشتن بەچاکەکاری، ئەوە ئەنجامی ئەو بەلاوەنانە گەلێك زۆرتر دەبێت".

ئەوە ئەو دەقە ناودارەی نێو دیالۆگی (یاساکان)ە کە بارکەر وا تەماشای دەکات گوایە بانگهێشتکردنی ئافرەتە بۆ بەشداریکردن لەژیانی گشتیدا، کەچی هەندێکی تر پێیان وایە "ڕزگارکردنی نیوەی کۆمەڵە" لەبەندیخانەی ماڵ، ئەگەرچی، بۆ نموونە ئەرستۆش باسی ئەوە دەکات کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو ژن‌و پیاویش بەیەکەوە خێزان پێکدەهێنن‌و بەیەکەوەش نیوەی دەوڵەتن. ئەرستۆش وەکو ئەفلاتون بانگەشەی ئەوەی کرد بایەخ بە بەشداری هەموو هاوڵاتیان بدرێت لەخوانە هاوبەشەکاندا، کەسیش نەیگوتووە ئەرستۆ بانگەشەی ڕزگارکردنی ژن‌و یەکسانی بوونی بەپیاو دەکات.

ڕاستە ئەفلاتون ڕۆڵێکی باشی هەبوو لەوەی ئافرەتان بەشداری لەخوانە هاوبەشەکان بکەن‌و ئەرستۆش دان بەوە دادەنێت، ئەگەرچی ڕاسترە بڵێین بردییە نێو خێزان، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە پێی وابووە خوانە هاوبەشەکان

شێوازی گرنگن بۆ پەروەردەو سیستەم، هەر یاسادانەرێکیش وەکو پیاو ئافرەتانیشی تێنەخات نیوەی کارەکانی خۆی پشتگوێ دەخات، بگرە زیاتریش لەنیوە، مادام سروشتی ژن نزمترە لەپیاو بۆ چاکەکاری، کەواتە لەلایەنی تێکچوونو گەندەڵبوونەوە تواناکەی دووقات زیاترە. ئەو کەسە ئەسینییە لەکۆتاییدا دەڵێت پێشنیارکردنی ئەو ئیمتیازە بۆ ئافرەتان لەکاتی داڕشتنی یاساکانی تایبەت بەخوانە هاوبەشەکاندا دەردەکەوێت. بەداخەوە، ئەو بەڵێنەی ئەفلاتون بەخۆیدا بوو بیهێنێتەدی، هەرگیز نەهاتە دی.

پێویستە لەوە تێبگەین کە خوانە هاوبەشەکان زۆر جۆرن، نەوەکو تەنیا یەك جۆر بێت. خوانی هاوبەش هەیە بۆ قازیو دادوەرەکانو لەکاتی کارکردندا نان دەخۆن، هیچ ڕۆژێکیش هیچ یەکێك لەو دادوەرانە بۆیان نییە نا ئامادەی نەبن، مەگەر پاساوێکی زۆر گەورەیان هەبێت. خوانی هاوبەش هەیە بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران وەکو ئەوەی لەئەسینادا هەبوو، خوانی تری هاوبەش بۆ فەرمانبەرە ڕەسمییەکان، تەنانەت هەندێك ماڵ هەبوون هەروەکو چێشتخانە وابوونو نانیان تێدا دەخورا، وەکو ئەوەی لەئەسبرتەدا هەبوو، ئەو خوانانەش پیاوەکانی دەگرتەوە لەگەڵ خێزانەکانیان، واتا کچو دایکان، بەمەرجێك لەسەر خوانێکی تایبەتو جیاواز دابنیشن کە زۆر دوور نییە خاوەن خێزانەکەیان.

لێرەوە دەبینین دەشیا کچانیش لەپاڵ دایکیاندا بەشداری لەخوانە هاوبەشەکاندا بکەن، هەروەها منداڵانیش، بەتایبەتیش ئەوانەی زۆر بچووکن، دەیانتوانی ئامادەی خوانە هاوبەشەکان بنو لەگەڵ دایکیان دانیشبووان. بەڵام لەتەمنی شەشساڵی بەسەرەوە دەبووایە کچانو کوڕان لەیەکتری جیا بکرابووانەوە وەکو ئەوەی لەوانەکانی پەروەردەدا هەبوو، لەبەرئەوەی کوڕان دەبووایە بچنە لای باوکیان دابنیشنو لەگەڵ ئەواندا نان بخۆن.

پێدەچێت ئەفلاتون واتەماشای ئەو ماڵانەی کردبێت کە لەشوێنێك بۆ نانخواردن زیاتر نین، کاتێك نانەکە تەواو دەبێت خەڵکەکە دەگەڕێنەوە نێو ماڵەکانی خۆیان. بەو شێوەیە بێت، خوانە هاوبەشەکان هیچ پێوەندییەکی بەژیانی گشتی شاردا نەبووە، وەکو ئەوە وابووە خێزانێك بچن لەچێشتخانە نان بخۆن.

مەسەلەکە لەوە زیاتر نییە کە ئەفلاتون پیاو ناچار دەکات خێزانەکەی بباتو بچن لەدەرەوە لەچێشتخانەیەك نان بخۆن، بەمەرجێك ژنەکەی دەبێت لەگەڵ منداڵەکان بەتەنیا دابنیشێتو نان بخۆن. بگرە لەوەش زیاتر، ئەفلاتون پێشبینی دەکات ئافرەت بەرەنگاری ئەو کارە بکات، بۆیە دەڵێت:" ڕەنگە ناچارمان بکات وای لێبکەین بەزۆریو بەتۆبزی لەپێش خەڵکدا شەرابو گۆشتی دەرخوارد بدەین". باشە ئێمە دەبێت چاروەڕوانی چ شتێك لەو مێینەیە بکەین کە فرێدراوەتە نێو کونجێکی تاریکی ژیانەوە؟ هەوڵدە ئافرەتێك ناچار بکەیت بێتە دەرەوە بەر ڕۆشنایی، دەبینیت زۆر بەتووندی بەرەنگاری کارێکی وا دەکات.

ئەوە ئەرکو فرمانی ژن نییە، هیچ بەشدارییەکیش نییە لەژیانی گشتیدا. لەڕاستیدا تاکە فرمانو ئەرکی ئافرەت ـ وەکو ئەوەی لەکۆماردا هەیە دەبێت هەموو کەسێك تەنیا یەك ئەرکو فرمانی هەبێت ـ ئەوەیە ئافرەت تەنیا دەبێت خێزانو دایك بێتو منداڵەکانی پەروەردە بکاتو بەرگرییان لێبکات. ئەرکو فرمانەکەی تر دوای سەرهەڵدانی خێزانو ونبوونی

ئافرەت لەنێو کایەی سیاسیدا، کاری ژنی نێو ماڵە، ژیان لەنێو کونجێکی تاریکی ژیاندا، کونجی ژنو ئافرەت، لەگەڵ هەوڵدان بۆ بردنە دەرەوەیان ماوە ماوە لەڕێگای خوانە هاوبەشەکانداو نان خواردنی دەرەوەی ماڵ.

ژنان لەنێو دیالۆگی یاساکاندا زیاتر پەیوەستی فرمانە بایۆلۆژییەکانی خۆیانن کاتێك زەواجی تاك سەپێنرا، کاتێکیش ئافرەت دەگاتە تەمەنی خانەنشینی، واتا تەمەنی پەنجا ساڵی تێپەڕاند، دەیتوانی بەئارەزووی خۆی بەشداری بکات لەخزمەتی سەربازی، بەمەرجێك منداڵی چوارەمی بووبێت، یا دەکرا وەکو ئەندامی لێژنەی سەرپەرشتیکردنی زەواج دەستنیشان بکرابووایە، ئەوەش لێژنەیەك بوو هەمان کاری دەکرد کە ئافرەتانی ئەسینا دەیانکردو پێشتر خستمانە ڕوو.

ئەوەی لێرەدا زۆر سەیرەو جێگای تێڕامانە، ئەوەیە ئەفلاتون ڕێگا بەژن نادات ببێتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، چونکە پێی وایە مەرجە سەرپەرشتیای پەروەردەیی پیاو بێتو تەمەنی لەسەرووی پەنجا ساڵییەوە بێتو خاوەنی خێزانیش بێتن ئەو کەسانەش پەسندترن کە منداڵی کوڕو کچیان هەیە.

## سێیەم: دەسەڵاتەکانی پیاو:

پیاو لەنێو دیالۆگی یاساکاندا ئەو کەسەیە کە دەجەنگێت لەپێناو دەوڵەتداو ئافرەتیش تەنیا لەپێناو منداڵەکانیدا دەجەنگێتو بەئارەزووی خۆیشییەتی، واتا خۆبەخشانەیە. بەڵام پیاو ناچارە بەرگری لەخێزانو منداڵو کۆی گشتی کۆمەڵگا بکات، هەر خۆیشی یاساکان دادەڕێژێتو دەسەڵات بەڕێوە دەباتو ژیانی سیاسی هەڵدەسەوڕێنێت کە لەلای یۆنانییەکان بایەخێکی زۆری هەیە. جگە لەهەموو ئەو شتانەش، پیاو خۆی خاوەنی زەوی‌و سامانو خێزانە.

### 1) پێگەی پیاو:

کاتێك مولکداریێتی تایبەت گەڕایەوە، لەگەڵیدا خێزانیش گەڕایەوە، لەگەڵیشیدا زەواجی تاکڕەویش گەڕایەوە، دوایش بیرۆکەی میراتو پارێزگاریکردنی لەمیراتگرو سزادانی دژ بە زیناو .. تاد. هەروها دەسەڵاتێکی زۆریش درا بەپیاو لەناو خێزاندا، جگە لەو دەسەڵاتەی لەدەرەوەی خێزاندا وەکو داڕێژەری یاساو دادوەرو ... تاد هەیبوو. بەو شێوەیە شوێنگەی ژن بچووك بۆوەو ڕێز گرتن لەباوك بووە ئەركو فرمان، بۆیە ئەفلاتون دەنووسێت:" بەگشتی پیرەکان پێگەیان لەگەنجو لاوان بەرزترە، باوکانیش لەمنداڵەکان، پیاوانیش لەئافرەتو منداڵان، دەسەڵاتدارانیش لەمیللەت، ئەو ڕێز گرتنە بۆ هەموو ئەو کەسانەشە کە لەدەسەڵاتدان"، ئەوانەی لەدەسەڵاتیشدان، هەر تەنیا پیاون.

لەڕاستیدا دەسەڵاتی باوك لەدیالۆگی یاساکاندا زۆر لەودەسەڵاتە پەترپارکییە جیاواز نەبوو کە پیاوی ئەسینی هەیبوو. بۆ نموونە ئێمە دەبینین ئەفلاتون لەو دیالۆگەدا ڕێگا نادات کوڕ پارێزگاری لەخۆی بکات لەبەرانبەر باوکیدا، بەڵام ئەگەر منداڵێك کارێکی وا بکاتو بەرانبەر بەباوکی بووەستێتەوەو باوکی بخاتە نێو هەڵوێستێك شەرم لەخۆی بکاتەوە، ئەوە بڕیاری سزادانی بۆ کۆمەڵێك دادپەروەر بەجێدەهڵرێت کە تەمەنیان لەسەروی (60) ساڵەوەیەو منداڵیان هەیە لەخوێنی خۆیان، نەوەکو منداڵی هەڵگیراوە بن.

خۆ ئەگەر منداڵەکە بەتاوانبار دانرا، ئەوە حوکمی مردنی بەسەردا دەدرێت، بگرە لەمردنیش توندتر، لەهەموو حاڵەتەکانیشدا نابێت لەوە کەمتر بێت. بگرە ئەفلاتون مافی ئەوەش بەباوك دەدات ئەگەر حەز بکات منداڵێکی خۆی بەدیاری بداتە هەر هاوڵاتییەکی تر بۆ ئەوەی بەخێوی بکات.

## 2) ژنی پێنەگەیشتوو:

ژن بەدرێژایی ژیانی پێویستی بەکەسێك هەیە وەسی بێت بەسەرییەوەو چاودێریو سەرپەرشتی بکات، ئەو لەماڵەوە لەژێر سەرپەرشتی باوکیدایەو تەنیا باوك مافی ئەوەی هەبوو بەشووی بدات، ئەفلاتون دەنووسێت:" ئەوەی مافی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی مارەبڕینو بەشوودانی کچی هەیە، بەپلەی یەکەم هەر تەنیا باوکە. ئەگەر باوك بوونی نەبوو، ئەوە باپیرەی بەپلەی دووەم دەهات. ئەگەر ئەو دووانە هەردووك نەبوونایە، ئەوە مامەکانی دەیانتوانی ڕیو ڕەسمەکانی مارەبڕینو بەشوودان جێبەجێ بکەن".

بە شێوەیە تێبینی دەکەین یاساکانی ئەسینا کە ژنی بەبوونەوەرێکی پێنگەیشتوو دادەنا، سەرلەنوێ دەردەکەوێتەوە، چونکە ئەو یاسایە وەکو پێنگەیشتووێك سەیری ژن دەکاتو دەبێت بەدرێژایی ژیانیشی هەر بەپێنەگەیشتوویی بمێنێتەوە، کەواتە لەلایەك کچەو لەلایەکیش پێنەگەیشتووە، لەو حاڵەتەشدا دەبێت لەژێر چاودێریو سەرپەرشتیکردنی باوکیدا بێت. لەگەڵ شووکردندا، ئەو ویسایەتو سەرپەرشتیکردنە دەچێتە دەستی مێردەکەی، ئەگەر مێردەکەشی کۆچی دواییکرد، ئەوە دەچێتە دەستی کوڕەکەی.

ئا بەوردی ئەوەیە کە ئەفلاتون لەنێو دیالۆگی یاساکاندا کردوویەتیو هەرگیز وەکو مرۆڤێکی پێگەیشتوو عاقڵو گەورە مافی ئەوەی پێنادات مومارەسەی ژیانی خۆی بکات، هیچ ڕایەکی نییە لەبارەی مارەبڕینیو بەشوودانییەوە، خاوەنی کەسایەتی خۆی نییە لەبەرانبەری پیاو، جا ئەو پیاوە مێرد بێت، یا باوكو دادوەرو .. تاد. مافی ئەوەی نەبوو لەبەرانبەر دادگادا پارێزگاری لەخۆیشی بکات. تەماشاکەن ئەفلاتون دەڵێت:" ئافرەتی ئازاد ئەگەر تەمەنی لەچل ساڵ تێپەڕیوو دەتوانێت بەبێ بەرگری لەبەردەم دادگادا شایەدی بدات. ئەگەر مێردی نەبوو، شایانی ئەوەیە داواکاریش بەرز بکاتەوە، بەڵام ئەگەر مێردی هەبوو تەنیا بۆی هەیە شایەدی بدات. هەروەها کۆیلەکانیش لەهەردوو ڕەگەز بۆیان هەیە شایەدی بدەن".

تێبینی بکە لێرەدا ژن مافی نەبووە بچێتە دادگا تەنیا بۆ شایەدی نەبێت، ناتوانێت هیچ داوایەکیش بەرز بکاتەوە مەگەر بەبێ مێردو سەرپەرشتیکار بێت. یا لەسەرەتادا لەژێر وەسیەتی باوکدا دەبێتو دوایش باپیر، دوای ئەویش مام یا پیاوێکی نزیکی، کاتێکیش دەچێتە ماڵی مێردیشی ئەوە پیاو سەرپەرشتی دەکات، واتا لەهەموو حاڵەتێکدا دەبێت سەرپەرشتیارێکی هەبێت.

هەوڵی هەندێك کەسیش بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو ڕەوشە سەختەی ئافرەتی تێدا ژیاوەو یاسای ئەسینا دایڕشتووە، لەپاڵیشیدا یاسا ئەفلاتونییەکان بۆ ئافرەت، بەوەی گوایە یاسادانەران مەبەستیان لەملکەچ کردنی ئافرەت بۆ وەسیتو

سەرپەرشتی باوكو براو مێردو پیاوە خزمەكانی هەر تەنیا بۆ پاراستنی ئافرەت بووە، پاساوێكو قسەیەكی لاوازە، چونكە ئەوەی پێویستی بەپاراستن هەیە كەسێكە پێنەگەیشتوو بێت لەڕووی تەمەنەوەو هێشتا نەگەیشتبێتە تەمەنی گەنجێتی بەجۆرێك بتوانێت خاوەنی ڕەفتاری خۆی بێتو بەرگەی ئەنجامەكانی بگرێت، بەكورتی دەڵێت دەبێت ئافرەت بەدرێژایی تەمەنی هەر پێنەگەیشتوو بێتو پێویستی بەكەسێك هەیە سەرپەرشتی بكات.

**3) مارەیی:**

مەسەلەی مارەیی ژن لە ئەسینا، مەسەلەیەكی گرنگ بووە چونكە لەگەڵ خۆیدا دەیبردە ماڵی مێردی، جا لەشێوەی شتو كەلو پەل بووایە، یا سامانی زەویو زار كە لەلایەن خۆیەوە یا ماڵەوەیان پێیدەدراو ئەویش دەیبردە لای مێردەكەی، بەڵام نەدەبووە موڵكی مێردەكەی، بەڵكو شتێك بوو هەڵوێستی ژنەكەی پێ بەهێز دەكرا لەبەرانبەر مێردەكەیدا. مێرد بۆی هەبوو ئەو موڵكو سامانەی ژنەكەی بەڕێوەببات یا سوودیان لێوەر بگرێتو بیانخاتە كار مادام ژنەكەی لەلایە، ئەگەر ژنەكە پێش مێردەكەی بمردبووایە، ئەوە مێردەكەی بۆی هەبوو هەر ئەو سامان بەكار بێنێت تاوەكو خۆیشی دەمرد، ئەگەر ژنەكە منداڵی لەو پیاوە هەبووایە دواتر دەچووە دەست منداڵەكان.

لەحاڵەتی مردنی پیاون یا تەلاقدانی ژنەكەو خواستنی ژنێكی تر، ئەوە سەروەتو سامانەكە بۆ منداڵەكانی ژنەكە دەبوو، ئەگەر منداڵیشی نەبووایە دەگەڕایەوە لبۆ ئەو كەسەی وەسی بوو بەسەریداو سەرپەرشتی دەكرد. بۆیە پیاو بۆی نەبوو هیچ شتێك لەمارەییەكانی ژنەكەی بفرۆشێتەوە، بگرە هەندێكجار دەبووایە كەشفی حیسابی شتەكانیش پێشكەش بكات.

ئەدیبو نووسەرانی ئەو كاتەی ئەسینا دژی ئەو مارەییە زۆرە بوون، بۆ نموونە لەشانۆگەری (یۆرپیدس)دا، میدیا گلەیی لەو هەموو مارەییە زۆرە هەبوو كە وەكو ژنێك دەیانداو دەڵێت:" ئێمەی ئافرەت لەهەموو بوونەوەرێك بەد بەختترین، پێویستە لەسەرمان بەپارەیەكی زۆر مێردێك بكڕینو بیكەینە خاوەنی جەستەی خۆمان، چونكە خراپترین شت ئەوەیە مێردمان نەبێت".

بەڵام ئەو مارەییە لەبنەڕەتدا مەبەست تێیدا پارێزگاریكردن بوو لەژن لەبەرانبەر حەزو هەوەسی پیاوان نەوەكو هەر لەخۆڕا ژنەكەی تەڵاق بدات یا لەماڵەوە دەری بكات، بۆیە ئەگەر مارەیی هەبێتو پیاوەكە سوودی لێوەربگرێت، پێش ئەوەی كارێكی وا بكات زۆرتر بیر دەكاتەوە، چونكە دەركردنی لەماڵ مانای لەدەستدانی سامانەكەشیەتی كە لەگەڵ خۆیدا دەیباتەوە ماڵی باوكی.

لەنێو كتێبی پێنجەمی وتووێژی یاساكاندا، ئەفلاتون ئەو مارەییە ڕەتدەكاتەوەو بەحەرامكراوی دادەنێت كە نابێت لەنێو دەوڵەتە باشو نموونەییە دووەمەكەیدا بوونی هەبێتو وەكو پارەی قەرزكراوی بەڕیبا تەماشای دەكات، یا دانانی پارە لەلای كەسێك كە جێگای بڕواو متمانە نییەو دەڵێت:" بەهیچ شێوەیەك نابێت هیچ مرۆڤێك مارەیی بدرێتی، یا وەری بگرێت لەكاتی ڕێو ڕەسمی زەواجدا".

لەنێو کتێبی شەشەمی وتووێژی یاساکاندا، دێتەوە سەر هەمان باسو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێشتر باسی مارەیی ئافرەتی کردووەو حەرامی کردووەو دێت لێرەدا هۆی حەرامکردنەکەی دەخاتە ڕوو و دەڵێت:" لەبەرئەوەی وڵاتەکەمان هەموو پێداویستییەکانی ژیانی دابینکردووە، بۆیە پێویستە ئافرەتان بەو ڕادەیە گەمژەو مەغرور نەبنو پیاوانیش ئەوەندە پووچو کۆیلەی ژنەکانی خۆیان نەبن بەهۆی موڵکداریێتی تایبەتەوە".

بەو شێوەیە دەبینین حەرامکردنی مارەیی لەلای ئەفلاتون بۆ ئەوە نییە ڕەوسی سەختی ژیانی ئافرەتان سووکترو باشتر بکات، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە پێی وایە هاتنی پارەو سامانی ژن بۆ نێو ماڵی پیاوەکە سووکایەتیکردنە بەپیاوان، لەلایەك لەبەرئەوەی کار بەپارەو سامانی ژنەکەی دەکات، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو پارەو سامانەوە لەو ژنە دەبەسترێتەوەو ناچارە هەر لەگەڵیدا بژی، بۆیە ئافرەت مەغرور دەبێتو بەگەمژەیی مامەڵە لەگەڵ مێردەکەی دەکات.

## 4) میرات:

لەنێو یاسای یۆنانیدا کچ بۆی نەبوو میراتی باوکی وەربگرێت، بەڵکو میراتی باوك تەنیا بۆ کوڕەکانی بوو و کچان بەشیان نەبوو لەمیرات. باوك ئەگەر کوڕی زۆری هەبووایەن تەنیا یەك کوڕی هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی میراتەکەی پێبداتو سەرپەرشتی کاروباری خێزان بکات لەدوای خۆیدا، بەڵام ئەی باشە لەو حاڵەتەدا ڕەوشی کچانی بێ باوك چۆن دەبێت؟ مونیك پیتەر دەڵێت:" حاڵەتێکی تایبەت هەیە لەنێو یاسای یۆنانیدا، ئەویش حاڵەتی کچی هەتیوی بێ باوکە کە هیچ برایەکی نییە بۆ ئەوەی میراتەکەی باوکی وەربگرێت، مادام برای نییەو خۆیشی ناتوانێت میراتەکە بگرێتە دەست، ئەوە ناچار بوو دەبووایە شوو بەیەکێك لەخزمەکانی باوکی بکات تاوەکو مسۆگەری ئەوە بکات کە میراتەکە هەر لەنێو خێزانەکەی خۆیاندا بمێنێتەوە، خۆ ئەگەر ئەو خزمەی خێزاندار بوو، بۆی هەبوو خێزانەکەی خۆی تەڵاق بداتن بەمەرجێك مێردێکی تری بۆ دابین بکاتو ژنەکەی بەبێ پیاو نەمێنێتەوە. کەواتە لێرەدا دەتوانین تێبگەین ئافرەت تا چ ڕادەیەك وەکو شت یا وەسیلەیەك بەکار هاتووە".

ئەو ڕەوشە خاپەی ژنی یۆنان لەنێو یاساکانی یۆنانیدا، هەر وەکو خۆی ماوەتەوە لەسەر دەستی ئەفلاتون لەکتێبی (یاساکان)دا، چونکە لەچەندین لاپەڕەی دوورو درێژ بەوردی باس لەڕێو شوێنەکانی میرات دەکات کە بەگشتی ئامانج ئەوەیە لەدەستی پیاودا بمێنێتەوەو لایەنگیرایەتی پیاو دەکات بۆ پاراستنی موڵکداریێتیو تێڕوانینە دۆنییەکەی بۆ ئافرەت، بۆیە دەبینین بەوە دەست پێدەکات بڵێت میراتگر ئەو کەسەیە کە خاوەن میرات خۆی دەستنیشانی دەکاتو دەڵێت:" خاوەن خێزان بەخۆی بەئارەزووی خۆی وەسیەتنامەیەك دادەنێت تێیدا پێش هەموو شتێك میراتگرەکەی دەستنیشان دەکات، مەبەستم یەکێك لەکوڕە باشەکانی بۆ ئەوەی میراتەکەی ئەو وەربگرێت".

لێرەدا تیبینی دەکەین ئەفلاتون لەقسەوباس لەبارەی دەسەڵاتە بێکۆتاییەکانی باوك بەردەوام دەبێت، چونکە باوك خاوەنداریێتی زەوی دەکات، هەر ئەو خۆیشی میراتگرەکەی خۆی دادەنێتو دەستنیشانی دەکات، خۆیشی لەنێو وەسیەتنامەکەدا ناوی دەنووسێت، بەمەرجێك میراتگرەکە یەکێك بێت لەکوڕەکانی خۆی.

بەڵام باشە پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئەی ئەگەر باوك مردو هیچ کوڕێکی لەدوا بەجێ نەما؟ ئەفلاتون دەنووسێت:" ئەگەر وەسیەتکار هیچ کوڕێکی لەدوا بەجێ نەمابوو، یا هەر کوڕی نەبوو تەنیا کچی هەبوو، ئەوە لەسەریەتی بەئارەزووی خۆی پیاوێك هەڵبژێرێتو یەکێك لەکچەکانی خۆی لێ مارە بکات، ئەو کاتەش دەبێتە میراتگرێکی شەرعی".

باشە ئەگەر پیاوەکە مردو هیچ وەسیەتنامەیەکیشی لەدوای خۆیدا جێ نەهێشتبوو و منداڵەکانی هێشتا بچووك بوونو پێویستیان بەوە بوو پاسەوانان پارێزگارییان لێبکەنو یارمەتیان بدەن؟ ئەوە خودی یاساکانی یۆنان پارێزگارییان لێدەکاتو سەرو ماڵیان پارێزراو دەبێت.

ئەگەر پیاوێك بەهۆی ڕووداوێکی لەناکاوەوە مردو وەسیەتنامەشی لەودای خۆیدا جێ نەهێشتو هەر تەنیا کچی هەبوو؟ ئەوە یاسادانەر دەبێت مەسەلەی بەشوودانی ئەو کچەکانی ئەو پیاوە بگرێتە ئەستۆو تەواویان بکات، بەمەرجێك لەکاتی بەشوودانی ئەو کچانەدا دەبێت ڕەچاوی دوو مەرج بکرێت لەکۆی سێ مەرجدا: یەکەم، دەبێت لەکاتی بەشوودانی کچەکاندا ڕەچاوی خزمایەتیو نزیکی خوێن بکرێت. دووەم، دەبێت ڕەچاوی پاراستنی میراتەکە بکرێتو نەچێتە دەرەوەو بۆ کەسێکی بێگانە نەبێت. ئەگەر یاسادانەر مەرجی سێیەمی جێبەجێ نەکردو بەلاوەی نا کە تایبەتە بەوەی ئەو خۆی پیاوێك لەنێو هاوڵاتیانی شاردا هەڵبژێرێتو بیکاتە کوڕی پیاوە مردووەکە، یا بیکاتە مێردی کچەکە، ئەوە باوك لەوکارەی یاسادانەر خۆش دەبێت.

لێرەدا لەنێو یاساکانی یۆنانیدا ئەگەر پیاوێك مردوو وەسیەتنامەی لەودای خۆیدا جێنەهێشتو هەر تەنیا کچیشی هەبوو، ئەوە برای پیاوەکە بۆی هەیە یەکێك لەکچەکانی ئەو پیاوە بۆ خۆی مارە بکاتەوەو ببێتە میراتگری براکەی خۆی ئەگەر براشی نەبوو، هەر تەنیا برازای هەبوو، ئەوە برازاکەی بۆی هەبوو یەکێك لەکچەکانی مامی لەخۆی مارە بکاتو ببێتە میراتگری مامی خۆی بەمەرجێك کوڕەکەو کچەکە لەڕووی تەمەنەوە لەیەکتری نزیك بنو بتوانن هاوسەرگیری بکەن.

خۆ ئەگەر کابرای مردوو برازای نەبوو، هەر تەنیا خوشکەزای هەبوو، ئەوە هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، پرۆسەکە بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت تاوەکو دەگاتە پلەی چواری نزیکیو خزمایەتی. خۆ ئەگەر لەپلەی چوارەمیشدا کەس دەست نەکەوت، ئەوە بۆ پلەی پێنجەمو شەشەم دەڕوات.

بەو شێوەیە دەبینین ئەفلاتون پەنا دەباتە بەر خزمی پلە پێنجو شەشیش بۆ ئەوەی پیاوێك بدۆزێتەوە کچەکانی پیاوە مردووەکەی لێ مارە بکات، ئەوەش چونکە کچەکە خۆی وەکو ئافرەت بۆی نەبوو ببێتە میراتگری باوکی. باشە ئەی بیرو بۆچوونی ئەفلاتون لەبارەی یەکسانی نێوان پیاوو ژن کوا؟ کوا ئەو قسانەی کە دەیگووت:" سروشتی ئافرەت بەهیچ جۆرێك لەسروشتی جیاوازتر نییە، تەنیا ئەوە نەبێت لەڕووی جەستەییەوە کەمێك لەپیاو بێتاقەت ترە". یا ئەوەتا ئەفلاتون لێرەدا ئەو قسەو بابەتانەی خۆی لەبیر چووە؟ وەکو ئەوەی بارکەر پێی وایە.

لەڕاستیدا مەسەلەکە بیرکەوتنەوەو لەبیر کردن نییە، بەڵکو مەسەلەکە وەکو ئەوەی خستمانە ڕوو زنجیرەیەکی بەدوایەکدا هاتووی لۆژیکییەو ئەنجامی ئیلغاکردنەوەی موڵکداریێتی تایبەتی و لەناوچوونی خێزان بووە لەنێو کۆمەڵگادا. بەڵام ئەگەر موڵکداریێتی تایبەتی بگەڕێتەوەو لەگەڵیشیدا خێزان بێتەوە، ئەوە هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئەفلاتون بووە بەرانبەر بەژنو پیاو. ژن مافی هەڵبژاردنی هاوسەرو مێردی خۆی نەبووە، بەڵکو باوکی یا سەرپەرشتیارەکەی بۆی هەڵدەبژێرێت، مافی وەرگرتنی میراتیشی نییە تەنیت ئەگەر شووی بەپیاوێك کردبێتو خێزاندا بێت.

لەیەك تاکە حاڵەتدا کچ بۆی هەیە هاوسەری ژیانی خۆی هەڵبژێرێت، ئەویش دوای نەمانو مردنی باوکییەتی، بۆیە ئەگەر کچ نەیتوانی خزمێکی نزیکی خۆی بدۆزێتەوە تاوەکو شووی پێبکات، کەسێك نەبوو لەنێو خزمەکانی خۆی، ئەوە بۆی هەیە هەر هاوڵاتییەك هەڵبژێرێتو شووی پێبکات، بێگومان لێرەشدا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی پاسەوانانو بەمەرجی ئەوەی هەردووکیان یەکترییان بوێت، لەو حاڵەتەشدا ئەو پیاوە دەبێت میراتگری باوکی کچەکەو مێردی کچەکەش.

ئەگەرچی ئەفلاتون بەتەواوی شارەزای ئەو کێشانە بوو کە دەبنە ئەنجامی ئەوەی میرات تەنیا بۆ پیاوان بێت، کەچی هەوڵدەدات هەموو ڕێگاو شێوازێك بگرێتە بەر بۆ ئەوەی ڕێگا لەوە بگرێت میرات بکەوێتە دەست کچ. بۆیە دەبینین ئەفلاتون دەڵێت:" مادام ژیان پڕە لەڕووداو، دەشێت مەسەلەی دۆزینەوەی میراتگرێك بۆ ئەوەی میراتی کەسی مردوو بگرێتە دەست کارێکی زۆر سەختو دژوار بێت، بۆیە ئەگەر کچ پیاوێکی دەست نەکەوت لەنێو سنووری شاردان ئەوە بۆی هەیە لەدەرەوەی شاردا بۆی بگەڕێت، تەنانەت ئەگەر کەسێکی دۆزییەوە ڕەوانەی یەکێك لەکۆلۆنیالەکان کرابوو، ئەو کەسەش خزمێکی نزیکی خۆی بوو، پێویستە لەسەری بەپێی یاسا بێتە پێشەوەو داوای میرتەکە بکات، خۆ ئەگەر خزمی نەبوو، هەر لەنێو شاردا خزمی نەبوو، کچی پیاوە مردووەکە خۆی بۆخۆی هەڵیبژاردبوو و پاسەوانانیش بەو زەواجە ڕازی بوون، ئەوە پێویستە لەسەر ئەو کەسە بێتەوە شارو میراتگری پیاوە مردووەکە بکات، ئەو پیاوەی مردووە بەبێ ئەوەی وەسیەتنامەیەك لەدوای خۆیدا جێبێڵێت".

لەکۆتاییدا ڕای ئەفلاتون چییە لەبارەی دووبارە شووکردنەوەی ژنانو پیاوان، ئەوانەی بەهەر شێوەیەك بێت ژنیان یا پیاویان نەماوە؟ دەبینین لەکاتی تێڕاماندا جیاکاری لەنێوان ژنو پیاواندا دەکات و دەڵێت:" ئەگەر ژنێك مردوو لەدوای خۆیدا هەندێك منداڵی جێهێشت، ئەوە یاسا ئامۆژگاری مێردەکەی دەکات ــ نەوەکو زۆری لێبکات ــ کە بەخۆی منداڵەکانی خۆی پەروەردە بکات، تاوەکو ڕێگا لەوە بگرێت ژنێکی بێگانە بێتە نێو ماڵی باوکەوە. خۆ ئەگەر منداڵی نەبوو، ئەوە یاسا پیاوەکە ناچار دەکات ژنێکی تر بخوازێتەوە تاوەکو منداڵو نەوەی تازە بۆ خۆیو خێزانەکەیو وڵات بەرهەم بێنێت".

ئەوە لەبارەی ڕەوشی پیاوەوە بوو، بەڵام لەبارەی ڕەوشی ژنانەوە دەڵێت:" ئەگەر پیاو مردوو لەدوای خۆیدا هەندێك منداڵی جێهێشت، ئەوە ژن دەبێت لەسەر ماڵو منداڵی خۆی دابنیشێتو پەروەردەیان بکات. بەڵام ئەگەر بینرا کە تەمەنی ژنەکە لەوە بچووکترە بتوانێت وەکو ژنێکی چاکەخواز بەبێ شووکردنەوە بمێنێتەوە، ئەوە پێویستە لەسەر

خزمەکانی پێوەندی بەو ژنانە بکەن کە سەرپەرشتی زەواج دەکەن تاوەکو ئەوان بەیەکەوە بەئامادەیی خزمە نزیکەکانی ژنەکەش، کۆ ببنەوەو بڕیارێك بدەن لەبارەی باشترین حاڵەت بۆ ژنەکە، خۆ ئەگەر ژنەکە منداڵی کەم بوون یا هەر نەیبوو، ئەوە دەبێت ئەو حاڵەتەش ڕەچاو بکرێت".

ماوەتەوە بڵێین ئەوەی هەندێك کەس پێیان وایە جیاوازیو ناکۆکییەکی زۆر هەیە لەبارەی ڕۆڵی ئافرەتان لەنێو ڕاو بۆچوونەکانی ئەفلاتوندا لەنێوان هەردوو کتێبی (کۆمار)و (یاساکان)دا، بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ئەفلاتون ڕاو بۆچوونەکانی خۆی گۆڕیوە، یا هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە لەبارەی ئافرەتو تواناکانییەوە، بەڵکو جیاوازییەکە لەڕەوشی موڵکدارێتی تایبەتدایە لەهەردوو شاری چاکەخوازدا، لەشاری یەکەمدا موڵکدارێتی تایبەت نەمابوو، لەگەڵیشیدا خێزان هەڵوەشاوەتەوە. کەچی لەشاری دووەمدا موڵکدارێتی تایبەت گەڕاوەتەوەو لەگەڵیشیدا خێزانیش هاتۆتەوە بوون، بۆیە ڕۆڵی کلاسیکییانەی ئافرەت لەنێو کۆمەڵگادا دەگەڕێتەوە.

بەگشتی لەهەردوو حاڵەتدا وێناکردنی ئەفلاتون بۆ ئافرەت هەر یەك وێناکردنە، ئەویش ئەوەیە ئافرەت موڵکی پیاوە، هەر کاتێك ئەوە بەلاوە بنرێت، ئافرەت ئازاد دەبێتو دەبێتە پیاوێکی بێگارو بێ فرمانو بێ ڕۆڵ. بەڵام کاتێك موڵکدارێتی دەگەڕێتەوە دەست پیاو، جارێکی تریش پیاو کۆنترۆڵی ئافرەت دەکاتەوەو موڵکدارێتی دەکات.

بەو شێوەیە ئەفلاتون وا وێنای ئافرەت دەکات کە موڵکی تایبەتی پیاوەو بەشێکی دانەبڕاوە لەسەروەتو سامانەکانی، کاتێکیش خێزان دەستنیشان دەکرێت، ئەوە ڕۆڵی ئافرەت دەردەکەوێت، بۆیە دەبینین ئەفلاتون بەهۆی بونیادی کۆمەڵایەتیو ئابووری کۆمەڵگاوە نەیتوانیوە درێژە بەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕییەی ئافرەت بدات کە پێشتر دەستنیشانی کردبوو.

دیارە لەکۆمەڵگایەکی ئاوا نوێدا دەبێت ڕۆڵی سروشتی ئافرەت جیاوازتر بێت لەڕۆڵی سروشتی پیاو، چونکە پێویستە لەسەری پاكو بێگەردو بەڕێزو بەئەدەب بێت تاوەکو بشێت ببێتە خێزانێکی تایبەتو شەرعییەتی میراتگری بپارێزێت. لەکاتێکدا پیاو دەبووایە سیفەتی پیاوێتیو سوارچاکیو ئازایەتی تێدا بێت بەجۆرێك لەسیفەتی ئایدیالییانەی پاسەوانان نزیك بێت.

## بەشی سێیەم
## خۆشەویستی ئەفلاتونیو ... ئافرەت

### یەکەم: هاوڕەگەزبازی

وەکو ئەوەی بینیمان ژیانی ئافرەتی ئەسینا ژیانێکی تەواو نهێنی بوو و دەبێت هەر بەنهێنیش بمێنێت بەجۆرێك بتوانرێت ناو خانمی داوێن پاك لەنێو ماڵەدا بەپاکی بمێنێتەوەو ئەو ناوە وەکو ئەوەی تۆکیدیز دەڵێت دەبێت لەنێو ماڵدا زیندانی بێت وەکو چۆن جەستەی ئافەتەکە خۆیشی لەنێو ئەو ماڵەدا زیندانییە.

کەچی پیاو، شوورەیی لەنێو ماڵدا بمێنێتەوە، چونکە پێویستە لەسەری ژیانی خۆی لەدەرەوەی چوارچێوەی شووراو دیوارەکانی ماڵ بباتە سەر وەکو ئەوەی زینۆن دەڵێت لەنێو بازاڕو ژیانی گشتی و سیاسەت و کۆڕو سیمینارەکاندا.

لەو ژیانەدا پیاو هەر تەنیا هاوڕێ و هاوشانی پیاوانە، ئەوانەی پێوەندی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی لەگەڵیاندا هەیە، ئەو پێوەندییەش زۆرجار دەگۆڕێت و دەبێتە پێوەندییەکی سێکسی.

بەو جۆرە پێوەندییەکی قووڵ هەبووە لەنێو کۆمەڵگای ئەسیناییدا لەنێوان هاوڕەگەزبازی و گۆشەگیری ئافرەت لەنێو ماڵدا، چونکە ژن لەوە کەمترە ببێتە هاوڕێ و دۆست، لەبەرئەوەی لەڕووی تەمەنەوە هەر وەکو منداڵ تەماشا دەکرا، جگە لەوەش بایەخیان بەژیانی سیاسی و کولتووری نەدەدا، بۆیە هەر تەنیا ئامێرێك بوو بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ، لەوە زیاتر شتێکی لاوەکی بوو فەرامۆشکرا بوو.

ئەو ڕەوشەی ئافرەت بەئاسانی دەرناکەوێت تەنیا مەگەر لەژێر ڕۆشنایی هاوڕەگەزبازییەوە نەبێت کە زۆر بڵاو بووە لەلای ئەواندا، چونکە کوڕە جوانەکانی ئەسینا لەململانێیەکی گەورەدا بوون لەگەڵ ئافرەتە سۆزانییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی دڵی پیاوانی ئەسیناو زۆرجاریش سۆزانییەکان ڕەخنەیان لەنێربازی پیاوانی ئەسینا دەگرت و بەتێکچوونی ئەخلاقییان لەقەلەمدەدا.

بازرگانەکانی ئەو کاتە کە بۆ کاری بازرگانی دەهاتنە ئەسینا، لەگەڵ خۆیاندا لەوڵاتان کوڕی جوان و ناسکیان دەهێناو لەبازەڕەکانی ئەسینادا دەیانفرۆشتنەوە بەو کەسانەی پارەیەکی زۆریان پێدەدان، ئەو گەنجانەش سەرەتا لەلایەن پیاوانی ئەسیناوە بۆ کاری سێکسی بەکار دەهاتن، دواتریش کە لێیان بێزار دەبوون دەیانکردنە کۆیلەو لەنێو ماڵەکانی خۆیاندا کاریان پێدەکردن.

کەسێك نەبوو لە ئەسینا پێی وابێت شوورەیی ئەگەر پیاوێکی ئەسینایی حەزی سێکسی خۆی لەو کوڕانەدا بەتاڵ بکاتەوەو نێربازیان لەگەڵدا بکات. ئەو جۆرە مومارەسە شازانە هەر بەتەنیا لە ئەسینادا نەبووە، بەڵکو لەنێو زۆربەی شارە یۆنانییەکانیشدا هەبووە، لەئەسبرتەدا هەبووە، ئەوەش لایەنێکی خراپی خوانە هاوبەشەکان بووە لەلای ئەسبرتەییەکاندا وەکو ئەوەی ئەفلاتون پێی وایە.

ئەرستۆش بەشێوەیەکی سەیر پاساو بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە دێنێتەوە لەکریتداو دەڵێت:" یاسادانەری کریتی پیاوو ژنی لەیەکتری جیا کردۆتەوە تاوەکو ڕێژەی لەدایکبوون لەو شارەدا کەم بکاتەوە، بۆیە هەر لەبەرهەمان هۆکاریش پێوەندی سێکسی نێوان نێرانی ڕێگە پێداوە". بەو شێوەیە ئەرستۆ دیاردەی لادانی سێکسی بە ترس لەزۆربوونی دنیشتوان دەبەستێتەوە.

سەیر ئەوەیە سەرکردەیەکی وەکو زینۆفۆن کە بەیەکێك لەپیاوە سەرکێش و لاسارەکانی جیهان ناسراوە، شانازی بەوە دەکات کە ئەو خۆشەویستی کوڕە گەنجێك بەناوی کلیناس مەستی کردووەو هۆشی بردووە! هەروەها کۆمەڵێك کەسایەتی گەورەی یۆنانیش ڕێزیان لەو جۆرە پێوەندییانە ناوە وەکو یۆربیدس و سۆلۆن.

بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە هەر ئەوە نییە کە ئەرستۆ پاساوی بۆ دێنێتەوە گوایە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی لەدایکبوونە، بەڵکو هۆیەکەی ئەوەیە کە ئافرەت لەنێو ژیانی ڕۆژانەدا بوونی نەبووەو لەنێو کونجیماڵەوە زیندانی بووە، بەوەش کۆمەڵگا بەگشتی بۆتە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری و جێگای ئافرەتی تێدا نەماوەتەوە، بۆیە پیاو جگە لەخێزان و کچەکەی خۆیدا هیچ ئافرەتێکی تری خاوەن ڕێزی نەدەناسی و پێوەندی نەبوو لەگەڵ ژنانی تردا کە خاوەنی ڕێزو پێگەی کۆمەڵایەتی بوو بن، ئەو پێوەندییەی پیاویش لەگەڵ خێزان و کچەکەی خۆیدا هەموو ئەو کەلێنە سۆزداری و ڕۆحییەی پیاوی پڕ نەکردۆتەوە، چونکە دەبینین زینۆن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کاتێك خێزانەکەی خۆی مارە کردووە تەمەنی هەر تەنیا (15) ساڵێك بووە، ئەوەش تەمەنێکی بچووکە بۆ ژن تاوەکو شوو بکات.

تەنانەت هەندێك ئافرەتی تر لەتەمەنی بچووکتریشدا شوویان کردووەو پێنەگەیشتوون لەڕووەی جەستەیی و سۆزدارییەوە، بۆیە لەنێو ڕەوشێکی ئاوادان ئاساییە پیاو بەدوای پێوەندیتردا بگەڕێت لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆیدان پێوەندییەك پێگەیشتووتر بێت و بۆشایی نێو ماڵی بۆ پڕ بکاتەوە.

ئەوە جگە لەوەی ژیانی سەربازی و گوزەرانکردن لەدەرەوەی شارەکان لەسەربازەگەکان و بێبەشبوون لەسێکس و سەرسامبوون بە جەستەی ڕووتی سەربازەکان لەکاتی ئەنجامدانی یارییە سەربازییەکاندا و پاڵنەری سروشتی سێکس فاکتەری سەرکی بڵاوبوونەوەی هاوڕەگەزبازی و نێربازی بووە.

## دووەم: ئەفلاتون و هاوڕەگەزبازی

ئەفلاتون هێرشی کردۆتە سەر هاوڕەگەزبازی و دژایەتی کردووەو بەچاوێکی کەم تەماشای ئەو کارەی کردووە و لەنێو وتووێژی (یاساکان)دا قەدەغەی کردووە. بەڵام سەیر ئەوەیە کە ئەو بەو شێوەیە لەو دیاردەیە نزیك نەکەوتۆتەوە کە بەڕاستی هەیە، مەبەستم هێرشی ئەفلاتون بۆ ئەو دیاردەیە لادەرە سێکسییە لەپێناوو لە بەرژەوەندی ئافرەتدا نەبووە، ئەوەش کارێکە پێشبینی نەکراو بووە، بەڵام ئەفلاتون بۆیە ڕقی لەو جۆرە دیاردە سێکسییە بۆتەوە، چونکە ئەو هەر لەبنەمادا کاری سێکسی بەچاوێکی کەم تەماشا کردووە.

با تێبینی ئەوەش بکەین کە ئەفلاتون هەر لەسەرتاوە دژی نێربازی نەبووە، چونکە ئەو سەرتا پێی وا نەبووە ئەو پێوەندییە شوورەیی بێت، یا بەلایەنی کەم بەشێوەیەك تەماشای کردووە کە چاوپۆشی لێکردووەو هەندێك پاساوی بۆ ڕەچاوکردووە، لێرەدا ئێمە سێ نموونە دەخەینە بەرچاو:

1) لەنێو دیالۆگی خرمیدس دا کە لەبارەی بێگەردییەوەیەن دەبینین سوقرات کاتێك لەجەنگ گەڕاوەتەوە، پرسیار لەهاوڕێیانی دەکات لەبارەی کوڕە جوانەکانەوەو دەیەوێت بزانێت لەو ماوەیەدا کە ئەو لەوێ نەبووە، کێ لەکێ جوانتر بووە، ئەوانیش پێی دەڵێن خرمیدس لەهەمووان جوانترە. سوقرات ئەگەرچی وەکو ئەوەی لەبارەی خۆیەوە دەڵێت گوایە بڕوای بەوە هەبووە کە هەموو کوڕە گەنجەکان هەر جوانن:" زۆربەی زۆری کوڕە گەنجەکان لەبەرچاوی مندا جوانن".

بەڵام سەرسام دەبێت کاتێك خرمیدس دەبینێت و دەڵێت:" دان بەوە دادەنێم کە من بەجوانی و لەش و لاری ئەو کوڕە سەرسام بووم". دیارە هەر هەموو هاوڕێیانی خرمیدسیش هەر بەو شێوەیە پێی سەرسام بوون. ئەفلاتونیش ئەوە دەگێڕێتەوە کە خرمیدس کاتێك هاتە ژوورەوە کۆمەڵێك کەسی عاشقی خۆی بەدواوە بوو، لێرەدا شیرفۆن لەسوقرات دەپرسێت ڕات چییە بەرانبەر بەدەمو چاوو سیمای ئەو کوڕە:" سوقرات ڕات چییە بەدەم و چاوی ئەو کوڕە؟ جوان نییە؟ سوقراتیش وەڵامی دەداتەوە:" زۆر جوانترە". بۆیە شیرفۆن پێی دەڵێتەوە:" بەڵام تۆ ئەگەر لەش و لاری ببینیت، دەڵێیت دەم و چاوی هەر هیچ نییە، چونکە لەش و لاری لەهەموو لایەنەکەوە زۆر جوان و ڕێکو پێکە"، هەر هەموو ئامادەبووانیش بەو قسەیە ڕازی بوون.

کەواتە ئەفلاتون لەو دیالۆگەدا هیچ ڕەخنەو گلەییەکی لەپێوەندی و حەز پێکردن بەکوڕانی نییە، گرۆبیش پێی وایە ئەگەر ئێمە لەهەڵوێست و تێڕوانینی سوقرات تێنەگەین لەبارەی جوانی کوڕانەوە، ئەوە ئێمە لەو چاوپێکەوتن و سەرسامبوونانەی سوقراتیش تێناگەین بەرانبەر بەکوڕانەوە.

2) لەنێو دیالۆگی لیسیس دا، دەبینین هیپۆتالیس سوقرات بانگهێشت دەکات بۆ ئەوەی سەردانی یاریگای زۆرانبازی بکات کە تازە دامەزراوە تاوەکو چاوی بەهاوڕێیانی بکەویت کە لەوێدا کۆ بوونەتەوە. کاتێکیش سوقرات پرسیاری ئەوەی لێدەکات کە کێی لەنێو هاوڕێیاندا زۆر لەلا خۆشەویست و پەسندە، هیپۆتالیس شەرم دایدەگرێت و سوور هەڵدەگەڕێت.

لێرەدا سوقرات دەگاتە ئەو باوەڕەی کە ئەو کوڕە گەنجە لەنێو حاڵەتی خۆشەویستیدایەو پێی دەڵێت:" پێویست ناکات پێم بڵێیت کە تۆ لەنێو حاڵەتی خۆشەویستیدایت و دانپێدانانەکەت درەنگ کەوت، چونکە دیارە تۆ هەر تەنیا لەنێو ئەو حاڵەتەدا نیت، بەڵکو تاوەکو گوێچکەکانیشت کەتوویتە ناویەوە. من ئەگەرچی شارەزاییم لەزۆر شتی تردا نییە، بەڵام خواوەندەکان توانای ئەوەیان پێداوم بتوانم ڕاستەوخۆ ئەو کەسانە بدۆزمەوە کە لەنێو حاڵەتی خۆشەویستیدان".

لێرەدا ڕووی ئەو کوڕە گەنجە سوور هەڵدەگەڕێت و نازانێت چی بڵێت، کاتێکیش سەقرات دەزانێت خۆشەویستەکەی لیسیسە، هەوڵدەدات بەدوایدا بگەڕێت. کاتێکیش سوقرات لیسیس دەبینێتەوەو تەماشای دەکات و پێی سەرسام دەبێت، دەستخۆشی لەهیپۆتالیس دەکات لەوەی کە زەوقێکی بەرزی هەیەو کەسێکی جوانی هەڵبژاردووە، دواتریش لێی دەپرسێت ئایا دەزانێت دەبێت لەو حاڵەتانەدا چی بەکەسی بەرانبەر بڵێت کە خۆشی دەوێت و دێت کورتەی ئەزموون و شارەزایی خۆی پێدەدات و پێی دەڵێت:" خۆشەویستێکی حەکیم هەرگیز مەدحی خۆشەویستەکەی خۆی ناکات تاوەکو پێی دەگات، چونکە کوڕێکی جوان کاتێك کەسێك مەدحی دەکات مەغرورو لاسار دەبێت"، دواتریش سوقرات بەڵێنی ئەوەی پێدەدات کە فێری ڕێگای ڕاستی خۆشەویستی بکات.

لێرەدا ئەگەرچی سوقرات هەندێك تەهەکوم پیشاندەدات گوایە ڕێگاو شێوازەکەی خۆی بۆ ڕاوکردنی کوڕان جیاوازە لەڕێگاو شێوازەکەی هیپۆتالیس، ئەوە لەکۆتایی دیالۆگەکەدا دەردەکەوێت و ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەوەی لێرەدا بۆ

ئێمە گرنگە ئەوەیە کە پیشانی بدەین خۆشەویستی و پێوەندی سێکسی نێوان کوڕان و پیاوان بەدرێژایی ئەو دیالۆگە وەکو کارێکی سروشتی تەماشا دەکرێت و هەرگیز بەشوورەیی تەماشا ناکرێت! جگە لەوەی کە بابەتی خۆشەویستی لێرەدا ئەو کوڕانەن کە هێشتا بچووکن و لەتەمەنی خوێندن و قوتابخانەدان و هێشتا (16) ساڵیان تەواو نەکردووە و زۆربەشیان بچووکترن لەو تەمەنە.

3) جگە لەهەموو ئەوانە، کەسایەتی ناوداری قبیادس هەیە کە پاسەوانی برکلیزو کوڕە بەنازەکەی ئەسینا بووە کە بەردەوام شانازی بەوە کردووە زۆرترین پیاو حەزیان لێی کردووە! ئەفلاتونیش لەنێو دیالۆگی خواندا ئەوە پیشاندەدات کە چۆن قبیادس هەوڵ و کۆششی زۆریداوەن، تەنانەت گریاوە تاوەکو سوقرات ڕازی بکات، بۆیە دەڵێت:" سوقرات زۆر کاری تێکردم بەشێوەیەك ناتوانم باسی بکەم، هەرچەندەی گوێم لەقسەکانی دەبێت دڵم زیاتر بەخورپەتر لێدەدات و خۆم لەبیر دەچێت وەکو ئەوەی لەنێو حاڵەتی غەیبانییەتی سۆفییانەدابم و فرمێسك لەنێو چاوانمدا بەخوڕ دێتە خوارن تێبینی ئەوەش دەکەم هەموو ئەو شتانەی من هەستی پێدەکەم بەرانبەر بەسوقرات، کەسانی تریش هەستی پێدەکەن و هەمان حاڵەتیان هەیە".

بۆیە دەبینین کاتێك قبیادس لە بەدەستهێنانی مەرامەکەی خۆی نزیك دەکەوێتەوە دەڵێت:" من بڕوام بەجوانی و گەنجێتی خۆم هەیە"، سوقراتیش بەڕاستی سەرسام بووە بەجوانی و گەنجێتییەکەی، کەچی ناگاتە مەرامەکەی خۆی و شکست دێنێتن بەڵام بێ ئومێد نابێت و جارێکی تریش هەوڵدەداتەوە. قبیادس لەنێو ئەو دیالۆگەدا دەڵێت:" کاتێك سوقراتم بانگهێشت کرد بۆ ماڵەکەم و وەسیفەکەی خۆم ناردە دەرەوە تاوەکو من و سوقرات بەتەنیا بین و بڕوام وابوو ئەگەر ئێمە بەتەنیا بین ئەوە دەکەوینە نێو قسەی خۆشەویستی و ئەو قسانەم بۆ دەکات کە کەسێکی خۆشەویست بۆ خۆشەویستەکەی دەکات و خۆشحاڵ بووم، بەڵام سوقرات وای نەکرد".

جاری سێیەمیش هەوڵیداوەو دەڵێت:" کاتێك بانگم کرد بۆ ئەوەی بەیەکەوە ئێوارە خوانێك بخۆین وا مامەڵەم لەگەڵ کرد وەکو ئەوەی خۆشەویستێك لەبەرانبەر خۆشەویستەکەیدا مامەڵە دەکات و مەبەستی بێت کارێکی لەگەڵدا بکات، بۆیە تاوەکو درەنگانی شەو لەماڵەکەی خۆمدا هێشتمەوەو شەویش بەپاساوی ئەوەی کات درەنگە نەمهێشت بڕواتەوەو لەلای خۆمدا هێشتمەوەو هەڵسام چووم دوو جێگام لەتەنیشت یەك ڕاخست و پاڵکەوتین و کەسیشمان لەگەڵ نەبوو. لەدڵی خۆمدا گووتم ئەوجارە وشیار نابم و هەست و سۆزی خۆمی بۆ دەردەبرشم، بۆیە بەشانم جووڵاندم و پێم گووت سوقرات بەخەبەری؟ ... تاد".

گرۆب دەڵێت:" قبیادس لەنێو ئەو دیالۆگەی خواندا باسی ئەوە دەکات کە هەوڵیداوە سەرنجی سوقرات بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بەڵام شکستی هێناوە، ئەو چیرۆکەش ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دەدات ئەگەر دان بەوە دانەنێین کە سوقرات لێرەدا سەرنجی ڕاکێشراوەو چۆتە پێشەوە، ئەوەی لەنێو ئەو دیالۆگەدا مەدح دەکرێت توانای سوقراتە لەسەر کۆنترۆڵکردنی خۆی، نەوەکو ڕەت کردنەوە یا گوێ پێنەدان".

بەڕاستیش ئێمە لەنێو دیالۆگی پرۆتاگۆراس دا هەست بەو پێوەندییە ڕوونەی نێوان سوقرات و قبیادس دەکەین و لێرەدا چەن دبڕگەیەکی ئەو دیالۆگە دەخەینە ڕوو:" سوقرات لەکوێوە دێیت؟ دەزانم تۆ لەدوای قبیادسی جوان و ناسکدا بوویت، دوێنێ بینیم وەکو پیاوان هەندێك ڕیشی هاتبوو، بەڕاستیش ئێستا بۆتە پیاو، هەر دەمەوێت ئەوەشت پێبڵێم، بەڵام هێشتا پێم وایە سەرنجڕاکێشە".

سوقراتیش بەو شێوەیە وەڵام دەداتەوە:" ئینجا ڕیش چییە؟ ئەی بڕوات بەو قسەیەی هۆمێرۆس نییە کە دەڵێت: کوڕی گەنج کاتێك بۆ یەکەمجار هەندێك ڕیشی دێت جوانترو سەرنجڕاکێش تر دەبێت؟ ئێستا بەڕاستی کاتی جوانی و ناسکی قبیادسە".

کەچی دەبینین ئەفلاتون هێدی هێدی لەگەڵ چوونە نێو تەمەنەوە، ڕاو بۆچوونەکانی خۆی دەگۆڕێت و بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەبێت ئەو لادانە سێکسییە ڕێگای لێبگیرێت و لەنێو دیالۆگی کۆماردا داوا دەکات کە پێویستە ئەو پیاوەیکوڕێکی خۆش دەوێت وا لێی نزیك بێتەوەو دەستی لێبدات وەکو ئەوەی کوڕی خۆیەتی و مەبەستێکی شەریفانەی هەبێت.

لەکاتێکدا لەنێو کتێبی پێنجەمی هەمان دیالۆگدا ڕێگا بەجەنگاوەرا ئازاکان دەدات لەبری ئازایەتیان خۆشەویستی لەگەڵ هاوڕێیانی سەربازی خۆیان بکەنن ئەو کەسانەش بەپێی یاسا دەبێت بەدرێژایی جەنگ بەرگەی ئەو جۆرە کارو ڕەفتارانەی هاوڕێ جەنگاوەرە ئازاکانیان بگرن و نابێت هەر کەسێکی کە لەگەڵیاندا ڕەزیلی بکەن بە بەخشینی ماچێك بەو جەنگاوەرانە لەکاتی جەنگدا، چونکە بەوە دەتوانین گرێنتی بدەین هەر کاتێك جەنگاوەرێك حەزی لەکچێك یا کوڕێك بوو ئازایانەترو سەرگەرمانەتر دەجەنگێت تاوەکو سەرکەوتن بەدەست بێنێت. ئەگەرچی سوقرات ئاگادارمان دەکاتەوە کە نابێت ئەو پێوەندییانە لەخۆشەویستییەکی سادەو پاك و بێگەرد تێپەڕ بکەن هەر چەندەی بەگوڕوو تینیش بێت.

ئەگەر بچینە نێو قۆناغی کۆتایی، دەبینین ئەفلاتون لەنێو دیالۆگی یاساکاندا هێرشێکی توند دەکاتە نێربازی و بەوە وەسفی دەکات کە خۆشەویستییەکی نا سروشتییەو دەڵێت:" مەبەستم خۆشەویستی نێوان گەنجانی هاو ڕەگەزە، خۆشەویستی پیاو بۆ پیاوو ژن بۆ ژن، چونکە ئەنجامی ئەو جۆرە خۆشەویستییە زۆر مەترسیدارە بەسەر تاك و شارەکاندا".

بۆیە دەبینین دێت بەدوای شێوازێکدا دەگەڕێت کە بتوانێت ئەو مەترسییە بڕەوێنێتەوەو دەڵێت:" هیچ هیوایەك نییە بۆ ئەوەی کریت و ئەسبرتە بتوانن چارەسەری ئەو ڕەوشە بکەن، چونکە هەردوو شار ڕێگا بە ئەو جۆرە پێوەندییانە دەدەن". بۆیە پێی وایە ئێمە دەبێت سەرلەنوێ کار بەو یاسایە بکەینەوە کە پێشتر لەسەردەمی لایۆس دا هەبوو و بڕیار دەدات کە هەڵەیە نێر حزی سێکسی خۆی لەگەڵ نێرێکی تردا تێر بکات وەکو ئەوەی لەگەڵ مێینەدا تێری دەکات، پێویستە لەسەرمان تەماشای غەریزەی ئاژەڵان بکەین و بوانین کە لەنێو جیهانی ئاژەڵاندا هەرگیز نێر نزیکی نێر نابێتەوە، چونکە ئەو ڕەفتارە دژ بەسروشتە.

بۆیە دێت ئاماژە بۆ ئەو کەسانە دەکات کە لەڕێگای شەهەوەتەوە ژیانی خۆیان پەرێشان کردووەو ڕۆڵی ئافرەت دەبینن لەکاتی لادانی سێکسیداو دەڵێت:" باشە خەڵك ڕەخنە لەو پیاوە ناگرن کە وەکو ئافرەت ڕەفتار دەکات و ڕۆڵی ئافرەت دەبینێت".

لەنێو دیالۆگی فیدۆرسیشدا دێت ئەو کەسەی مومارەسەی نێر بازی دەکات وا وەسفی دەکات کە بەهۆی چێژەوە ئاگای لەخۆی نەماوەو ڕەفتاری ئاژەڵانە دەکات، بۆیە نە شەرم دەکات و نە دەترسێت لەتێر کردنی چێژەکانی خۆی بەشێوەیەك ئەگەر دژی ڕەوتی سروشتیش بێت.

## سێیەم: خۆشەویستی ئەفلاتونی و ئافرەت

گووتمان هێرش و ڕەخنەی ئەفلاتون لەنێربازی و دانانی بەلادان لەسروشت، بەمانای ئەوە نایەت کە بیەوێت سێکس بگێڕێتەوە نێو ڕەوشی سروشتی خۆی لەنێوان ئافرەت و پیاودان بەڵکو تێبینی دەکرێت کە ئەفلاتون بەشێوەیەکی خراپیش باسی پێوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاویش دەکات، چونکە تەنانەت ئەو سێکسە سروشتییەش لەنێوان ژن و پیاو، لەلای ئەو دەبێت لەچوارچێوەیەکی تەسکدا بێت و هەر تەنیا بەمەستی نەوە خستنەوە بێت، بۆیە ئەو هەڵوێستەی لەگەڵ هێڵی گشتی بۆچوونە میتافیزیکییەکەی دەگونجێت کە تێیدا ڕقی لەجەستەو شەهەوەتی جەستەییە.

ئێمە دەنخواست خۆشەویستی ئەفلاتونی کە ناوو سەدای گەیشتۆتە هەموو شوێنێك ناوونیشانی جۆرێکی تایبەتی خۆشەویستی بێت لەنێوان ژن و پیاودا کە تێیدا لەهەموو پێوەندییەکی جەستەیی دابماڵرێن و بچنە نێو پێوەندییەکی ڕۆحی ئەپستراکتەوە.

دەڵێم هیواخواز بووین خۆشەویستی ئەفلاتونی بەو شێوە باڵایە بووایە لەنێوان ژن و پیاودا، بەبێ ڕچاوکردنی پێوەندی سێکسی نێوانیان، بەڵام بەداخەوە باڵابوونی هاوڕەگەزبازی و نێربازی بوو.

جۆرج ساتۆن دەڵێت:" کاتێك بیر لەخۆشەویستی ئەفلاتونی دەکەینەوەن بیرمان بۆ پێوەندییەکی ڕۆحی دەڕوات لەنێوان ژن و پیاودا، بەڵام ئەفلاتون بیری لەپێوەندی ڕۆحی نێوان پیاوو گەنجان دەکردەوە، وەکو ئەوەی پێوەندی ڕۆحی لەلای ئەو بریتی بێت لەبەرزکردنەوەی ئاستی پێوەندی نێربازی و خۆشەویستی ڕاستەقینەش لەلای ئەو وەکو ئەوەی لەنێو دیالۆگی خواندا بەدی دەکەین بریتییە لەخۆشەویستی ڕاستەقینە بۆ کوڕە گەنجە تازە پێگەیشتووەکان".

سەیر لەوەدایە بەدرێژایی هەردوو دیالۆگی تایبەت بەخۆشەویستی ـــ خوان و فیدرۆس ـــ ئەفلاتون پێی وایە خۆشەویستی بۆ ئافرەتان کارێکی حەز پێکراو نییە! کەسیش ڕەخنەی لەو ڕاڤەکردنە نییە کە هەر یەك بۆزانیاس و ئەرستۆفان لەبارەی خۆشەویستییەوە پێشکەشی دەکەن، تەنانەت سوقراتیش، کاتێك هێرش دەکەنە سەر پێوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاون یا ڕەوشی سروشتی و ڕاستەقینەی سێکسی نێوان ژن و پیاودا.

بۆزانیـاس دێـت خۆشەویسـتی دەکاتـە دوو جـۆر، مـادام دوو خواوەنـد هــەن ناویـان ئەفرۆدێتـە، یـەکێکیان ئـەو خۆشەویستییەیە کە تایبەتە بە ئەفرۆدێتی ئاسمان کە کچی ئۆرانس ـ ئاسمان ـ ە و بێ دایکو کچی گەورەیـە، لەگـەڵ ئەفرۆدێتی بچووك کچی دیۆن لەزیۆسـەوە کـە ئەفرۆدێتـە، دیـارە ئـەو جـۆرە خۆشەویسـتییەی بـۆ ئـەوەی دووەمیـان دەگێڕدرێتەوە پڕە لەخراپەکاری و سپڵەیی و پـڕی دڵ و دەروونـی خەڵکـە بەگشـتی. یـەکێك لەسـیماکانی ئـەو جـۆرە خۆشەویستییە ئەوەیە کە لەبری ئەوەی بەرەو کوڕان بـڕواتن ڕووەو ئافرەتانـە، ئـەو خۆشەویسـتییە ڕووەو جەسـتەیە نـەوەکو ڕۆحـن خۆشەویسـتییەکی هەسـتییە نـەوەکو ڕۆحـی، هـەروەها خـاوەنی ئـەو خۆشەویسـتییە هەوڵـدەدات خۆشەویستەکەی لاوازو کەم عەقڵ بێت، چونکە مەبەستی تێرکردنی شەهوەتە ئاژەڵانییەکەیەتی بەبێ ئەوەی تەماشای ئەوە بکات چۆن تێری دەکات.

ئێمە دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە ئەفلاتون لێرەدا بەیـەك چـاو تەماشـای پێوەنـدی سێکسـی نێـوان ژن و پیـاو کـە پێوەندییەکی سروشتییەو پێوەندی سێکسی نێوان پیاوو پیاو دەکات، لەکاتێکدا خۆی پێشتر وا وەسفی کردبوو گوایـە دژی سروشتە، بەڵام ئەو لێرەدا مەبەستی ئەوە نییە هێرش بکاتە سەر لادانی سێکسی، بەڵکو بەگشتی هێرش دەکاتـە سەر سێکس جا بەهەر شێوەیەك بێت!

تێبینی دەکرێت کە خۆشەویستی ئەفرۆدێتی دووەم کـە عامییـە و لـەلای هـەموو خـەڵك هەیـە، لەئـەفرۆدێتی ئاسـمانی بچووکترە لەڕووی تەمەنەوە، بۆیە لێرەدا سەرکێشی و لاساری گەنجانە بەدی دەکەین، چـونکە ئـەو خۆیشـی لـەڕێگای پێوەندی هاوڕگەزییەوە لەنێوان مێ و مێدا هاتۆتە بوون.

کەچی ئەفرۆدێتی ئاسمانی کە خاوەنی خۆشەویستییە باشەکەیە جێکەوتی ئافرەتی تێدا نییـە، بـەڵکو تـەنیا لـەڕێگای پێوەندی سێکسی نێربازییەوە هاتۆتە بوون، بۆیە گەورەترە لەڕووی تەمەنەوەو سەرکێشیش نییە، بۆیـە هـەر کەسـێك خۆشەویستی ئاسمانی بچێتە نێو دڵیەوە حەزی دەچێتە کوڕان و حەز بەژنان ناکات، چونکە بەسروشتی خۆیانەوە نێر بەهێزو زیرەکترن.

لەو دەقەدا بەڕوونی دیارە ئەفلاتون ڕقی لەهەموو پێوەندییەکی سێکسییە، بۆیە هەڵمەتی پێشووتری بۆ سەر سێکسی هاوڕەگەزی، هەڵمەتێکی گشتگیرە بۆ سەر پێوەندییە سێکسـییەکان بەگشـتی. بۆیـە دەبیـنین لـەنێو دیـالۆگی خوانـدا دەڵێت:" پیاوی فاسق حەزی دەچێتە خۆشەویستی عامی، مەبەستم خۆشەویستی جەستەییە نـەوەکو ڕۆحـن جـا ئـەو جەستەیە هی ژن بێت یا کوڕ، بۆیە ئەو کەسە لەخۆشەویستییەکەیدا دڵسۆز نییە و لەسەر بەڵێنی خۆی بەردەوام نابێتن چونکە ئەو شتەی خۆشی دەوێت خۆی جێگیر نییـە. کاتێـك جـوانی جەسـتە دەپووکێتـەوە ڕووی خۆشەویسـتییەکەی دەکاتە جەستەیەکی تر و بەڵێن و قسەکانی دەبن بەهـەڵم وەکـو ئـەوەی خـەون بووبێـت. کەچـی خۆشەویسـتی پـاك، تاوەکو لەژیاندا مابێت لەسەر خۆشەویستی خۆی بەردەوام دەبێت، چونکە ئەوەی خۆشی دەوێت هەر دەمێنێت تاوەکو ژیان ما بێت".

ئەگەر لەنێو ئەو دیالۆگەدا هەندێك بگەڕێینەوە دواوە، دەبینین ئەرستۆفان هەمان ئەو بیرۆکەیە دەخاتەوە ڕوو، بەڵام بەشێوەیەکی تر. "خواوەندەکان سەرەتا یەك بوونەوەریان دروستکرد پڕ بوو لەهێز بەجۆرێك هێرشی دەکردە سەر خواوەندەکان، ئەویش مرۆڤ بوو، بۆیە زیۆس هات ئەو مرۆڤانەی کردە دوو پارچە و دوو بەش، لەو ڕۆژەوە هەر بەش و پارچەیەك بەدوای نیوەکەی تری خۆیدا دەگەڕێت، هەر کاتێك بەیەکگەیشتن باوەش بەیەکتریدا دەکەن وەکو یەکەوەی بیانەوێت جارێکی تر یەك بگرنەوە و ببنەوە یەك بوونەوەر.

دواتر زیۆس هات ئەندامی زاوزێی لەپێشەوەدا بۆ دروستکردن تاوەکو بتوانن ئەو بوونەوەرانە نەوە بخەنەوەو لەناو نەچن و درێژە بەژیان بدەن، ئەوەش لەڕێگای پێوەندی سێکسی نێوان نێرو مێی ئەو بوونەوەرانە. بوونەوەری سەرتایی کە بەبێ ڕەگەز بوو بوونەوەرێك بوو هەردوو ڕەگەڤی لەخۆیدا کۆ کردبۆوە، بۆیە ئەو نێرانەی لەو بوونەوەرە ــ بوونەوەرە هاوبەشەکە ــ جیا بوونەوە، حەزیان بەئافرەتانەو دڵیان بۆیان لێدەدات و سەرسام دەبن پێیانەوە، هەموو مرۆڤێکی زیناکار لەو جۆرە مرۆڤانەیە. هەروەها ئەو ئافرەتانەی حەزیان بەپیاوەو پێوەندی سێکسیان لەگەڵدا دەگرن ئەوانیش هەر لەو جۆرەی سەرەوەن.

بەڵام ئەو ژنانەی لەئافرەتەکان جیا بوونەوە حەزیان بە هاوڕەگەزەکانی خۆیانەو گوێ بەپیاوان نادەن. ئەو پیاوانەش کە لەنێرەکان جیا بوونەوە ئەوانیش حەزیان لەنێرەو حەزیان بە شتی تر نییە و حەزیان بەوەیە لەپیاوان نزیك ببنەوە نەوەکو لەژنان. ئەو جۆرە لەوانەی پێشووتر زۆرتر تایبەتمەندی و سیفاتی پیاوانەیان تێدایە، لەکاتێکدا هەندێك کەس بە گەمژەو کەم عەقڵ ناویان دەبەن، ئەوەش ڕایەکی زۆر هەڵەیە، چونکە ئەو سیفاتانەیە پاڵیان پێوە دەنێت کار بکەن و ڕۆحی سەرکێشیان تێدا دروست دەکات و پیاوەتییان بەهێز دەکات، ئەوانە پیاوەتیان بەهێزە بۆیە پەنا دەبەنە بەر ڕەگەزی خۆیان و لەپەنای هاوڕێیەتیدا چاویان لەوە نییە دەسکەت و سامانیان دەسبکەوێت، کەسیش ناتوانێت بڵێت تەنیا زمانی سێکسی دەتوانێت خۆشبەختی بۆ مرۆڤ بەدی بێنێت. خۆشەویست دەیەوێت لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا ببێتە یەك و هەردووکیان ببنە یەك کەس.

بەڵام سوقرات کاتێك لەدوای هەموو ئەوانەی قسە دەکات، دێت هەمان تیۆری ئەفلاتون لەبارەی خۆشەویستی دەخاتە ڕوو، بەگشتیش لەگەڵ هەموو ڕاڵو بۆچوونەکانی پێشوتر کۆکەو ئەوە دەگێڕێتەوە کە جارێکیان ئافرەتێك ناوی دیمۆتیمایە ئەوەی بۆ گێڕاوەتەوە کە چۆن خۆشەویستی لەدایکبووەو لەنێو سکی دایکیدا ئەفرۆدێت هەڵگیراوە تاوەکو لەدایکبووەو شەوقێکی زۆر دایگرتووە بۆ جوانی، مادام حیکمەتیش جوانە، ئەوە خۆشەویستیش بریتییە لەخۆشویستنی حیکمەت، چونکە نێوەندە لەنێوان حیکمەت و نەزانیدا، چونکە باوکی کەسێکی حەکیم و زیرەك بووەو دایکیشی نەزان و نەدار، ئەوەش بەگشتی بریتییە لەئارەزووی موڵکدارێتیکردنی بەردەوامی خێر، بۆیە ئەو بەردەوام حەز بەنەمری دەکات، ئەوەش وا دەخوازێت مە خۆشەویستی دەبێت ببێتە خۆشەویستی نەمری وەکو چۆن خۆشەویستی خێرە.

نزمترین وێنەی خۆشویستنی نەمری لەلای ئاژەڵان بەدی دەکەین لەمیانەی حەزی نەمری و درێژەدانی غەریزەیی بەژیان و بەچکە خستنەوە، چونکە سروشتی کەسی زایەندکارو سۆزانی وایە کە حەز دەکات نەوە بخاتەوە تاوەکو نەمری بەدەست بێنێت، چونکە تەنیا لەڕێگای لەدایکبوونەوە جێگای کەسێکی کۆچکردوو پڕ دەبێتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەوە وێنەی هەرە نزمی خۆشویستنی خۆشەویستی بێت کە ئەویش منداڵ بوونە، ئەوە وێنەیەکی بالاتر هەیە تێیدا منداڵی بالاترو جوانتر لەمرۆڤ بەرهەم بێت، بێگومان خەڵکیش حەزیان بەو جۆرە منداڵانەیە. کێ حەسوودی بەهۆمیرۆس و هزیۆد نابات کە دوو شاعیری نێر بوون و منداڵیان بۆ جێهێشتین؟ بۆ نموونە، تەماشای لیکجۆرسی یاسادانەر بکە و بزانی چی بۆ منداڵانی ئەسبرتە جێهێشتووە، ئەوە هەر تەنیا لەبەرژەوەندی ئەسبرتەدا نییەن بەڵکو لەبەرژەوەندی هەموو یۆناندایە.

ئێوەش ئەی ئەسینایییەکان، باشە لەبەر ئەو یاسایانە نییە کە جێی هێشتووە سۆلۆنتان خۆش دەوێت؟ ئەوە لەبارەی هەموو کەسێکی یۆنانی و نا یۆنانیش ڕاستە کە جێکەوتی مەزن و گرنگیان لەدوای خۆیاندا جێهێشتووەو مرۆ لەبەر ئەو کارانەی کە وەکو جێهێشتنی منداڵی ڕۆحییە ڕێزیان دەگرن، ئەوەش شتێکە هەرگیز مرۆڤێك بەهۆی ئەو منداڵانەوە بەدەستی نەهێناوە کە لەخوێن و گۆشتی خۆین.

باشە با گریمانی ئەوە بکەین من دەمەوێت فێری ئەو خۆشەویستییە ئایدیالییەی ئەفلاتون بم ـــ خۆشویستنی جوانی، چۆن دەتوانم بەسەر ئەو ڕێگایە نەمرەدا سەر بکەوم؟

" ئەگەر دەتەوێت فێری سەرکەوتن بیت بەسەر ئەو ڕێگا نەمرەدا، پێویستە سەرتا لەگەنجێتیدا بەجوانی مادییەوە دەست پێبکەیت، جوانی جەستەیی دواتریش بچیتە قۆناغێکی بالاتر کە تێیدا بتوانیت ڕێزی جوانی ڕۆحی بگریت و لەجوانی جەستەیی جیا بکەیتەوە. دواتر لەو جوانییانە ڕابمێنیت کە لەنێو کارو سیستەمە جیاوازەکاندا بەرجەستە دەبێت، ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێت کە جوانی مادی چەندە پووچە بە بەراورد لەگەڵ جوانی ڕۆحیدا".

کەواتە من ڕێگاکەم دۆزییەوە، سەرەتا بەجوانی جەستەیی دەست پێبکەمن دواتر هەنگاو هەنگاو بچمە سەرەوە تاوەکو دەگەمە جوانی ئەبەدی کە گەندەڵی و مردن و لەناو چوون و لەدایکبوون نازانێت، بەڵام باشە سەرەتا بەچ جەستەیەك و بەجەستەی کێ دەست پێبکەم؟ ئایا ئەوە جەستەی ئافرەتە؟ ڕەنگە خۆی ئەوە کارە سروشتی و ڕاستەکە بێت، بەڵام ئەفلاتون ڕایەکی تری هەیە" کاتێك مرۆڤ درك بەو جوانییە بالایە دەکات و لەجیهانی هەستییەوە دەست پێدەکات بەخۆشەویستی کوڕە گەنج و جوانەکانەوە، ئەوە لەمەبەستەکەی خۆی نزیك دەبێتن ئەوەش ڕێگای ڕاستە بۆ گەیشتن بەنهێنییەکانی خۆشەویستی".

کەواتە بەڕای سوقرات ئەوەی دەیەوێت بەڕێگای ڕاستدا بڕوات، پێویستە لەسەری هەر لەبچووکییەوە لەجوانی مرۆڤانە ڕابمێنێت، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستیش بەو ڕێگایەدا بڕوات و نەکەوێتە هەڵەوە، ئەوە سەرەتا کوڕێکی گەنج و جوانی خۆش دەوێت. بەڵام کاتێك کاتێك بەسەر مەسەلە زەمینییەکاندا بەرز دەبێتەوە، ئەو کاتە گوێ بەزێڕو جلی جوان و کوڕی گەنج نادات.

ئەو تێبینییەی پێویستی بەڕامان وەستان هەیە لەنێو خۆشەویستی ئەفلاتونیدان ئەوەیە کە هاوڕەگەزبازی دەست پێدەکات، یا ڕاستتر بڵێین بەنێربازی، وەکو ئەوەی کە نموونەی خۆشەویستییەکی هەستی و جەستەیی بێت کە پێویستە دواتر دەسبەرداری بێت، چونکە "دژە سروشتە و لەپلەو پایەی پیاو کەم دەکاتەوەو دایدەبەزێنێتە ئاستی ژنان".

بەڵام پیاو لەو مومارەسە لادەرو نا سروشتییەوە نایەتە سەر مومارەسەیەکی سروشتی، مەبەستم سێکی ڕگەزەکەی تره، یا پێوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاوە، بەڵکو دەچێتە نێو قۆناغی خۆشەویستی ڕاستەقینە کە بریتییە لە"خۆشەویستی نێر بۆ نێر"، بەڵام لەڕێگای ڕۆحەوە نەوەکو جەستەییەوە، ئەوەش خۆشەویستییەکە منداڵی ڕۆحی لێدەکەوێتەوەو نەوەکو مادی، هەر ئەوەش نەمری ڕاستەقینەیە، چونکە بەرهەمهێنانی منداڵ لەمرۆڤ بەرهەمهێنانێکی مادییەو لەڕووی بەهاوە کەمترە لەبەرهەمی ڕۆحی. ئەوەی پێویستە باش تێبگەین ئەوەیە کە باڵابوونی سێکسی و .. تاد، تەنیاو تەنیا باڵابوونە بەهاوڕەگەزبازی سێکسی.

ئێمە ئەگەر ئەو بۆچوونەی ئەفلاتونمان لەبارەی هاوڕەگەزبازی لەپاڵ ئەو بۆچوونەی خۆی دانا کە پێی وایە سێکس لەدواوە دژی سروشتەو لەبەهای مرۆڤایەتی مرۆڤ کەم دەکاتەوەو دەیگەیەنێتە ئاستی ئاژەڵان، ئەوە لەزۆر بۆچوونی تری تێدەگەین لەبارەی ئەسڵی ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت لایەنی جەستەیی لەخۆشەویستیدا دەبێت ببەزێنرێت تاوەکو بتوانین بگەینە بابەتی ڕاستەقینەی خۆشەویستی کە بریتییە بیرۆکەی جوانی خۆی، بەو شێوەیە بە ئاسانی لەو تیۆرەی ئەفلاتون تێدەگەین لەبارەی خۆشەویستی کە بەشێکی زۆری بریتییە لەباڵاکردنی پاڵنەرە حەز پێنەکراوەکان".

مەبەستم باڵاکردنی هاوڕەگەزبازییە، نەوەکو سێکسی ڕەگەزی جیاواز وەکو شێوازێکی سروشتی ئەلتەرناتیف، سوقرات دەڵێت:" کەسانێك هەن غەریزەی سێکسیان ڕووەو ئافرەتەو هەر سەرقاڵی ئەوانن و خۆشەویستییەکەیان تەواو سێکسییانەیەو پێیان وایە لەڕێگای منداڵ بوونەوە نەمری بۆ خۆیان بەدەست دێنن. لەکاتێکدا کەسانیتر هەن غەریزەیان ڕۆحییانەیەو خەون بەڕۆحەوە دەبینن نەوەکو جەستەو نەوەیەك بەرهەم دێنن کە حیکمەت و چاکەکارییە". ئاوسبوونی ڕۆحی لەلای پیاو باڵاترە لەئاوسبوونی جەستەیی لەلای ژن، بۆیە دەبینین سوقرات لەنێو دیالۆگی تتیاتۆس دا شانازی بەوە دەکات کە ئەو پیاو بەرهەم دێنێت و دروست دەکات و دەڵێت:" من پیاو بەرهەم دێنم و دروست دەکەم نەوەکو ژن، من کار لەسەر دەروون دەکەم نەوەکو جەستە. تایبەتمەندی ئەو هونەرەی من مومارەسەی دەکەم لەوەدایە کە توانای سەرلماندنی جۆرێك لەبیر کردنەوەی هەیە کە ئەنجامی گەنجێتییە، ئایا ئەوە تارمایی و وەهمە، یا بەروو بوومی ڕاستەقینەی ژیانە".

سوقرات لێرەدا شانازی بەوە دەکات کە لەو ئافرەت مامانانە باڵاترە کە هەندێکجار ناتوانن ئاوسبوونی ڕاستەقینەو درۆزنانە لەیەکتری جیا بکەنەوە لەلای ژنان! بەو شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە تیۆری ئەفلاتونی بۆ خۆشەویستی بەجارێك ئافرەت دوور دەخاتەوە، ئەو نە لەسەرتادا بوونی هەیە کە هێشتا عەشق تایبەتە بەجەستە، نە لەکۆتاییدا

بوونی هەیە کە دەبێتە عەشقێکی ڕۆحی. سەرتا کوڕە گەنج و جوانەکان هەن و لەکۆتاییشدا پیاو دەگاتە عەشقی ڕۆحی.

ڕاڤەکارو بیریاران هەر یەکەو بەجۆرێك ئەو هەڵوێستە سەیرەی ئەفلاتون ڕاڤە دەکەن، ڕەنگە لەهەموویالن گرنگتر بۆچوونەکەی جۆرج ڤلاستۆس بێت کە پێی وایە ئەفلاتون خۆی نێربازی کردووەو هەڵمەتەکەشی لەدژی نێربازی گوایە دژ بەسروشتە، یا لەپیاوەتی پیاو کەم دەکاتەوە، جۆرێکە لەهەستکردن بەتاوان و پەشیمان بوونەوە لەو تاوانە.

کەچی جۆرج سارتۆن دەڵێت:" ئەو قسانەی ئەفلاتون مانای وانییە کە ئەو بەڕاستی نێربازی کردووە، بەڵام پێدەچێت ئەو بەڕاستی دووچاری لادانی سێکسی هاتبێت، هەرگیز ژنی نەهێناوە، بۆیە کاتێك باس لەپێوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاو دەکات، قسەکانی داماڵراوە لەهەموو سۆزێك، بەڵام هەستە ناسکەکانی خۆی بۆ پێوەندی لادەرانەی ڕەگەزەکەی خۆی هەڵدەگرێت. ئەفلاتون یەکێك بووە لەوانەی ڕقی لەژن بۆتەوەن ئەوەش بەڕوونی لەنێو دەقی نووسینەکانیدا دیارە". هەنێکی تریش پێیان وایە ئەفلاتون هەرگیز زەواجی نەکردووە، چونکە نووسینەکانی پیشانی دەدەن کە هەرگیز حەزو ئارەزووی بۆ ئافرەتان نەبزواوە.

ئەگەر لەنێو ژیانی ئەفلاتوندا کۆمەڵێك فاکتەر هەبوو بێت وایکردبێت لەسەرەتادا چاوپۆشی لەهاوڕەگەزبازی بکاتن بەڵام لەکۆتاییدا میتافیزیکاکەی سەرکەوت کە لەسەر ڕۆح دامەزراوە بەوەی حەقیقەتێکی شاراوەیە لەنێو جیهانێکی تایبەت و جیاواز لەو جیهانە هەستییە گۆڕاوە، ئێمە پێی ناگەین تەنیا لەڕێگای ڕۆحەوە نەبێت، چونکە وەکو ئەوەی هێگل پێی وایە تەنیا ڕۆح دەزانێت چۆن پێی دەگات.

ئەگەر چووینە سەرەوە جیهانێکی عەقڵی پەتی جێگیر دەدۆزینەوە کە خراپەکاری نازانێت. لەکۆتاییدا ئەو بۆچوونە میتافیزکییە سەرکەوت و خۆی قایمکردو بووە هۆی ئەوەی وای لێبکات هێرشێکی توند بکاتە سەر هاوڕەگەزبازی و پێوەندی سێکسی تەنیا لەنێوان ژن و پیاودا جێگیر بکات و لەسنوورێکی زۆر تەسکیشدا کە تەنیا بریتییە لەبەرهەمهێنانی منداڵ و نەوە خستنەوە تاوەکو ڕەگەزی مرۆڤ لەناو نەچێت.

ڕەنگە بگووترێت باشە ئەگەر ئەفلاتون ڕقی لەهەموو جۆرە پێوەندییەکی سێکسی بۆتەوە بۆیە پێوەندی سێکسی هاوڕەگەزبازی قەدەغە کردووەم باشە بۆچی ئەو قەدەغە کردنە دەگاتە پێوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاو؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ڕەنگە ناچار بین هەندێك بگەڕێینەوە دواوە بۆ بیرۆکەی گشتی ئەفلاتون لەبارەی مادە کە بێگومان ئەو ڕقی لەمادە بۆتەوەو وا وەسفی دەکات وەکو ئەوەی توخمێکی شەڕانگێز بێت.

کەواتە ئاساییە ئەو ڕقەی دوور بڕوات و بگاتە جەستەش وەکو توخمێکی مادی، بەو شێوەیە جەستە لەلای ئەفلاتون بوو بەشەڕانگێزییەکی دووانەیی، لەلایەك شێوازێکە بۆ شێواندنی حەقیقەت، لەلایەکی تریشەوە سەرچاوەی شەهوەتە. بێگومان ئەفلاتونیش مەبەستییەتی خۆی لەجەستەو هەموو پێداویستییە سروشتییەکانی دەرباز بکات، ئەو گەرەکیەتی خۆی لەجەستە دەرباز بکات تاوەکو بگەڕێتەوە بۆ ڕۆح.

ئێمە لێرەدا دەتوانین کۆمەڵێك دەقی قسەکانی ئەفلاتون بێنینەوە کە لەبارەی ڕق و دژایەتی جەستەوە کردوویەتی، خودی دیالۆگی فیدۆن پڕییەتی لەو جۆرە دەق و نموونانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەفلاتون ڕێگا بەفەلسەفەکار نادات خۆی بکوژێت و دەڵێت:" ئەگەرچی مرۆڤ زیندانی جەستەکەیەتی، بەڵام مافی ئەوەی نییە دەرگا بەسەر زیندانەکەیدا بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕا بکات". مرۆڤ بۆخۆی ئەو جەستەیەی بەخۆی نەبەخشیوە تاوەکو مافی ئەوەی هەبێت لەخۆی دابماڵێت، ئەوە خوایە ئەوی دروستکردووەو ئەو بۆی نییە بەخۆی خۆی تێك بشکێنێت" ئێمە موڵکی خواوەندەکانین".
کەواتە فەلسەفەکار دەبێت نان و ئاو بخوات بۆ ئەوەی زیندوو بێت، بەڵام کەترین پێداویستی دەخوات و دەخواتەوە بەجۆرێك وا لەجەستە دەکات هەر ئەوەتە بمێنێت و ناهێڵێت خۆشی بکوژێت، ئەوەی لەبارەی تاکە کەسەوە دەگووترێت هەر هەمان شتیش بۆ جۆرەکانی تر هەر ڕاستە.
خۆ بێبەشکردن لەسێکس جۆرێکە لەجۆرەکانی خۆ کوژی ڕەگەزی، بۆیە تاوەکو مرۆڤ بمێنێتەوە دەبێت بخوات و بخواتەوەن بەو شێوەیەش بۆ ئەوەی ڕەگەز بمێنێتەوە دەبێت سێکس بکات و مرۆڤی تازە بەرهەم بێنێت، بەوەش لەڕێگای منداڵ بوونەوە نەمری بەشدار دەبێت لەنەمریدا.
ئاژەڵیش هەر وا دەکات و لەڕێگای خۆشەویستی سێکسییەوە کحە دەبێتە هۆی زاوزێ بەچکەیەکی تازە دێنێتە شوێنێکی یەکێکی مردوو، بەو شێوەیە ڕەگەزی مرۆڤ و ئاژەڵ دەتوانن درێژە بەژیانی خۆیان بدەن. بۆیە ئێمە نابێت سەرسام بین کاتێك ئەفلاتون بەشێوەیەکی داماڵراو لەهەست و سۆز قسە لەبارەی کرداری سێکسی نێوان ژن و پیاو دەکات، چونکە لەڕوانگەی ئەوەوە کردەیەکە هەر تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ و پاراستنی ڕەگەزە.

## کۆتایی:

لەهەموو ئەوانە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەفلاتون نەیتوانیوە لەو کولتوورە یۆنانییە دەربازی بێت کە لەناوەوەدا هەڵگری دژایەتیکردن و ڕق لێبوونەوەیە لەئافرەتن بۆیە ڕاست نییە کاتێك دەگووترێت گوایە ئەو یەکەم کەس بووە بانگەشەی ئازادی ئافرەتی کردووە، یا یەکەم کەس بووە داوای یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزی کردووەو پەیامبەری مافەکانی ژنان بووە لەنێو جیهانی کۆندا.
ئێمە ئەوەشمن بینی کە چەندە قسەکانی لەنێو کۆماردا فریودەرو خەڵەتێنەرەو مەبەستی تەواوی نییە، بەڵکو ئەنجامی ئیلغاکردنەوەی بوونی ئافرەتە لەنێو کۆمەڵگادا کە ئەوەش ئەنجامی ئیلغاکردنەوەی موڵکداریێتی تایبەت و نەمانی خێزان بووە، بۆیە لەحاڵەتێکی ئاواشدا ڕۆڵی کلاسیکی ئافرەتیش لەنێو خێزاندا نامێنێت و ون دەبێت، چونکە خۆی خێزان نەماوە، بۆیە ئەفلاتون چی لەبەردەستدا نەمایەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە بیکاتە پیاو تاوەکو لەگەڵ ئەو بنەما پەروەردەییانەدا بگونجێت کە بۆخۆی وەکو فرمانی هەر کەسێك سەپاندوویەتی.
لەکاتێکدا ئەگەر لەنێو دیالۆگی کۆماریشدا ماڵ هەبوو کە تایبەتە بۆ ئەو کەسانەی لەنێو چینی هەرە نزم و هەژاری شاردا دەژین، ئەوە ڕۆڵی ئافرەت هەر تەنیا بەڕێوەبردنی کاری ناوماڵە. خۆ ئەگەر مەسەلەکە ئازادکردنی ئافرەت بێت،

ئەوە هەرگیز نەدەبووایە ئەفلاتون لەبەرانبەر ڕەوشی ژنانی چینە هەرە نزمەکاندا بێدەنگ بێت، بەتایبەتیش ئەگەر زانیمان وەکو ئەوەی سارتۆن دەڵێت کە ئەو چینە نزمە نزیکەی لەسەدا هەشتای کۆی دانیشتوان پێکدێنێت.

بەڵگەشمان لەسەر ڕاستی ئەو بیرۆکەیەی لێرەدا دەیخەینە ڕوو ئەوەیە کاتێك موڵکداریتی تایبەت گەڕایەوە نێو کۆمەڵگا، لەگەڵیدا خێزان جارێکی تر هاتەوە بوون و ڕۆڵی ئافرەتیش لەنێو ژیانی سیاسیدا ون بۆوە، ئەو نە ئەندامی پاسەوانانی یاسا بووە و نە ڕۆڵی هەبووە لەبەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانی دەوڵەتداو نە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بووە، بەڵکو هەر ئەوەندەیە ڕۆڵی سەرپەرشتیکردنی زەواجی هەبووە، ئەوەش تەنیا بۆ هەندێك لەپیرەژنەکانی ئەسینا بووە!

بەو شێوەیە دەبینین جیاوازی ڕەگەزی دەگەڕێتەوە نێوان هەردوو ڕەگەز لەبواری پەروەردەی بەدەنی و سەربازی کە ئارەزوومەندانە بووە بۆ ئەو کەسانەی تەمەنیان لەسەرووی پەنجا ساڵییەوە بوو. تەنانەت مۆسیقاش لەنێو کۆمەڵگای یۆنانیدا دەبێتە دوو جۆرن مۆسیقای پیاوانەو مۆسیقای ژنانە.

لووتکەی جیاوازی ڕەگەزی لەنێو تاك زەواجیدا دەردەکەوێت کە بنەمای پێکهێنانی خێزانەن لێرەدا دەسەڵاتەکانی باوك بێ سنوورەو ئافرەت بەهیچ شێوەیەك ڕاو بۆچوونی نییە لەبارەی زەواج و مافی میراتیشی نییە، بۆیە ئەفلاتون دێت بەدوای وەسییەکدا دەگەڕێت، یا مێردێك لەنێو منداڵەکانی نەوەکاندا، واتا لەدەرەوەی شار تاوەکو ئەو کچە بخوازێت و مافی میراتی هەبێتن لێرەدا گرنگ ئەوەیە پیاو بێت.

کاتێکیش دەگەینە خۆشەویستی ئەفلاتونی گە ناوو بانگێکی زۆری هەیە، دەبینین ئەو مەسەلەیە هیچ پێوەندی بەئافرەتەوە نییەن بەڵکو ئەوە بەخۆشەویستی جەستەیی نێوان پیاوان دەست پێدەکات و بەخۆشەویستی ڕۆحی نێوان پیاوانیش کۆتایی دێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك خۆشەویستی ڕۆحی نێوان ژن و پیاو نادۆزینەوە! ئەویش کاتێك هێرش دەکاتە سەر هاوڕەگەزبازی، مەبەستی ئەوە نەبووە ئیەو هەڵمەتە لەپێناو گۆڕینی هاوڕەگەزی بێت بۆ ڕەگەزی جیاواز، چونکە ئەو خۆی ڕقی لەهەموو جۆرە پێوەندییەکی سێکسی بۆتەوەو پێی وایە پێوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاو تەنیا دەبێت لەپێناو پاراستنی نەوەی مرۆڤدا بێت.

ئەوە وێنەی ئافرەتە لەنێو دیالۆگە سیاسییە مەزنەکانی (کۆمار و یاساکان)، دواتریش لەنێو (خوان و فیدرۆس)دا، بەڵام بەگشتی ئەوە ئەو وێنەیەیە کە لەنێو هەموو دیالۆگەکانیدا ئامادەیی هەیەو ڕەنگە لێرەو لەوێدا هەندێك قسەی تر بەدی بکەینن بەڵام بەگشتی پابەندە بەکولتووری پیاو سالارانەی یۆنانی و نەیتوانیوە ئەو کولتوورە ببەزێنێت.

بۆ نموونە، ئەو لەکۆتاییەکانی ژیانی خۆیدا لەنێو دیالۆگی (تیماوس)دا کاتێك باسی چۆنییەتی ئافرێدەکردنی ئافرەت دەکات دەڵێت:" سروشتی مرۆڤایەتی دوو جۆرە، ڕەگەزێکی باڵا کە لەمەودوا ناوی دەنێین پیاو". کەواتە ئەی باشە ئافرەت لەکوێدا پەیدا بووەو چۆن هاتۆتە بوون وەکو ئەوەی سیمۆن دی بۆڤوار دەپرسێت، لە"پیاو"، بەڵام لەهەر پیاوێك نا، بەڵکو ئەفلاتون لەنێو ئەو دیالۆگەدا ئاماژە بۆ بەشێك لەپیاوان دەکات، "ئەو پیاوانەی کە توانیویانە کۆنترۆڵی شەهەوەت و حەزەکانی خۆیان بکەن و بەشێوەیەکی چاکەکارانە لەسەر زەویدا ژیاون و دواتریش دەگەڕێنەوە

سەرەوە بۆ لای ئەستێرە ئەسڵییەکەی خۆیان، ئەوانە دەردەچن و ڕزگاریان دەبێت، بەڵام ئەو پیاوانەی دەبنە دیلی دەستی حەزوو ئارەزوو و شەهوەتەکەی خۆیان و بەشێوەیەکی شەڕانگێزو خراپەکارانە ژیان، ئەوە لەکاتی لەدایکبوونی دووەمیاندا دەبنەوە ئافرەت و لەسەر شێوەی ئەوان لەگایك دەبنەوە. خۆ ئەگەر هەر لەخراپەکاری بەردەوام بوون، ئەوە ئەوجارەیان کاتێك بۆ سێیەم جار لەدایك دەبنەوە، دەچنە سەر شێوەی ئاژەڵێك کە نزیکە لەسروشتی ئەو خراپەکارییەی لێیەوە هاتوون".

بەپێی بۆچوونەکانی ئەفلاتون ئافرەت بەو شێوەیە ئافرێدەکراوە، سەرەتا پیاو بووە، دواتریش لەپیاوە خراپەکارەکانەوە ئافرەت دێتە بوون، تەنانەت ئەفلاتون ئەو بۆچوونەشی نەبووە کە لەنێو تەواتدا هەبوو کە گوایە ئافرەت لەپەراسووی چەپی پیاوەوە ئافرێدەکراوە کاتێك خەوتووە، بەڵکو پێی وایە دەبێت ئەو پیاوەی ئافرەتی لێ ئافرێدەدەکرێت، پیاوێکی خراپ و شەڕانگێز بێت و لەنێو دونیادا حاڵی باش نابێت و وەکو سزایەك دەکرێتە ئافرەت.

دواتر ئەفلاتون لەنێو هەمان دیالۆگدا جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە کە لەبارەی ئافرێدەبوونی ئافرەتەوە هەیەتی و دەڵێت:" ئەو پیاوانەی کە لەسەر ئەو زەوییەدا دێنە بوون، ترسنۆکەکانیان یا ئەوانەی ژیانێکی پڕ لەخراپەکاری و گەندەڵی و شەڕانگێزی دەژین ڕەنگە کارێکی ماقووڵ بێت ئەگەر لەنێو ژیانی دووەمیاندا بکرێنە ژن، هەر بۆیەش خواوەندەکان دوای ئەو کاتە مەسەلەی سێکس و جوتبوونیان هێناوەتە ئاراوە".

ڕەنگە کەسانێك هەبن و ڕەخنە بگرن و پێیان وابێت دیالۆگی (تیماوس) وێنەیەکی شیعرییەو ئەفلاتون زۆرتر لێرەدا لەژێر کاریگەری هزیۆد بووە لەبارەی کارو ڕۆژگارو ئافرێدەکردنی ئافرەتەوە، بەڵام ئێمەش پێیان دەڵێین کە ئەفلاتون لەنێو زۆر لەدیالۆگەکانیدا وا وێنای ئافرەت دەکات وەکو ئەوەی لەسروشتی خۆیدا لەپیاو کەمتر بێت.

بۆ نموونە، لەکۆتایی دیالۆگی یاساکاندا باسی ئەو پیاوە ترسنۆکانە دەکات کە لەنێو بەرەکانی جەنگدا ڕادەکەن و چەکەکانیان فڕێدەدەنن باشە دەبێت سزاکەیان چۆن و چی بێت؟ با گوێبگرین بزانین چی دەڵێت:" باشە چ سزایەك گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی چەکەکانیان فڕیدەدەن لەبری ئەوەی بەرگری بکەن؟ کولتووری ئێمە بۆمان دەگێڕێتەوە کە کچێك هەبووە بەناوی (کاینۆس) و خەڵکی تسالیا بووە و خواوەند لەژنەوە کردبووی بەپیاو، بەڵام ئێمە ئێستا ناتوانین جارێکی تر ئەو موعجیزەیە دووبارە بکەینەوە، مەبەستم کردەی گۆڕینی ژنە بۆ پیاو، خۆ ئەگەر پێچەوانەی ئەو کارەش بکرێت، مەبەستم ئەوەیە پیاو بکەین بەژن، ئەوە ڕەنگە باشترین و گونجاوترین سزا بێت بەسەر ئەو پیاوانەدا بسەپێنرێت کە لەنێو بەرەکانی جەنگدا چەکەکانیان فڕێدەدەن.

بەڵام ئەوە کارێکی ئەستەمە، بۆیە پێویستە یاسایەك دابنێین هەرچەندەی بکرێت لەو چارەسەرییە نزیك بێت، هەر کەسێك بەو ڕادەیە ژیانی خۆی خۆش دەوێت، هەرگیز تاوەکو ژیانی ماوە نایخەینەوە نێو مەترسی جەنگ و تاوەکو لەژیاندا ماوە دەبێت لەنێو سەرشۆڕی و ئابڕوو چووندا بژی".

لەکۆتاییدا، ئەوانەی دەیانگووت گوایە ئەفلاتون پاڵپشتی ئافرەتان بووە، ناتوانن ئەوە لەبیرە خۆیان بەرنەوە کە ئەفلاتون بەردەوام ئافرەتی لەڕیزی منداڵ و ئاژەڵ و خەڵکانی کەم عەقڵ داناوەو بەردەوام قسەی لەبارەی شتی ژنانەو

شێوازی ژنانەو جلی ژنانەو .. تاد زۆر بەشێوەی ناشیرین و سووك تەماشا كردووە! بگرە ڕقی لەشێوازی هاوڕەگەزبازی و نێر بازیش هەر لەبەر گێڕانی ڕۆڵی ژنانەی پیاوان بووە لەو مومارەسەیەدا. جگە لەوانەش، لەنێو هەموو دیالۆگەكانیدا كەسایەتییەكی ژنانە بەدی ناكەین، تەنانەت لەنێو ئەو دیالۆگانەش كە تایبەتن بەخۆشەویستی.

جۆرج ساتۆن باسی وێنەیەكی زۆر نا مرۆڤانە دەكات كاتێك تێیدا ئەفلاتون وا وێنای ئەكزانتیبی خێزانی سوقرات دەكات كاتێك سوقرات لەدوا ڕۆژەكانی ژیانیدایەو بەرەو پیری مەرگ هەنگاو دەنێت، خێزانەكەی منداڵەكانی لەباوەش گرتووەو لەدوای سوقراتەوە ڕادەكات، دەبینین سوقرات بەبێ ئەوەی گوێ بداتە هەست و نەستی خێزانەكەی، ڕوو دەكاتە ئەقریتۆن و پێی دەڵێت:" با یەكێك بیباتەوە ماڵەوە". سارتۆن لەبارەی ئەو دیمەنەوە دەڵێت:" ئەگەر ئەو قسەیەی كە زینۆفۆن لەنێو یادەوەرییەكانی خۆیدا باسی لێوە دەكات گوایە ئەفلاتون قسەیەكی زۆر ناخۆشی كردووە لەو حاڵەتەدا، دەبینیت دیمەنەكە وا وەسف دەكات كە ئەفلاتون ڕقی لەئافرەتانە بەگشتی".

بەڵام، باشە ناكرێت هیچ جۆرە هاوسۆزییەك لەلایەن ئەفلاتونەوە بەرانبەر بە ئافرەت بەدی بكەین؟ ڕاستە ئەو زەواجی نەكردووەو نەزانراویشە كە هیچ جۆرە مەیل و ئارەزوویێكی بۆ ژنان هەبوو بێت و نەمانبیستووە هیچ ئافرەتێك لەنێو ژیانیدا بوونی هەبوو بێت و .. تاد. بەڵام، باشە ئەی مەدحی سافۆی ژنە شاعیر ناكات؟ كە سوقرات بە ئافرەتێكی جوان ناوی دەبات، هەروەها ئەفلاتون خۆیشی شیعرێكی حەماسی بۆ نووسیوەو تێیدا دەڵێت:" دەبێژن خواوەندەكانی هونەر ژمارەیان نۆ دانەیە، ئای كە گەمژەن، با بزانن كە سافۆی لسیبۆسی خواوەندی دەیەمە".

من هیچ قسەیەكەم كاتێك ئەو لێكۆڵینەوەیە تەواو دەكەم، تەنیا ئەوە نەبێت بڵێم كە سافۆ ئەو قسانەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت كە لەبارەی ئافرەتی بێگانەوە خستمانە ڕوو، ڕەنگە لەهەمووشی گرنگتر ئەوە بێت كە بەدانپێدانانی هەموو ئەوانەی شتیان لەبارەیەوە نووسیوە، ژنێكی پیاوانە بووە، چونكە سەرەڕای ئەوەی كە خێزانداریش بووەن بەڵام ئەوەندە شیعرەی كە بۆمان ماوەتەوە، تەنانەت یەك دانەشی بۆ مێردەكەی نەنووسراوە، ئەگەرچی دیارە هۆنراوەی زۆری لەبارەی كچە جوانەكانی هاوڕێی خۆی نووسیوەو گرووپێكی پێكهێنابوو لەكچان و پێوەندی خۆشەویستی گەرموگوڕی لەگەڵیاندا هەبووەو زۆرجار بەسەرسوڕمانەوە گوتوویەتی بۆ دەبێت پێوەندی سێكسی ئافرەتان هەر تەنیا لەگەڵ پیاوان بێت؟

بۆیە دەبینین پێوەندییەكی خۆشەویستی و سێكسی گەرمی لەگەڵ كچانی هاوڕێی خۆی هەبووەو لەنێو شیعرەكانیشیدا ئاماژەی بەو هەستو سۆزەی خۆی داوە، تەنانەت باسی ئەوەش دەكات كاتێك تەماشای چاوی كچەكان دەكات لەخۆشیانا هەڵدەلەرزێت و بەیەكێكیان دەڵێت:" ئەتیس زۆر لەمێژە خۆشتم دەوێت، لەوكاتەوەی كە مێینەیی من هەموو گوڵ بوو".

جگە لەوەش، پێدەچێت سافۆ زۆر جوان نەبووبێت و وەسفەكەی سوقراتیش زۆرتر گوزارشت بووە لەزیرەكی شاعیرییەتەكەی، چونكە گوڵدانێكی سەدەی چوارەمی پێش زایینی دۆزراوەتەوەو وێنەیەكی سافۆی لەسەر نەخشێنراوە لەگەڵ شاعیرێكی تری هاوسەردەمی خۆی بەناوی ئەلكایۆس كە هەندێك لەسافۆی درێژتر بووە، لەو

وێنەیەدا سافۆ دەمووچاوێکی نێرانەی هەیەو کەمێك تێڕامانی دەوێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بڕوا بەوە بکات کە ئەو ڕوخسارەی ئافرەتە، خوێنەریش بۆخۆی سەرپشکە لەوەی چۆن تەماشای ئەو مەسەلەیە دەکات.

Platon

Azhin Abdulkhalek